RÛDAW
رووداو
ژمارە (461) دووشەممە 2017/6/12 - 22ی جۆزەردان 2717 (750) دینار



## نیوەی ئەنجوومەنەکەی پەکەکە بوونە حەشدی شەعبی

**رووداو – دهۆک**

پارتی کرێکارانی کوردستان ستافێکی تازە بۆ ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال دادەنێ، دوای ئەوەی نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە، پەیوەندیان بە حەشدی شەعبییەوە کرد.

دوای ئۆپەراسیۆنەکەی حەشدی شەعبی بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی کوردی ئێزدی لە باشووری شنگال کە لە بن دەستی داعشدا مابوون، ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێزدی پەیوەندیان بە حەشدی شەعبییەوە کرد.

خودێدا جوکو کە بەرپرسیارێتی لە کەتائیبی ئێزدیخانی سەر بە حەشدی شەعبی هەیە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکوو ئێستا 800 کوردی ئێزدی چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی". چوونی ئێزدییەکان بۆ ریزەکانی حەشدی شەعبی، کێشەی بۆ ئەو ئەنجوومەنە 35 کەسییە دروستکرد کە پەکەکە لە ساڵی 2014 بەناوی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال پێکی هێنابوو، چونکە نیوەیان چوونەتە ریزی حەشدی شەعبی. هەر بۆیە ناچار بوو ستافێکی تازە بۆ ئەنجوومەنەکە دابنێ. خودێدا جوکو کە پێشتر ئەندام بوو لەو ئەنجوومەنە، هۆکاری وازهێنانی لە پەکەکە ئاشکرا کرد گوتی "وردە وردە بۆم دەرکەوت ئەوان دەیانەوێ هزری ئاپۆ بەسەر ئاینەکەمان بسەپێنن. بۆیە بڕیارمدا بچمە ریزەکانی حەشدی شەعبی". حوسێن حەجی، سەرۆکی نوێی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال بە (رووداو)ی گوت "ستافی تازەی ئەنجوومەن دەستبەکار بووە، لەو چەند رۆژەدا چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکەدا کردووە، چاوەڕێین کاری باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال بکەن".

«2



**د.عەلی قەرەداخی بۆ (رووداو):**

### ناوم لە لیستی تیرۆری سعودیەدا نییە

4



**د.فوئاد مەعسووم:**

### دەست بە نێوبژیوانیی نێوان پارتی و گۆڕان دەکەمەوە

5

### کاتالۆنیا و کوردستان لەسەر هەمان رێچکە

17

لەبارەی گشتپرسی هاوڕا نین

# گۆڕان گشتپرسی بایکۆت دەکات

« 3

## کۆمەڵی ئیسلامی:

## ئەندام و لایەنگرانمان دژی گشتپرسی هان نادەین



## داعشە کوردەکانی رۆژهەڵات دەچنە ئەفغانستان

« 6

کۆمەڵایەتی 13

### گەنجێک لەسەر پەیوەندییەکی ئەڤینداری دەکوژرێ



شرۆڤە 17

### داعش لە تاران بەدوای چییەوەیە؟

ئابووری 8

### کوردستان ساڵانە 230ملیۆن دۆلار بە برنج دەدات



راپۆرتە هەواڵ 2

### لە ئەڵمانیا گەنجێکی کورد دەسوتێندرێ



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (461) - دووشەممە 2017/6/12



## گەنجێک بە شەربەت دەمرێت

ڕووداو- سۆران

نەقیب هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە ڕووداوی ڕاگەیاند کاژێر 5:00ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2017/6/11، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران لە بوونی تەرمێک ئاگادارکرانەوە. دوای گەیشتنیان بە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت گەنجێک بەناوی (دەریاز خدر قادر) تەمەن 20 ساڵ بەهۆی خواردنەوەی شەربەتەوە، لە یەکێک لە کافتریاکانی سۆران گیانی لەدەستداوە. گوتەبێژی پۆلیسی سۆران گوتی "تیمی لێکۆڵینەوە پۆلیس سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کرد و دەرکەوتووە کە ناوبراو دوای خواردنەوەی شەربەتەکە گیانی لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ شەربەتەکە جۆرە ماددەیەک تێکەڵ کراوە کە پێدەچێت ماددەی ژەهراوی بێت بۆیە دەست بەسەر پاشماوەی شەربەت و ماددەکەدا گیراوە".

# نیوەی ئەنجوومەنەکەی پەکەکە بوونە حەشدی شەعبی

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

چیرۆکی چوونی کوردی ئێزدی بۆ نێو حەشدی شەعبی هێشتا بەردەوامە. بەرپرسێکی کوردی ئێزدی لەوانەی چوونەتە نێو حەشد دەڵێت، زیاتر لە 800 کوردی ئێزدی بوونەتە حەشدی شەعبی، بەڵام بەرپرسی ئاسایشی شنگال دەڵێت ژمارەکە دەوروبەری 320 کەسن.

پاش ئەوەی حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنێکی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی کوردی ئێزدی لە باشووری شنگال دەستپێکرد کە لەژێر دەستی داعشدا مابوون، ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێزدی چوونە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

دوای هاتنی پەکەکە بۆ چیای شنگال، هێزێکی بەناوی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە) دروستکرد کە سەرجەمیان کوردی ئێزدی بوون و ژمارەیان گەیشتبووە 1500 شەڕڤان، بەڵام دوای ئۆپەراسیۆنەکەی حەشدی شەعبی لە باشووری شنگال، بەشێکیان وازیان لە پەکەکە هێنا و بوونە حەشدی شەعبی.

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، نزیکەی 75%ی ئەو ئێزدیانەی چوونەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، پێشتر یەبەشە بوون، هەندێکیشیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون، هەروەها 20%یان پێشمەرگەی فەرماندەیی شنگالن کە قاسم شەشۆ سەرپەرشتی دەکات.

دوای ئۆپەراسیۆنەکەی حەشدی شەعبی، نایف جاسم کە موختاری گوندی کۆچۆ و سەرۆکی هۆزی مەندکانە، پەیوەندی بە حەشدی شەعبییەوە کرد و هێزێکیان بەناوی کەتائیبی ئێزدیخان بۆ دروستکرد.

چوونی ئێزدییەکان بۆ ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، کێشەی بۆ ئەو ئەنجوومەنە دروستکرد کە پێشتر پەکەکە بەناوی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال پێکیهێنابوو، بۆیە ناچار بوو ستافێکی تازە بۆ ئەنجوومەنەکە دابنێ.

خودێدا جوکو، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال کە ئێستا بەرپرسیارێتی لە ڕیزەکانی کەتائیبی ئێزدیخاندا هەیە، لەبارەی هۆکاری وازهێنانی لە پەکەکە بە (ڕووداو)ی گوت "وردە وردە بۆم دەرکەوت ئەوان دەیانەوێ هزری ئاپۆ بەسەر ئاینەکەماندا بسەپێنن. بۆیە بڕیارمدا بچمە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی".

خودێدا کە کەسایەتییەکی دیاری نێو ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال بوو، پەسنی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەدات و دەڵێت "من بە قەناعەتەوە بوومەتە حەشدی شەعبی، ئەوان ناوچەکانی ئێمە ڕزگار دەکەن و ڕادەستی ئێمەی دەکەنەوە خۆمان بەڕێوەی ببەین، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکمان لەسەر فەرز بکەن".

لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014 دا پەکەکە لە شنگال ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی دامەزراند. ئەوکات ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە 35 کەس بوو، بەڵام ئێستا نزیکەی نیوەیان چوونەتە نێو حەشدی شەعبی، بۆیە ئەندامی نوێ بۆ ئەنجوومەنەکە دانرا و سەرۆکی ئەنجوومەنەکەش گۆڕدرا.

حوسێن حەجی، سەرۆکی نوێی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال بە (ڕووداو)ی گوت: "ستافی تازەی ئەنجوومەن دەستبەکار بووە، لەو چەند ڕۆژەدا چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکەدا کردووە، چاوەڕێین کاری باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال بکەن".

سەبارەت بە چوونی شەڕڤانانی یەبەشە بۆ ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، حوسێن حەجی گوتی "بەتەواوی نازانم چەند شەڕڤان چوون، بەڵام جگە لە شەڕڤانان، ئەندامانی پارتی و پێشمەرگە و هەموو لایەنەکانی دیکەش چوونەتە ڕیزی حەشدی شەعبی".

ساڵێک لەمەوبەر خاڵ عەلی، فەرماندەی دیاری یەبەشە لەگەڵ نزیکەی 100 کوردی ئێزدی کە ژمارەیەک لەوان شەڕڤانی یەبەشە بوون، چوونە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی و فەوجێکیان بەناوی لالش بۆ دروستکردن.

خودێدا جوکو، لەبارەی ژمارەی ئەو کوردە ئێزدیانەی ئێستا لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدان، دەڵێت "تاوەکوو ئێستا 800 کوردی ئێزدی چوونەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، ڕۆژانە گەنجانی ئێزدی هەوڵ دەدەن پەیوەندی بە حەشدەوە بکەن، بەڵام یەبەشە و پێشمەرگە ڕێگەیان پێنادەن".

بەڵام قاسم سمۆ، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال، ئەو ژمارەیەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستی ئێمەیە، تاوەکوو ئێستا 320 کوردی ئێزدی چوونەتە ڕیزەکانی حەشد، ژمارەیەکی زۆر لەوان پێشتر شەڕڤانی یەبەشە بوون. هەروەها قاسم شڤان کە کارگێڕی کۆمیتەی شنگالی یەکێتی بوو، لەگەڵ 120 کەس چووەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی".

بە گوتەی قاسم سمۆ، بەرپرسانی حەشدی شەعبی لە ئێزدییەکان نیگەرانن، چونکە ئەو ئێزدیانەی پێشتر چووبوونە لای حەشدی شەعبی خۆیان بە نوێنەری زۆرینەی ئێزدییەکان ناساندبوو، بەڵام دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە بۆیان دەرکەوتووە خەڵکی زۆریان لەگەڵ نییە و کەس نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو ناوچانە. سمۆ گوتیشی "نزیکەی 150 کەس کە چووبوونە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، پەشیمان بوونەتەوە و گەڕاونەتەوە".



(فۆتۆ: AFP)

### بەرپرسی ئاسایشی شنگال: 320 کوردی ئێزدی بوونەتە حەشدی شەعبی

# کۆچبەرێک دەکوژرێت و پاشان دەسووتێندرێ

زنار شینۆ
ڕووداو- میونشن

ئێوارەی ڕۆژی 15ی ئایاری 2017، دانیشتووانی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون لە شەقامی لوگانۆڤێگ-ی شاری میونشن گوێیان لە دەنگی تەقە دەبێت. دانیشتوویەکی باڵەخانەکە تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات، زۆری نەبرد پۆلیس گەیشتنە ئەوێ، بەڵام هیچیان دەستنەکەوت. هەمان ڕۆژ جارێکی دیکە لە باڵەخانەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

تەقەکە لە خۆڕایی نەکرابوو، مەرگی کۆچبەرێکی کوردی بەدواوە بوو. دواتر پۆلیس بۆی دەرکەوت کە کەسێک لە باڵەخانەکەدا بەناوی سەلام، تەمەن 36 ساڵ، کوژراوە. ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، بکوژانی سەلام ئاگریان لە شوقە سێ ژوورییەکەی بەردابوو، بۆ ئەوەی شوێنەواری تاوانەکە ون بکەن.

هەندێک لە خزمەکانی سەلام لە شاری میونشن پرسەی بۆ دادەنێن، هەر لە ڕێگەی خزمەکانییەوە تەرمەکەی دەنێرنەوە زاخۆ، بەڵام پرسیاری ئەوەی کە چۆن کوژراوە؟، بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

پۆلیس لە لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبن، چەند کەسێکی نزیکی سەلام بۆ لێکۆڵینەوە بانگ دەکەن.

دوای دوو هەفتە، پۆلیس گەیشتە سەرەداوێک. ڕۆژی 2017/6/1 پۆلیسی شاری میونشن ڕایگەیاند کە دوو کەسیان دەستگیر کردووە بەناوەکانی (ح) کە بزنسمانێکی کوردی تەمەن 51 ساڵە، لەگەڵ برایەکی کە سەرتاشە بەناوی (ج) و تەمەنی 45 ساڵە. پۆلیس هەروەها دەڵێت ڕۆژی دواتر لە شاری ڕویتلینگن، سەر بە هەرێمی بادن ڤویرتمبێرگ کەسێکی دیکەیان بەناوی (ع) تەمەن 43 ساڵ دەستگیر کردووە کە خوشکەزای ئەو دوو برایەیە. ئەو سێ تۆمەتبارە خزمی سەلامن و هەرسێکیشیان پرسەیان بۆ سەلام دانابوو.

سەلام کە خەڵکی زاخۆ بوو، ساڵی 2002 چووبووە ئەڵمانیا و لە شاری میونشن نیشتەجێ ببوو. ساڵی 2007 ژیانی خێزانی لەگەڵ کچێکی ڕووس بەناوی ئەلێکساندرا پێکدێنێ و دەبنە خاوەنی منداڵێک کە ئێستا تەمەنی شەش ساڵانە. بەپێی زانیاریی ڕووداو، لە کاتی ڕووداوەکەدا ئەلێکساندرا بە سەردان چووەتەوە لای کەسوکاری خۆی لە شاری سان پێتەرسبورگی ڕووسیا.

دوای ڕووداوەکە، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە گوایە سەلام پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ ژنی یەکێک لە تۆمەتبارەکان هەبووە، بەڵام ئەوانەی لە سەلامەوە نزیکن ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە.

یەکێک لە هاوڕێکانی سەلام کە لە ئەڵمانیا یەکدییان ناسیوە و نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو چیرۆکەی لەنێو خەڵکدا باس دەکرێت کە سەلام پەیوەندییەکی لەگەڵ خانمی یەکێک لەو پیاوانەی دەستگیرکراون هەبوبێ، منی شۆک کردووە، هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەو قسەیە بکەم".

تەنانەت کەسە نزیکەکانی تۆمەتبارەکانیش دەڵێن بەو ڕووداوە شۆک بوون و پێیوانوایە تاوانی کوشتن لەوان ناوەشێتەوە. (ح) لە دۆسیەی سەلامدا وەکو تۆمەتباری سەرەکی ناوی دێت.

کەسێکی نزیک لە (ح) کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە دەستگیرکردنی (ح) حەپەساوم و نازانم چۆن باسی بکەم. پیاوێکی هێمن و ئارام بوو. هەمیشە قسەی خێر و باشی بەرامبەر هەر کەسێک دەکرد. کەس نازانێت مژارەکە چۆنە و ڕووداوەکەش لەبەرچی بووە". ئەو کەسە سەری بادەدات و دەڵێت "کێ لەم جۆرە کێشانە قازانج دەکات؟ ژیانی دەیان کەس بووە دۆزەخ و لانیکەم منداڵ و هاوژینەکانی هەر چواریان پەرتەوازە بوون".

هاوژینی سەلام لەگەڵ منداڵەکەی، هەروەها هاوژینی هەر سێ گومانلێکراوی دەستگیرکراو، بەپێی بەدواداچوونەکانی ڕووداو لەلایەن پۆلیسەوە بۆ شوێنی نادیار گوازراونەتەوە. پۆلیسی میونشن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەرکی داواکاری گشتیی میونشنە باس لە ڕێڕەوی لێکۆڵینەکان و هەروەها زانیاریدان دەربارەی هاوژین و منداڵەکانی لایەنەکانی ئەم ڕووداوە بکات".

هەر سێ گومانلێکراوەکە خزمی سەلامن. هاوژینی (ح) کە دایکی سێ منداڵە، هەروەها براکەی (ح) خێزاندارە و چوار منداڵیان هەن لەگەڵ خوارزاکەیان کە گومانلێکراوی سێیەمە لەم دۆسییەدا، باوکی سێ منداڵە. پۆلیسی میونشن دەڵێت "گومان دەکەین هۆکاری پشت ئەنجامدانی ئەم تاوانە مەسەلەی شەرەف بێ".

بەڵام هەرسێ گومانلێکراوەکە ڕەتیدەکەنەوە دەستیان لە کوشتنی سەلامدا هەبووبێ.



## لە ترسی حەشدی شەعبییە

# خێزانی داعشەکانی تەلعەفەر بۆ ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە هەڵدێن

ناسر عەلی
ڕووداو- هەولێر

تا دێت بازنەی گەمارۆی سەر قەزای تەلعەفەر لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بچووکتر دەبێتەوە، بە جۆرێک ئێستا هەرچوار لای شارۆچکەکە گەمارۆدراوە. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی قەزاکەش لە ترسی حەشدی شەعبی پەنا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەبەن. فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت تەنیا لە ماوەی مانگی ڕابروودا 14 هەزار دانیشتووی قەزاکە خۆیان گەیاندووەتە سنوورەکانی پێشمەرگە.

ڕەوشی دانیشتووانی شارەکە بەهۆی ئەو گەمارۆیەی لە نێوخۆ لەلایەن داعش و لە دەرەوە لەلایەن حەشدی شەعبییە لەسەریان بووە، بە جۆرێک خراپ بووە کە دانیشتوویەکی قەزاکە دەڵێت سێ مانگە تەنیا گەنم و جۆیان خواردووە.

تەلعەفەر کە لە ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە پەلامار درا و داگیرکرا، پێگەیەکی گرنگی ئەو ڕێکخراوەیە. نزیکەی سێ مانگە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە گەمارۆ دراوە. دانیشتووانی قەزاکە کە پێکدێن لە تورکمان (شیعە و سوننە) عەرەب و کورد، ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە سزا بدرێن، بۆیە بە هەر نرخێک بێ دەیانەوێ خۆیان لە دەستی داعش ڕزگار بکەن، بەڵام نەکەونە دەست حەشدی شەعبی، هەر بۆیە پەنا بۆ پێشمەرگە دەبەن. ئەوان ڕۆژانە لە ناوچەکانی ئەسکی مووسڵ و شندۆخا و باکووری تەلعەفەر خۆیان دەگەیێننە هێزەکانی پێشمەرگە.

سلێمان کە بە زەحمەتییەکی زۆرەوە خێزانەکەی دەرباز کردووە و گەیشتووەتە سنووری هێزەکانی پێشمەرگە، باسی ڕەوشی نێو قەزاکە دەکات و دەڵێت "ڕەوشی نێو تەلعەفەر دۆزەخێکە بۆ خۆی، خواردن نەماوە، ئاو نییە، کارەبا نییە، سێ مانگ بوو، ئێمە خواردنمان تەنیا گەنم و جۆ بوو".

سلێمان کە تورکمانێکی سوننە مەزهەبە، لەلایەن داعشەوە ترسێکی زۆریان بەرامبەر حەشدی شەعبی خراوەتە نێو دڵ ئەو گوتی "بە ڕاستی ئێمە زۆر لە حەشدی شەعبی دەترسین، بە ئێمەیان دەگوت ئەوان دژی تورکمانان و هەمووتان سەردەبڕن، لەبەر ئەوە خومان گەیاندە هێزەکانی پێشمەرگە، لێرە پێشمەرگە زۆر ڕێزیان گرتین".

ئەو ئاوارەی تەلعەفەر باسی مۆڕاڵی داعش لە نێو شارۆچکەکە دەکات و دەڵێت "وورەیان دابەزیوە، خەڵکی سڤیل کەم لە شارەکە ماوە، تەنیا ئەوانە ماون کە خێزانی داعشە بیانییەکانن، لەگەڵ ژمارەیەک ئافرەتی ئێزدی کە داعش بەردەوام چاودێریان دەکات بۆ ئەوەی هەڵنێن".

موقەددەم کەمال خالید، فەرماندەی پێشمەرگە لە خالێ وەرگرتنی ئاوارەکانی تەلعەفەر لە ئەسکی مووسڵ بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "لەم مانگەدا نزیکەی 14 هەزار ئاوارەی تەلعەفەر هاتوون، لە نێواندا تورکمان و ژمارەیەکی کەم کوردیش هەن، بەڵام ئەوانەی کوردن زۆربەیان ژنن کە شوویان بە پیاوی عەرەب کردووە".

سەبارەت بەو کەسانەی لە نێو تەلعەفەر ماون. موقەدەم کەمال گوتی "زۆربەی ئەو خەڵکە سڤیلەی کە لە نێو تەلعەفەر بوون، خۆیان گەیاندووەتە ئەو گوندانەی نزیکن لە هێزەکانی پێشمەرگە. تەنیا خێزانی داعشە بیانییەکان لەنێو سەنتەری قەزا ماون".

سەبارەت بە ئەگەری دزەکردنی چەکدارانی داعش بۆ نێو کوردستان لە ڕێگەی ئاوارەکانەوە. موقەدەم کەمال گوتی "ڕۆژانە لە نێویدا چەکداری داعش یان ئەوانەی هاوکاری داعشیان کردووە، دەستگیر دەکەین و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین".

خەڵکی تەلعەفەر بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە زوڵمێکی زۆریان لە کوردی ئێزدی و عەرەبە شیعە مەزهەبەکان کردووە، زۆربەی ئەمیرە دیارەکانی داعش خەڵکی تەلعەفەرن. بۆیە ئێستا ئەوان زۆر ترسیان هەیە حەشدی شەعبی تۆڵەی ئەشکەنجەدان و کوشتنی شیعەکانیان لێ بکەنەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە میحوەری ئەسکی مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "لەو ڕۆژانەیی دوایی ژمارەی داعشەکان ئەوانەی لەگەڵ خێزانەکانیان دێن و خۆیان تەسلیم دەکەن ڕوو لە زیادبوونە، ئەوان دەڵێن زۆر لە چارەنووسی خێزانەکانی خۆمان دەترساین لەوێ، چیمان لێدەکەن بیکەن، بەس نەکەوینە دەستی حەشدی شەعبی". گوتیشی "هەندێکیان تەنیا خێزانەکانیان دەنێرن، لەوە دەترسن لە ڕێگا بکەونە دەست حەشدی شەعبی".

# دوای تەواوبوونی پرسەکەی، لەژێر خانوویەکدا دەیدۆزنەوە

ڕووداو- مووسڵ



ژنێکی تەمەن 84 ساڵ بەناوی نەعیمە محەممەد، دوای حەوت ڕۆژ لەژێر داروپەردووی خانوویەکی بۆردومانکراودا لە مووسڵ ڕزگارکرا. ئەو لەو ماوەیەدا هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی نەخواردووە و خانووەکەش لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانەوە بۆردومان کراوە.

چیرۆکی بەسەلامەت دەرچوونی نەعیمە محەممەد سەرنجڕاکێشە، چونکە ئەو لەگەڵ 34 کەسی دیکە لەلایەن داعشەوە لەنێو خانوویەکدا وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێنراون، بەڵام کاتێک ژمارەیەک چەکداری داعش لەسەر خانووەکە شەڕیان کردووە، فڕۆکە جەنگییەکان بە پێنج مووشەک بۆردومانیان کردووە، لەو 35 کەسەکەش تەنیا ئەو دوای حەوت ڕۆژ لە بێ نانی و ئاوی ڕزگارکراوە.

ئەکرەم ئیبراهیم کە سەربازێکی کوردی نێو سوپای عێراقە، چیرۆکی ئەو ڤیدیۆیانە دەگێڕێتەوە کە خۆی تۆماری کردوون و بۆ (ڕووداو)ی ناردوون. ئەو دەڵێت: "دوای پچڕانی پەیوەندیمان لەگەڵ کەسوکارمان لە گەڕەکی نەجاری بەری ڕاستی مووسڵ، ئاگادارکراینەوە کە 16 ئەندامی بنەماڵەکەمان لە شەڕی نێوان چەکدارانی داعش و هێزە عێراقییەکاندا کوژراون".

ئەکرەم باسی لەوە کرد کە ئەوان لەنێو خانووی کەسێکی ناسراوی مووسڵدا بەناوی حەمیدی زێرینگر بۆردومانکراون: "کاتێک گەیشتین بینیمان خانووەکە بەتەواوی خاپوورکراوە، بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات، لە کونێکەوە چوومە ژێر دار و پەردووەکان، 35 تەرمم دۆزینەوە، لەنێو ئەواندا تەنیا نەعیمە لە ژیاندا مابوو".

ناوبراو دەڵێت سەرجەم قوربانییەکان مەدەنی بوون، ئەوان هەوڵی خۆڕزگارکردنیان داوە بۆ ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراق، بەڵام کاتێک چەکدارانی داعش پێیانزانیون، لەنێو خانووەکەی حەمیدی زێرینگردا دەستبەسەریان کردوون و وەک قەڵغانی مرۆیی بەکاریانهێناون.

ئەکرەم ئیبراهیم گوتی: "چەکدارانی داعش دەرگا و پەنجەرەیان لەسەر داخستبوون، خۆشیان لەسەربان شەڕیان کردبوو و هەوڵی ڕاگرتنی پێشڕەویی هێزە عێراقییەکانیان دابوو، بەڵام لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بۆردومان کرابوون و ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی لێکەوتبووەوە".

کاتێک ئەکرەم چووەتە ژوورەوە، وای زانیوە هەموویان مردوون، بەڵام جوڵەیەکی نەعیمە ڕایچڵەکاندووە: "دوای حەوت ڕۆژ لە مانەوەی بێ خواردن و بێ ئاو جوڵەی زۆر کەم ببوو، کاتێک لەنێو خانووەکە دەرمهێنا برێک خواردن و ئاوم پێدا و ژیانی بۆ گەڕایەوە".

کەسوکاری نەعیمە وایانزانیوە ئەویش لەژێر خانووەکەدا مردووە، بۆیە پرسەیان بۆ داناوە، ئەکرەم دەڵێت کاتێک بەسەلامەتی گەڕاندوویەتییەوە نێویان، بە هەڵڕشتنی فرمێسکی شادی، پێشوازییان لێکردووە.

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 461 ) - دووشەممە 2017/6/12



## قوباد تاڵەبانی دەچێتە بەلجیکا

**ڕووداو - برۆکسێل**

لە سەر بانگێشتی فەرمی یەکێتی ئەورووپا و وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا بڕیارە ڕۆژی دووشەممە 2017/6/12 شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگاتە برۆکسێلی پایتەختی بەلجیکا .دلاوەر خالید ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " بڕیارە لەم سەردانە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی بە بەرپرسانی باڵای یەکێتی ئەورووپا و جێگری سەرۆکوەزیرانی بەلجیکا و وەزیری بەرگری بکەوێت، پاشان شاندەکە سەردانی هۆڵەندا بکات و لەگەڵ هەر دوو وەزیرانی دەرەوە و وەزیری بازرگانی نێودەوڵەتی و پەرەپێدانی هۆڵەندا کۆببنەوە و پاشان و سەردانی پەرلەمانی هۆڵەندا و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەن".

# گۆڕان و کۆمەڵ هاوڕا نین لەسەر گشتپرسی

**بزووتنەوەی گۆڕان:** گشتپرسییەکە حیزبیە و بایکۆتی دەکەین

**کۆمەڵ:** ئەندام و لایەنگرانمان دژی گشتپرسی هان نادەین

**مەحموود یاسین کوردی و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - هەولێر**

پارتی هەوڵە حیزبی و کەسییەکانی بۆ ڕازیکردنی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی تاوەکو بەشداری لە گشتپرسی بکەن، دەخاتەگەڕ. ئەو دوو لایەنەی نەیاری گشتپرسی، وا دیارە لەوەدا کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکە دەکەن، لانیکەم تا ئەم ساتە، دوو بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 2017/6/7 لە شارۆچکەی پیرمام سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە 15 حیزب و لایەنی سیاسیی باشووری کوردستان تێیدا ئامادە بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆژی 25ی ئەیلوولی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان دیاری کرا. هەنگاوێک کە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

نەیارەکانی گشتپرسی چەندە لە دەرەوەی کوردستانن، هێندەش لەناوەوەن هەرچەندە پاساوەکانیان جیاوازە. بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسایەک بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی، ئەگەر گشتپرسی بشکرێ، یاسایی نابێ.

د.شۆڕش حاجی گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "وەکو پرەنسیپ لەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانین، بەڵام لەسەر میکانیزم و قۆناغەکانی لەگەڵ پارتی جیاوازین، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئەو گشتپرسییەی پارتی بانگەشەی بۆ دەکات حیزبی و نایاسابییە و بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی و حوکمڕانییەکان و بەتاڵابردنی سامانی نیشتمانییە".

شۆڕش حاجی هەروەها دەڵێت: "گۆڕان لەگەڵ دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەت ئینجا ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە. ئەویش بە ڕێگای دامەزراوە شەرعییەکان و مەرجەعی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە ئەویش پەرلەمانە. نامانەوێ دەوڵەتێکی هاوشێوەی باشووری سوودان دروستبکەین، بەڵکو دەوڵەتی یاسا و هاووڵاتیبوونمان دەوێ".

ئەوەی ئێستا وەکو گرێکوێرەیەک لەبەردەم گشتپرسی سەیر دەکرێ، کاراکردنەوەی پەرلەمانە بەو دەستەی سەرۆکایەتییەی ئێستا کە گۆڕان پێداگیری لەسەر دەکات و پارتیش ڕەتیدەکاتەوە. بەشێک لە گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکەی پیرمامیش پەیوەست بووە بە کاراکردنەوەی پەرلەمان.

ئەبو کاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت :"کاک مەسعود بارزانی لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان بوو، گوتی ئەو حیزبانە هەر یەکێکیان ئامادەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرن فەرموون وەریگرن و با پەرلەمان دەست بە ئیشەکانی بکاتەوە، بەڵام تەحەفوزم لەسەر گەڕانەوەی یوسف محەممەد هەیە".

هەر لەوبارەوە، عەبدوڵڵا وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی کە یەکێکی دیکە بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی پیرمام، گوتی "لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان کرا، بەڵام باسی میکانیزمەکە نەکرا، بڕیارە لیژنەیەک لە حیزبە بەشداربووەکانی کۆبوونەوە پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی سەردانی گۆڕان و کۆمەڵ بکرێت و لەبارەی چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان گفتوگۆ بکرێت، چونکە بە هەر نرخێک بێت دەبێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بە تایبەتی بۆ هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، ئەگەر پەرلەمان کارا بووایە پێویستی بەو هەموو کۆبوونەوە حیزبیانە نەدەکرد".

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە چەند لایەنێک کردبوو کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرن. خەلیل ئیبراهیم، کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکەمجار کاک مەسعود بەدەست ئاماژەی بۆ برادەرانی شیوعی کرد کە ئەوان سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرن. پاشان ئاماژەی بۆ یەکێتی و ئێمە کرد، بەڵام هەڵوێستی ئێمە جێگیر و ڕاشکاوانەیە، ئێمە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕێککەوتنی پێنج قۆڵین بۆ دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت، ئەگەر هەر جێگۆڕکێ و گۆڕینێک ڕوویدات پێویستە بە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی ئەو لایەنانە بێت".

خەلیل ئیبراهیم ڕەتیکردەوە یەکگرتوو سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێ "ئێمە لەگەڵ ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی لایەنەکانین، یەکگرتوو ئامادە نییە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێ، بەڵام سوورین لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەی زەمینەسازیی باش بۆ بەشدارییەکی بەرفراوانی هاووڵاتیان لەو ریفراندۆمە بکات".



لە کۆبوونەوەکەی پیرمام بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای گشتپرسی بە سەرۆکایەتی بارزانی درا

**ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:**
**نامانەوێ هیچ کەسێک لە کوردستان لەو گشتپرسییە ناڕازی بێت**

**یەکگرتوو:**
**پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرناگرین**

### پێشنیازی نوێ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان

گشتپرسی و کاراکردنەوەی پەرلەمان بابەتی کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/6/11ی سەرکردایەتیی پارتیش بوو.

د.ئاراس حەسۆمیرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "پارتی لەڕێی لیژنەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت ئەوانیش ڕازی بکرێن، چونکە نامانەوێ هیچ کەسێک لە کوردستان لەو گشتپرسییە ناڕازی بێت، جگە لەوە پارتی ڕاستەوخۆ موخاتەبەی گۆڕان دەکات و بەلامانەوە گرنگە گۆڕان و لایەنەکانی دیکەش بەشداریی ئەو پرۆسە نیشتمانی و نەتەوەییە بکەن، بۆیە هەموو ڕێگایەکی حیزبی و شەخسی دەگرینەبەر".

لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی یوسف محەممەدیش بۆ سەرۆکایەتی، ئاراس حەسۆمیرخان گوتی: "دەبێ گۆڕانیش بزانێت تەنیا ئەو ڕێگایە نییە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، مەکتەبی سیاسی پارتی بەم نزیکانە لەگەڵ یەکێتی کۆدەبێتەوە. پێشنیازی نوێی هەیە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان. لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی دیکەش گفتوگۆی دەکەین".

### گشتپرسی مەترسی لەسەر ئایندەی سلێمانی دروستدەکات

جڤاتی نیشتمانی گۆڕان ڕۆژی 2017/6/10 لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا، بەیاننامەیەکی بڵاوکردە و دیاریکردنی ڕۆژی گشتپرسی بە کارێکی حیزبی لەلایەن "پارتی و هاوئاوازەکانی" وەسف کردو ڕایگەیاند کە ئەو پرۆسەیە "حیزبی و نایاسابییە".

بەپێی زانیارییەکان، بۆچوونەکان لەنێو گۆڕان بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە گوشار لە یەکێتی بکرێت بۆ ئەوەی ڕازی نەبێت بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی یوسف محەممەد گشتپرسی بکرێ و بەشداریی هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە لە کۆبوونەوەکەی پیرمام بە بڕیاری یەکێتی لەقەڵەم نەدرێت.

عەدنان عوسمان، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زۆرینەی جەماوەری یەکێتی بڕوایان بەو گشتپرسییە نییە، ئەو سەرکردە و مەکتەب سیاسیانەی یەکێتیش ئەگەر بەبێ گۆڕان بچنە نێو ئەو ریفراندۆمە حیزبییە، ئەوا ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان هەڵدەوشێتەوە و مەترسییەکی گەورە دیسان ڕوو لە ناوچەی سلێمانی دەکات".

وەکو لە بەیاننامەی فەرمی پاش کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتیمانی و هەروەها لێدوانی دواتری سەرکردەکانی گۆڕاندا دەردەکەوێ، ئەو بزووتنەوەیە کۆی پرۆسەکە بایکۆت دەکات ئەگەر پارتی و یەکێتی بەبێ ڕازیکردنی گۆڕان بەرەو گشتپرسی بڕۆن.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە بڕوامان بە پرۆسەکە نییە، چونکە حیزبییە، بۆیە بەشداریکردنی ئێمە بە دەنگی نەخێریش هەر شەرعیەت بە پرۆسەکە دەدات، ئەگەرنا دەتوانین دەنگی نەخێر زۆر کۆبکەینەوە".

ئەو ئەندامەی جڤات نموونە بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 دێنێتەوە و دەڵێت: "کەمال میراودەلی، کاندیدی ئێمە نەبوو، پروپاگەندەشمان بۆ نەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی ڕکابەری کاک مەسعود بارزانی بوو 15 هەزار دەنگی لە بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر هێنا. بۆیە جەماوەر و دەنگدەری ئێمە لە زمانی گۆڕان تێدەگەن".

هەرچی عەدنان عوسمانە ڕاشکاوانە دەڵێ: "ئەو پرۆسەیە حیزبی و نایاسابییە، بۆیە گۆڕان ناچێتە نێو ئەو بابەتە. دواجار گۆڕان بایکۆتی دەکات و بەرەیەکی جەماوەریی بەرفراوان لە یەکێتی و ئیسلامییەکان دژی ئەو پرۆسە حیزبییە دەکاتەوە، ئێمە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتین، بەڵام لەگەڵ ریفراندۆمی حیزبی بەبێ بڕیاری پەرلەمان نین".

لەبارەی ئەگەری بایکۆتکردنی گشتپرسی یان بەشداریکردن و دەنگدان بە نەخێر، شۆڕش حاجی گوتەبێژی گۆڕان گوتی: "جارێ دیار نییە گشتپرسییەکە دەکرێت یان نا، هەر کاتێک کرا هەڵوێستی خۆمان ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنین".

عەدنان عوسمان ئاماژە بە میکانیزمی پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی ئەنجامی گشتپرسییەکە دەکات و پێیوایە پرۆسەکە سلێمانی و هەڵەبجە بە یەکجاری جیادەکاتەوە ئەگەر هاتوو بە 50+1 ئەنجامی گشتپرسییەکە قبوڵ بکرێت، لەوبارەوە دەڵێ: "زۆرینەی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ڕێژەیەکی باشی دەنگدەرانی هەولێر و دهۆکیش لەگەڵ ئەو پرۆسەیە نین، جگە لەوە لەم گشتپرسییەدا باسی پاراستنی مافی پارێزگایەک یان ئەو چین و توێژە نەکراوە کە بە دژ دەنگ دەدەن، لە گشتپرسی دەستووری عێراقدا هاتبوو کە دوو لەسەر سێی هەر سێ پارێزگایەک ڕەتی بکردبایەوە دەستوورەکە بە نەخێر حیساب دەبوو، لەم ریفراندۆمەدا ئەو مافەش دیاری نەکراوە".

### کۆمەڵ نەگەیشتە بڕیاری کۆتایی

کۆمەڵی ئیسلامی وەکو گۆڕان بەشداریی کۆبوونەوەی بارزانی و لایەنە سیاسییەکانی بۆ دیاریکردنی ڕۆژی گشتپرسی نەکرد. ڕۆژی 2017/6/10 ئەنجوومەنی سیاسی ئەو حیزبە بە سەرپەرشتی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ، لە هەولێر کۆبووەوە بەبێ ئەوەی بگاتە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەبارەی گشتپرسی. وەکو دیارە، ئەو یەکدەنگییەی لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا لەدژی گشتپرسی هەیە، لە کۆمەڵی ئیسلامیدا غائیبە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمەڵ ئەندام و لایەنگرانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی گشتپرسی هان نادات، وەکو لایەنێکی ئیسلامی دەوڵەت و سەربەخۆیی بە مافێکی شەرعی خۆمان دەزانین، بەڵام تێبینیمان لەسەر پرۆسەکە و شێوازی بڕیاردانەکە هەیە. ئەو لایەنانەی لە کۆبوونەوەی کاک مەسعود بارزانیش بەشداربوون قسەی تازەیان هەیە".

### یەکێتی خۆی یەکلایی دەکاتەوە

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتی دەستیکەوتوون، ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی زۆرتر مەیلیان بۆ لای هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان هەیە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "دەبوو بەر لەوەی شاندی یەکێتی بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکات، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بکرێ، بەڵام ئێستاش سەرکردایەتی یەکێتی دەتوانێ کۆببێتەوە و تێبینییەکان قسەیان لەسەر بکرێ و یەکێتی ڕای خۆی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بخاتەڕوو".

وا بڕیارە ڕۆژی 2017/6/15 سەرکردایەتیی یەکێتی کۆببێتەوە. باس لەوە دەکرێ کە ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نامەیەکی ناڕەزایەتییان دابێتە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی حیزبەکەیان، بەهۆی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی پیرمام. بەڵام سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی ئەو شاندەی یەکێتی کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی پیرمامی کردبوو، هەواڵی نامە و یاداشتی ناڕەزایەتی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی بە "قسەی بازاڕی" ناوبرد و گوتی "یەکێتی ڕاستە لەو کۆبوونەوەیە بەشداریی کردووە و بڕیار لەسەر ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسی دراوە، بەڵام ڕۆژی پێنجشەممە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی قسەی یەکێتی لەبارەی گشتپرسی و هەڵبژاردنەکانی دیکە و کاراکردنەوەی پەرلەمان، یەکلایی دەکەینەوە".

### سەرۆکی پەرلەمانیش داوای دەکات

لە کۆبوونەوەکەی پیرمام بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای گشتپرسی بە سەرۆکایەتی بارزانی درا، بڕیاریشە لایەنەکان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە ئەنجوومەنەکە تاوەکوو ڕۆژی دووشەممە 2017/6/12 بنێرن. بەپێی زانیارییەکان چەند لیژنەیەکی جیاجیای تایبەت بۆ دانوستاندن لەو کۆمیتە باڵایە دروستدەکرێت بۆ سەردان و گفتوگۆکردن لەگەڵ هەریەک لە بەغدا، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتانی ئیقلیمی.

د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەپێی نووسراوێک کە ڕێکەوتی 2017/5/29ی لەسەرە و ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کردووە، داوای کردووە ئامادەسازیی سەرەتایی بکەن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە هەمان کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەگەر تا ئەوکاتە بە یاسایەک شێوازی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێکخرا، بەشێوەیەک ڕاپرسی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش بکرێت.

د.ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو نووسراوەی د.یوسف بە (ڕووداو)ی گوت "ئاراستەکردنی ئەو نووسراوە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی ریفراندۆم یاسایی نییە، چونکە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، نەک دەسەڵاتی یاسادانان کە پەرلەمانی کوردستانە، جگە لەوە د.یوسف محەممەد لە نووسراوەکەیدا وشەی ئەگەری بەکارهێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕانیش ئەو قەناعەتەیان هەیە کە گشتپرسی پێویستی بە یاسا نییە، ئەگەرنا داوای لە کۆمیسیۆن نەدەکرد لەگەڵ هەڵبژاردنە گشتییەکان، ریفراندۆمیش بکرێت".

بەڵام بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی یاسای نییە، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەستاوە و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ریفراندۆمی لە کۆمیسیۆن کردووە و نووسراوەکەش هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە".

بەهار مەحموود لە پشکی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی داواکەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی بەبێ یاسا دەڵێ: "نووسراوەکەی سەرۆکی پەرلەمان بە دوو مەرج داوای بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی لەگەڵ هەڵبژاردنە گشتییەکان کردووە، یەکەم یاسا، دووەم بەشداریی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، ئەگەر ئەو دوو مەرجە نەهاتە دی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم یاسایی نییە، چونکە پەرلەمان مەرجەعی بڕیارە چارەنووسسازەکانە".

نووسراوەکەی سەرۆکی پەرلەمان داوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی کردووە لەلایەن خەڵکەوە، داوایەک کە ئەو بزووتنەوەیە پێشتر لەدژی بووە و پێداگریی کردووە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

## هەولێر ئامادەیە هاوکاری تاران بکات

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی یەکشەممە لە باڵەخانەی کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر، پرسە بۆ قوربانیانی هێرشەکەی تاران دانرا. نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کە بەشداری سەرەخۆشییەکە بوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکی هاوبەش ئامادەن لەبواری ئەمنی هاوکاری ئێران بکەن. هەروەها سیامەک بورهانی، دیپلۆماسی گشتی کونسوڵخانەی ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێران لەو وڵاتانەیە بە جددی ڕووبەڕووی تیرۆر بووەتەوە، ئێران خۆی قوربانی تیرۆریزمە، تیرۆریزم لە هەمووشێوەکانیدا مەحکومە و ئەوەش پێویستی بە ئیرادەیەکی گشتی هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، تاوەکو بەرەنگاری لەگەڵ ئەو دیاریدەیە بکرێت".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 461 ) - دووشەممە 2017/6/12

## هەفتەی ڕابردوو لە سعودیە بووە



(فۆتۆ: ڕووداو)

### د.عەلی قەرەداخی بۆ (ڕووداو):

# ناوم لە لیستی تیرۆری سعودیەدا نییە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسوڵمان دەڵێت شاندێکی یەکێتیی زانایانی جیهان نێوبژیوانی لە نێوان قەتەر و سعودیە دەکەن و لەنێو شاندەکە نوێنەری هەرێمی کوردستانیش هەیە.

ڕۆژی 2017/6/5 هەر یەک لە سعودیە، میسر، ئیمارات و بەحرەین پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند و هەموو کەناڵە وشکانی، ئاوی و ئاسمانییەکانیان لەگەڵ قەتەر داخست. بیانووی ئەو وڵاتانە بۆ گۆشەگیرکردنی دەوحە، پشتگیری ئەو وڵاتەیە لە گرووپە توندئاژۆکان و دەستوەردانە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران.

عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتیی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان کە خاوەنی وڵاتینامەی قەتەرییە، لەبارەی سەرهەڵدانی ئەو کێشانە بە (ڕووداو)ی گوت: "کێشەیەکی سیاسی گەورەیە و پێشینەی مێژوویی هەیە. زۆر بابەتیش تێکەڵکراوە کە ناکۆک و دژبەیەکن، بۆ نموونە قەتەر تۆمەتبار دەکرێت بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، لەلایەکی دیکەشەوە باسی پشتگیریی ئێران و تیرۆر دەکرێت".

قەتەر لە دوای ڕووسیا و ئێران، خاوەنی گەورەترین یەدەگی گازی سروشتییە. بەپێی ڕاپۆرتێکی بلومبێرگ، قەتەر خاوەنی 335 ملیار دۆلار وەبەرهێنانە لە جیهاندا. بڕیاریشە میوانداریی جامی جیهانی 2022 بۆ یاریی تۆپی پێ بکات. بەبۆچوونی د.عەلی قەرەداخی، ئەو میوانداریە کێشەی بۆ قەتەر دروست کردووە و دەڵێ: "هەندێک وڵات پێیان ناخۆشە بۆ یەکەمجار وڵاتێکی وەکو قەتەر میوانداری ئەو ڕووداوە جیهانییە بکات. ئەم شتانە دۆخێکی نەفسیی خراپی دروستکردووە لە نێوان سەرکردە و کاربەستانی عەرەب".

پشتگیریی ئیخوان و حەماس لەلایەن قەتەرەوە یەکێکە لە بیانووەکانی وڵاتانی کەنداو. سعودیە و ئیمارات هەڵوێستیان بەرامبەر ئیخوان توندە و ئەو دوو ڕێکخراوەیان لە لیستی تیرۆری خۆیان داناوە. عەلی قەرەداخی دەڵێ: "زۆربەی سەرکردەکانی ئیخوان قەتەریان جێهێشتووە، ئەوانەی ماونەتەوە چەند کەسێکی بێ کێشەو گرفتن. قەتەر لەڕووی مرۆییەوە ڕێگای پێداون

### سەرکردەکانی ئیخوان لە قەتەر نەماون و تەنیا سەرکردەکانی حەماس لەوێن

لەسەر خاکەکەی بژین، بەڵام سەرکردەکانی حەماس هەر ماون".

سعودیە و هاوپەیمانەکانی دوای ئەوەی گەمارۆی وشکانی و ئاسمانییان خستە سەر قەتەر، 58 کەسایەتی و 12 ڕێکخراوی خێرخوازییان خستە لیستی تیرۆرەوە. ناوی هەرە دیاری نێو لیستەکەش د.یوسف قەرزاوی، سەرۆکی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسوڵمانە کە میسرییە و وڵاتینامەی قەتەریی هەیە. قەرزاوی

### شاندێکی زانایانی جیهان نێوەندگیری لە نێوان قەتەر و سعودیە دەکەن

### قەتەر ناچێتە ژێرباری داواکاریی سعودیە و ئیمارات

بە هەڵوێستە توندەکانی لە دژی دەسەڵاتی سیسی و هاوسۆزیی بۆ ئیخوان ناسراوە. ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیی حکومەتی قاهیرە و داوا لە قەتەر دەکات دووری بخاتەوە.

عەلی قەرەداخی لەو بارەیەوە دەڵێ: "شێخ قەرزاوی زانایەکی گەورەی جیهانی ئیسلامییە و پێگەیەکی گەورەی هەیە. ئێستا هاووڵاتییەکی قەتەرییە، حکومەتی قەتەر چۆن هاووڵاتیی خۆی دووردەخاتەوە، بۆیە ئەو داوایانە ڕەوا نین و بیانووگرتنە".

عەلی قەرەداخی کە لەدوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعس، لە میسرەوە ڕووی لە قەتەر کردووە، وڵاتینامەی قەتەریی هەیە. ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە ناوی لە لیستی داواکراوان بۆ دوورخستنەوەیان لە قەتەر هەبێت و گوتی: "ناوی من لەو لیستەدا نییە، هەفتەی ڕابردوو لە سعودیە بووم و هیچ کێشەم نییە. ئێمە وەکو زانایان قسەی خێرمان هەیە و هەوڵی نێوەندگیری و ئاشتەوایی دەدەین".

ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان ئاماژە بەوە دەکات ئەمیری قەتەر ناچێتە ژێرباری داواکاری وڵاتانی عەرەبی بۆ دەرکردنی ئەو کەسایەتییانە و دەڵێت "لە سەردەمی باپیری ئەمیری ئێستا، قەتەر ئەو کێشانەی هەبوون، پێشتریش قەتەر ئامادە نەبووە هیچ کەسێک ڕادەستی ئەو وڵاتانە بکاتەوە، بۆیە لەو بڕوایەدام شێخ تەمیم ئالسانیش لەسەر نەهجی باوک و باپیری دەڕوات".

لە دوای سەرهەڵدانی کێشەی قەتەر و وڵاتانی عەرەبی، میری کوێت دەستی بە جموجۆڵ و دەستپێشخەری بۆ ڕێکخستنی نێوماڵی عەرەب لە کەنداو کردووە. شێخ سوباح ئەحمەد سوباح، میری کوێت سەردانی هەریەک لە ریاز و دەوحەی کرد و لەگەڵ شاسەلمان عەبدولعەزیز پادشای سعودیە و پاشان شێخ تەمیم حەمەد ئالسانی ئەمیری قەتەر کۆبووەوە.

عەلی قەرەداخی لەبارەی ئەو هەوڵەی کوێت گوتی: "ئێمە پشتگیریی ئەو دەستپێشخەرییەی میری کوێتمان کردووە، داوامان کردووە بە گفتوگۆ و سوڵح چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، دوای ئەوەی ئەو دەستپێشخەرییە سەری نەگرت، بە نیازین شاندێکی باڵا لە نوێنەری زانایانی هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە نوێنەری کوردستانیشی تێدایە، سەردانی کاربەدەستانی کەنداو دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە".

هەریەک لە ئیمارات، میسر و سعودیە کونسوڵخانەیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەیە. نزیکەی 200 کۆمپانیای ئیماراتی بڕی 4 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان لە کوردستان هەیە. هەفتانەش 21 گەشتی ئاسمانی لە نێوان فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ ئیمارات هەیە، بەڵام هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەو کێشەیە بێلایەن بووە. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کرد و ڕەتیکردەوە ئەو کێشانە کاریگەریی ئابوورییان لەسەر کوردستان هەبێ.

بەڵام عەلی قەرەداخی داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەیاننامەیەک لەوبارەیەوە بڵاوبکاتەوە و دەڵێت "دەرکردنی بەیاننامەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەوە بە پێویست دەزانم بۆ هاندانی هەردوو لایەن کە بە ئاشتی چارەسەری کێشەکانیان بکەن".

### قەتەر کەفالەتی 3000 منداڵی کورد دەکات

ئەگەرچی بەراورد بە ئیمارات و وڵاتانی دیکە ئاستی وەبەرهێنانی قەتەری زۆر لاوازە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر یەک لە مانگی سووری ئیماراتی و دەزگا خێرخوازەکانی قەتەر مووچەیان بۆ هەزاران منداڵانی بێ دایک و باوک بڕیوەتەوە. عەلی قەرەداخی کە سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامیی کوردە، دەڵێ:"خێرخوازانی قەتەر هاوکارییەکی زۆری خەڵکی کوردستانیان کردووە. زۆربەی پرۆژەکانی ئێمە بە هاوکاریی ئەوان بووە. بەمدواییانە حکومەتی قەتەریش هاوکاریی پێشکەش کرد بە تایبەت بۆ خەڵکی ئاوارەی مووسڵ. ئێستاش نزیکەی 3 هەزار منداڵ لە لایەن خێرخوازانی قەتەرییەوە کەفالەتکراون".

# یەکێتی ئەمساڵیش کۆنگرە نابەستێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

باسوخواسی بەستنی کۆنگرەی چوارەم لەبەردەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا گەرم بووە کە هێشتا وادەی کۆبوونەوەکەش دیاری نەکراوە. سەرکردەکانی یەکێتی هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی پێویستە کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام لەسەر هۆی نەبەستنی هاوڕا نین. سەرکردەیەکی یەکێتی دەڵێ "بەپێی ئەو دۆخەی ئێستا هەیە، لە ساڵی 2017دا یەکێتی کۆنگرەی پێ نابەسترێ".

بڕیار بوو هەفتەی ڕابردوو کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کۆببێتەوە، بەڵام بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێت دەڵێن پێدەچێ ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەکە بکرێ. ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی داوای لە سەرکردایەتیی یەکێتی کردووە "یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە تەرخان بکرێ بۆ قسەکردن لەسەر بەستنی کۆنگرەی چوارەم و وادەیەکی بۆ دەستنیشان بکرێ".

لەتیف نێروەیی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی هەروەها دەڵێ، بۆیە ئەو داوایەیان پێشکەشی سەرکردایەتیی حیزبەکەیان کردووە "چونکە ئێستا دۆخی نێوخۆی یەکێتی بەرەو هێوربوونەوە دەچێ و گونجاوە بۆ ئەوەی قسە لەسەر کۆنگرە بکرێ".

وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو سەرکردایەتیی یەکێتی کۆببێتەوە، بەڵام بەهۆی مەسەلەی گشتپرسی و کاراکردنەوەی پەرلەمان، پێناچێ سەرکردایەتی یەکێتی بپەرژێتە سەر مەسەلەی بەستنی کۆنگرە.

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ڕەتیکردەوە بووبێتە بڕیار لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی باسی کۆنگرە بکرێ " نە کاتی کۆنگرە دیاری کراوە و نە کارنامەی کۆبوونەوەش دراوە بە ئێمە. بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیار نییە لەو کۆبوونەوەیە باسی کۆنگرە و کاتی بەستنی کۆنگرە بکرێ".

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە یەکی حوزەیرانی 1975 دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام تاوەکو 27ی کانوونی دووەمی 1992 کۆنگرەی نەبەست، واتە 17 ساڵ دوای دامەزراندنی، یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست.





(فۆتۆ: ڕووداو)

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی

دوایین کۆنگرەی یەکێتیش لە ساڵی 2010 بەسترا و لەو کۆنگرەیەدا جەلال تاڵەبانی، بە سکرتێری گشتی یەکێتی هەڵبژێردرایەوە. تاڵەبانی دواتر هەر یەک لە کۆسرەت ڕەسوڵی بە جێگری یەکەمی خۆی و بەرهەم ساڵحی، بە جێگری دووەمی خۆی دەستنیشان کرد.

بەپێی مادده 14 لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لەو کۆنگرەیەدا پەسەند کرا "کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ە، کە هەر سێ ساڵ جارێک دەبەسترێت و کۆنگرەی داهاتوو پێویستە لە مانگی 10ی 2013دا ببەسترێت، بەڵام خەریکە چوار ساڵ بەسەر بەستنی ئەو وادەیە تێدەپەڕێ و هێشتا دیار نییە کەی یەکێتی کۆنگرە دەبەستێ.

لە پرسەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕاندا، سەرکردەکانی یەکێتی چەند جارێک داوای یەکگرتنەوەیان خستە بەردەم سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان. بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕووداو لە چەند بەرپرسێکی یەکێتی وەریگرتوون، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان قایل ببێ بە یەکگرتنەوە، دەبێ کۆنگرەیەک ببەستن و پرسی یەکگرتنەوە و سەرکردایەتی نوێ و پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێ ئامادە بکەن کە تێکەڵەیەک بێ لە بەرنامە و دیدگای سیاسی گۆڕان و یەکێتی "بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان تاوەکو ئێستا ئەوە ڕەتدەکەنەوە، بۆیە دەبێ یەکێتی بیر لەوە بکاتەوە بۆ خۆی کۆنگرە ببەستێ". سەرکردەیەکی یەکێتی وایگوت.

### سەرکردەیەکی یەکێتی:

### یەکێتی بەردێکی دیکە ناخاتە نێو گۆمی کێشە نێوخۆییەکانییەوە

هەرچەندە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی لە پرۆژە نوێیەکەیاندا بە سەرکردەکانی یەکێتی ڕادەگەیێنن، گرژییەکان هێوربوونەتەوە و زەمینەی بەستنی کۆنگرە هەندێک ڕەخساوترە لەوکاتەی باڵی ناوەندی بڕیار ڕاگەیێندرا، بەڵام هێشتا ناکۆکی نێوخۆیی لەسەر بەستنی کۆنگرە، میکانیزمەکانی، شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە، ئۆرگانەکانی یەکێتی، هەروەک پێشوون.

ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ ئەو ڕاپۆرتانەی ساڵی 2014 لەلایەن لیژنەکانی ئامادەکاری کۆنگرە پێشکەشی مەکتەبی سیاسی کران، دەتوانرێ سوودیان لێ ببینرێ بۆ ئەوەی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرە بکرێ. ناوبراو دەڵێت "ئێستا کاتی کۆنگرەیە و ئێمە کۆنگرەمان حەوت ساڵ دواکەوتووە، بەڵام هێشتا قسە لەسەر ئەوە نەکراوە وادەی کۆنگرە دیاری بکرێ".

بەپێی زانیارییەکان، ئێستا هەردوو باڵە ناکۆکەکەی یەکێتی یەکڕان لەسەر ئەوەی لە کۆنگرەی چوارەم ئەگەر ببەسترێ، سەرکردە کاریزمییەکەیان، تاڵەبانی هەروەک سکرتێری گشتی بمێنێتەوە. بەڵام میکانیزمی بەڕێوەبردنی یەکێتی پرسیاری قورسە کە بەشێک لە کۆمیتەی سەرکردایەتی وای دەبینن دروستکردنی دەستەیەکی بەڕێوەبردن باشترین چارەسەرە.

بەرپرسێکی یەکێتی دڵنیایە لەوەی "یەکێتی لە ساڵی 2017دا کۆنگرە نابەستێ"، ئەوەش بۆ بەردەوامی ئەو ناتەباییانە دەگێڕێتەوە کە هێشتا لە نێو بەرپرسانی باڵای حیزبەکەیدا ماون.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی هەروەها دەڵێ "ئەگەر ئێستا و پێش چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان کۆنگرە ببەسترێ، دۆخەکە هێندەی دیکە ئاڵۆز دەبێ، بۆیە یەکێتی بەردێکی دیکە ناخاتە نێو گۆمی کێشە نێوخۆییەکانییەوە".

## د.فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق بۆ (ڕووداو):

# دوای جەژن دەست بە نێوبژیوانیی نێوان گۆڕان و پارتی دەکەمەوە


(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەنگە ئێستا زۆربەی کورد لە هەرێمی کوردستان حەز بکەن هەڵوێستی سەرۆک کۆماری عێراق بزانن لەبارەی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ بەغدا، پەیوەندیی عێراق لەنێوخۆی و عێراق لەگەڵ ولاتان. هەروەها دەیانەوێ بزانن سەرۆک کۆماری عێراق کە لە پشکی کوردە، تا چەند بەدەم داواکانی گەلی کوردەوە چووە، بە تایبەتی لەبارەی بڕینی بودجە و مووچەی کوردستان چی کردووە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە (ڕووداو) لە کۆشکی سەلام لە بەغدا، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بەڕێز د.فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق ساز کردووە**

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
ڕووداو- بەغدا

### داوام لە یەکێتی کرد د.بەرهەم ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق

### لەلای کوردیش ئەو قەناعەتە دروستبووە کە وەکو جاران پێکەوە داخڵی هەڵبژاردن نەبن

### پێناچێ هیچ دەوڵەتێک پشتیوانی سەربەخۆیی بکات

### سەربەخۆیی هەر ئەوە نییە ریفراندۆم بکەی

### بۆ سەربەخۆیی وڵاتانی دەوروبەر گرنگن

### هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کاتی خۆیدا دەکرێ

**ڕووداو: لەدوای هاتنە سەرکاری بەڕێزت و حەیدەر عەبادی، ڕەوشی عێراق باشتر بووە یان خراپتر؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ناتوانم بە ڕەهایی بڵێم باش بووە یان خراپ. چونکە هەندێک بابەت هاتنە پێش. لە ڕووی داهاتەوە بەرەو خراپی ڕۆیشت. نرخی نەوت دابەزی. شەڕ تەشەنەی کرد. جگە لەوە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی هەبوو لەنێو هێزە نێوخۆییەکان، ئێمە هاتینە نێو ئەو بارودۆخە ناخۆشە، چارەسەری ئەو بارودۆخەش ئاسان نەبوو. لەلایەک دەبێ بەرەڕووی ئەو شەڕە ببیتەوە. سەرەتا هەنگاوی گرنگ ئەو هاوکارییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بوو. هەروەها هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەرگا بۆ ئەوەی وڵاتان یارمەتیمان بدەن. ئەرکەکان زۆر زۆر بوون، لە هەندێک ڕووەوە بەرەو باشی ڕۆیشتووە. نرخی نەوت کەمێک بەرزبووەتەوە. ئەوەی جێی ئومێدە ئەوەیە داعش بەرەو کۆتایی دەڕوات. نرخی نەوت بەرە بەرە بەرز دەبێتەوە. جگە لەوەش ئێستا هێزە سیاسییەکان گەیشتوونەتە قەناعەتێک کە چیدی بەو شێوەیە داخڵی هەڵبژاردن نەبن.

**ڕووداو: ئەی چۆن داخڵ بن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بۆ نموونە هەرچی شیعەیە بەیەکەوەیە، هەرچی سوننەیە بەیەکەوەیە. هەرچی کوردە بەیەکەوەیە. ئەوە کەلێنی تێکەوتووە. ڕەنگە ئەو کەلێنە لە هەندێک ڕووەوە باش نەبێ، بەڵام لە هەندێک ڕووەوە بۆ داهاتوو شتێکی خراپ نییە.

**ڕووداو: واتا ئێستا مۆزایکەکە گۆڕاوە کە هێزی کوردی لەگەڵ شیعە یان سوننە بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هێشتا هیچ لایەنێک ئەو جورئەتە ناکات، بەڵام قەناعەتێک پەیدا بووە و ئەو قەناعەتەش لەلای زۆربەیان دروستبووە.

**ڕووداو: لەلای کوردیش ئەو قەناعەتە دروستبووە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە زۆر بە ڕوونی دیارە.

**ڕووداو: د.حەیدەر عەبادی تا چەند بە گوێی ئێوە دەکات وەکو سەرۆک کۆمار؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئێمە لەو کۆبوونەوانەی دەیکەین ئەنجامەکەی بەو جۆرە نییە کە هەموو ڕاوبۆچوونەکانی ئەو قبوڵ بن. بێگومان ئاڵوگۆڕی بۆچوون هەیە و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە لەسەری ڕێکدەکەوین.

**ڕووداو: زۆر کەس لە دوای داعش، باسی مەترسییەکانی حەشدی شەعبی دەکەن، تەنانەت بەڕێز موقتەدا سەدر پێشتر گوتبووی لە نێو حەشد گرووپی تاوانکاری هەیە، نابێ بەشداری هەڵبژاردن بکەن. بۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** حەشدی شەعبی لە کاتێکدا دروستبوو کە پێویست بوو، چونکە بەشێکی زۆر لە ناوەڕاستی عێراق لەژێر هەڕەشەی داعشدا بوو. دیارە لە حاڵەتی وادا داوا دەکرێ هەموو کەس چەک هەڵبگرێ. ئەو داوایەی کە مەرجەعیەت کردی لە کاتی خۆیدا داوایەکی پێویست بوو، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بەرەو گۆڕان دەڕوات. ڕاستە حەشدی شەعبی ژمارەکەی بە یاسا دیاریکراوە کە نزیکەی 40 هەزارە، بەڵام خەڵکانێکی دیکە هەن بەبیانووی داعش جموجۆڵ دەکەن، خەڵک دەڕفێنن. ئەوەیە کە خەڵک باسی دەکات و خەڵک دژیانە بێگومان.

**ڕووداو: ئەگەر حەشدی شەعبی بەو شێوازەی کە هەیەتی بەشداری هەڵبژاردن بکات، ئەوە گونجاوە بۆ عێراقییەکان؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** کەس بەناوی حەشدی شەعبی بەشداری هەڵبژاردن ناکات. تاوەکو ئێستا نزیکەی 60 کیان ناوی خۆیان لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە. تازە کەسی دیکە ناتوانێ ناوی خۆی تۆمار بکات. حەشدی شەعبی هەندێکیان نەک بەناوی حەشد، بەڵکو بەناوی حیزبەوە خۆیان تۆمار کردووە. ئەوەش ئاساییە.

**ڕووداو: لە کوردستان حەشدی شەعبی بە مەترسیدار دەزانرێ، بەتایبەتی بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان. ئایا ئەوە لە داهاتوودا مەترسی دروست ناکات؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** کورد زۆرجار پێوەی دراوە و مافی خۆیەتی باسی مەترسییەکان بکات. بەڵام هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە ڕێککەوتن هەبووە. بۆ نموونە بۆ نێو شاری مووسڵ ڕێککەوتن کرا کە کورد و حەشدی شەعبی نەچنە نێو شارەکە. بۆ ئەوەی حەساسیەتی نەتەوەیی و مەزهەبی دروست نەبێ. ئەو ناوچانەی کوردین و کورد دەتوانێ بیانپارێزێ، با بیانپارێزێ و پێی ناوێت لایەنی دیکە تەدەخول بکات.

**ڕووداو: بەڵام مەسعود بارزانی دەڵێت حەشدی شەعبی خاوەن بەڵێنی خۆیان نەبوون، چوونە هەندێک شوێنی شنگال، ئێوە بۆچی هیچ هەڵوێستتان نەبوو؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەموو جارێک من بۆچوونم وایە کە کێشەیەک دێتە پێش، کۆبوونەوەیەک بکرێ. هەموو لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن. چونکە گفتوگۆ لە نێوان لایەنە سیاسییەکان زۆر زۆر پێویستە، بە تایبەتی لەو شوێنانەی جێگای مەترسین کە کێشە تەشەنە بکات. هەندێک لەو بەرپرسانەی لە بەغداوە چوونە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانیشتن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بوو. تا ئێستاش وا نیشان دەدرێ کە ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، واتە حەشد ناچێتە ئەو شوێنانە.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا حەشد چووەتە ئەو شوێنانە، دەبێ پاشەکشە بکات؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بە نیسبەت شنگال کە ئیدارەی بۆ دانراوە، هیچ لایەنێک بۆی نییە لەوێ بمێنێ.

**ڕووداو: تەنانەت پێشمەرگەش؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە با بمێنێ، بەڵام ئەگەر پێشمەرگەی شوێنەکانی دیکەی بۆ بهێنی، ڕەنگە ئەوە کێشە دروست بکات.

**ڕووداو: ئێستا هێزەکانی پەکەکەی لێیە، یەکینەکانی پاراستنی شنگالی لێیە کە سەر بە پەکەکەن، ئەوان دەڵێن بە هیچ جۆرێک ئەو ناوچەیە چۆڵ ناکەن، پێویست دەکات ئەوانیش بکشێنەوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بێگومان کە ئیدارە دانرا، هەموو لایەک دەبێ بکشێتەوە.

**ڕووداو: نووری مالیکی دەڵێت ئەمریکییەکان پێیانباشە حەیدەر عەبادی بمێنێتەوە، بۆیە ڕەنگە هەڵبژاردن دوابخرێ. ئەمریکییەکان لەو بارەیەوە هیچیان بە ئێوە گوتووە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەمریکییەکان تاوەکو ئێستا لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکیان نەکردووە. بەڵام ئەوە هەموو لێکدانەوەی سیاسییە، هەر کەس دەتوانێ بەپێی بۆچوونی خۆی لێکی بداتەوە، بەڵام مەرج نییە ئەو ئەنجامە ڕاست بێ.

**ڕووداو: دۆخەکە گونجاوە؟ دەکرێ هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەموو باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێ، هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی. کەس تاوەکو ئێستا ئەو جورئەتەی نەکردووە بڵێت دەمانەوێ هەڵبژاردن دوابخرێ.

**ڕووداو: دۆخی عێراق بۆ هەڵبژاردن گونجاوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئاساییە، لە کاتی ناخۆشتر هەڵبژاردن کراوە.

**ڕووداو: باسی پەیوەندیی خۆت لەگەڵ عەبادی کرد، پەیوەندیت لەگەڵ جێگرەکانت چۆنە؟ بە تایبەتی لەگەڵ نووری مالیکی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** پەیوەندیمان زۆر ئاساییە، کۆبوونەوەمان هەیە، یەکدی دەبینین، هەندێکجار هەرسێ جێگرەکە لەگەڵ من بە یەکەوەن. تاوەکو ئێستا لە کۆبوونەوەکانمان هیچ کێشەیەک نەهاتووەتە پێش.

**ڕووداو: بۆچی نووری مالیکی ئەوەندە هێرش دەکاتە سەر مەسعود بارزانی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** مومکینە ئەوەبێ کە وا دەزانێ کاک مەسعود دەستی هەبووە لە لادانی.

**ڕووداو: تاوەکوو ئێستا لەو بارەیەوە هیچ گلەییەکتان لە نووری مالیکی کردووە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** نووری مالیکی لە دانیشتنەکانی خۆماندا هیچ باسی ئەو شتانە ناکات. لە هەندێک کۆبوونەوە حیزبە کوردستانییەکانیش بەشدارن، تاوەکوو ئێستا قسەیەکی وا نەکراوە دڵی هیچ لایەنێک بگرێ. تەنیا لە ڕاگەیاندنە. ئەوێ ڕۆژێ هەندێک قسەی لە ڕۆژنامەیەک بڵاوکرابووەوە، لێمپرسی ئەوە چییە، گوتی بەشێک لەو قسانە من نەمکردوون، بەڵکو لێکدانەوەی ڕۆژنامەنووسەکە بووە. پێمگوت بۆچی ڕوونکردنەوە نادەی، بەڵام وەڵامەکەی پارتی زۆر توندبوو، بۆیە ئەویش ڕوونکردنەوەی نەدا.

**ڕووداو: لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە ئێوە خاوەن ئیمتیازین، بە توندی وەڵامی مالیکی درایەوە. ئێوە لەگەڵ ئەو وەڵامە بوون.**

**د.فوئاد مەعسووم:** من لێرە خەریکی ئەوە نیم یەکێتی چی دەڵێت، یان پارتی چی دەڵێت. لێرە ئەو پەیوەندییەی هەمانە بتوانین بیپارێزین. ڕاستە من خاوەن ئیمتیازی کوردستانی نوێم، بەڵام سیاسەتی ڕۆژنامەکە لە مەکتەبی سیاسی دادەنرێ. لەو ڕۆژەوەی ئەو ڕۆژنامەیە هەیە من خاوەنی ئیمتیازیم، بەڵام ڕەنگە لەسەر هەموو شتێکی موتەفیق نەبم.

**ڕووداو: هەندێک وڵاتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ قەتەر پچڕاند، ئێوە ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە، پێتان باش بوو ئەوە ڕوویدا؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** وڵاتانی کەنداو هەموویان پێکەوە بەستراون. پێمخۆش نەبوو ئەوە ڕوویدا، بەڵام ئەو بۆچوونانەی ئەمیری قەتەر شتێکی تازە نییە. پێش دوو ساڵ زیاتر ئێمە سەردانی قەتەرمان کرد، هەمان ئەو قسانەی ئێستای کرد.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا قەتەر بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە پشتگیری تیرۆر دەکات، عێراقیش بەدەست تیرۆرەوە دەناڵێنێ، بیرتان لەوە نەکردووەتەوە هەمان هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرامبەر قەتەر بگرنەبەر؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** مەسەلەی کەنداو ئەوە خۆیان لە نێو خۆیاندا خەریکە بگەنە چارەسەر. تەدەخولی ئێمە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ. تەنیا دەبێتە شتێکی ئیعلامی. ئێمە وەکو عێراق خۆمان ناکەین بە خاوەنی قەزییەکە.

**ڕووداو: ئێران وەکو دەوڵەتێکی دراوسێ هەڵسوکەوت لەگەڵ عێراق دەکات یان وەکو وڵاتێکی خاوەن هەژموون لەسەر عێراق؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئێران سیاسەتی خۆی هەیە و عێراقیش سیاسەتی خۆی هەیە. پەیوەندیی عێراق و ئێران قووڵ و بەرفراوانە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە بەدوای سیاسەتی ئەوان کەوتبین و هەرچی ئەوان گوتیان ئێمە پشتگیری بکەین. کاتی خۆشی ئێمە لەگەڵ ئەمریکییەکان چەندینجار دانیشتووین، چ لە نیویۆرک چ لێرە. گوتوومانە ئێمە نە بەچاوی ئێران تەماشای ئەمریکا و وڵاتانی دیکە دەکەین، نە بە چاوی ئەمریکاش تەماشای ئێران دەکەین. ئێمە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام دەبێ سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین. نامانەوێ ببینە بەشێک لە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە یان دەوڵەتێکی دیکە لە ناوچەکەدا.

**ڕووداو: هیچ گوشارێک لەسەر بەڕێزت و حەیدەر عەبادی نەبووە بەهۆی هەژموونی ئێران؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** نەخێر هیچ شتێک نەبووە. بۆ نموونە لەکاتی گۆڕینی سەرۆکوەزیران کە دەبووایە من بڕیارەکە بدەم. هیچ کەسێک نەهاتە لام بڵێت فڵان کەسمان دەوێ یان فڵانمان ناوێ. بەڵام ڕەنگە جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێک حیزب هەبێ. ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: دەڵێن لەو کاتەی کە خەریک بوو لە نێو فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگدان دەکرا لەنێوان تۆ و د.بەرهەم، داوات کردووە هەڵبژاردنەکە کەمێک دوابخرێ تاوەکو قسە لەگەڵ ئێرانییەکان دەکەی. ئەوە ڕوویداوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەسڵ و ئەساسی نییە. من خۆم پێمناخۆش بوو مەسەلەکە گەیشتە هەڵبژاردنیش.

**ڕووداو: بەڕێزتان د.بەرهەمتان پێشنیاز کردبوو؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** کاتی خۆی من کاغەزێکم بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نووسی. گوتم کەسی شیاو بۆ ئەو شوێنە د.بەرهەمە. د.نەجمەدینیش سەرکەوتوو بووە لە ئیدارەی کەرکووک با لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر زیاتر لە کەسێک داواکاریی پێشکەش کرد بۆ پایەی سەرۆککۆماری، منیش تەقدیمی دەکەم.

**ڕووداو: لە 2014ەوە کێشە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدراوە. تاوەکو ئێستا بۆ چارەسەری ئەو کێشانە هیچ دەستپێشخەرییەکتان هەبووە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەوڵی زۆرمان داوە. بەڕاستی مووچەبڕین کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی پشت بە مووچە دەبەستن. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت دەڵێ بەپێی دەستوور دەبێ داهاتی نەوت بۆ هەموو خەڵکی عێراق بێ. واتە داهاتەکەی بێتەوە خەزێنەی عێراق و لەوێ دابەش بکرێ. جا بۆیە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە دواخرا. هەوڵی زۆر درا کۆببنەوە لەگەڵ یەک. چەند جارێک بەڕێز عادل عەبدولمەهدی کە وەزیری نەوت بوو چوو بۆ کوردستان. هەوڵی زۆری دا، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام.

**ڕووداو: گوتت پێویستە داهاتی عێراق هەمووی بگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی، مەبەستت چی بوو، هەرێمی کوردستانیش لەوەدا خەتابارە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** کێشەکە لە دەسەڵاتدایە. هەرێم دەیەوێ زۆر لە دەسەڵاتەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، عێراقیش دەیەوێ زۆر لەو دەسەڵاتەی هەرێم بۆ خۆی بهێنێتەوە.

**ڕووداو: ئێوە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانی گوێتان لێ دەگیرێ، دەتوانن بەڵێنیان لێوەربگرن چارەسەری ئەو دۆخە بکەن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** من هەوڵی زۆرم داوە لە نێوان لایەنە کوردییەکان. هەر بەو بۆنەیەوە من چوومە لای کاک نەوشیروان قسەم لەگەڵ کرد، لەسەر هەندێک شت ڕێککەوتین. چوومە لای کاک مەسعود پێمگوت ئەوە لەگەڵ کاک نەوشیروان دانیشتووم، ئەوە بۆچوونەکانیەتی، گفتوگۆمان کرد، گەیشتینە ئەو شتەی کە هەردوولا لەسەری هاوڕان. ئێوارە بوو کە لەلای کاک مەسعود هاتمە دەرەوە، چوومەوە ماڵەکەم لە هەولێر. باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لەگەڵ برێت مەککگۆرک هەردووکیان چاوەڕێم بوون بزانن ئەنجامەکە چییە، کە پێمگوتن زۆر زۆریان پێخۆشبوو. دامنا ڕۆژی دوایی بچمە سلێمانی کاک نەوشیروان ببینم و مەکتەبی سیاسی یەکێتی ببینم. لە ناکاو ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان کرا کە 18ی مانگ ڕێککەوتبوون نەکرێ. کۆبوونەوەکەیان کرد و ئەوەی کە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتن لەناوچوو.

**ڕووداو: ئەو بۆچوونە چی بوو کە هەردوولا لەسەر ڕێککەوتبوون؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە ڕەنگە دوایی بتوانم باسی بکەم. چونکە ئێستاش لە هەوڵەکانم بەردەوامم. دوای جەژن دەستپێدەکەمەوە. من وامدەزانی ڕەنگە کاک نەوشیروان ئاگادار بووبێ کە بە سەرۆکی پەرلەمانی گوتبێ بڕۆ کۆبوونەوەکە بکە، بەڵام کە قسەم لەگەڵ کرد، تەئکیدی کردەوە کە شتی وا نەبووە.

**ڕووداو: دەگوترێ نیوەی یەدەگی پارەی عێراق دەرهێنراوە بۆ مووچە. قەت قسەت لەگەڵ عەبادی کردووە بۆچی لەو یەدەگە نادەن بە هەرێمی کوردستان؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** مەسەلەکە هەموو جارێک باس دەکرێ، ئێستا حاڵەتەکە گەیشتووەتە حاڵەتی موتارەکە، واتە هەردوولا واز لە یەکدی بهێنن و هەر کەس ئیشی خۆی بکات. ئەگەر سەیر بکەی عێراقیش ئێستا هیچ قسە لەسەر هەرێمی کوردستان ناکات. بگرە هاوکاریی هەیە. ئومێدم وایە ئەو هاوکارییە بەرەوپێش بچێ.

**ڕووداو: بەڕای تۆ باشووری کوردستان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێ یان ڕێککەوتنی تازە لەگەڵ بەغدا دەکات؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** مەسەلەی سەربەخۆیی هەر ئەوە نییە ریفراندۆمت کرد و تەواو. کۆمەڵێک شتی دیکە هەیە کە دەبێ حیسابیان بۆ بکەی. تا ئێستا پێناچێ هیچ شتێک هەبێ کە دەوڵەتانی دەوروبەر پشتگیری بکەن.

**ڕووداو: بەڵام بەرپرسانی کورد بە تایبەتیش بەرپرسانی پارتی دەڵێن ئەوەندە وڵات گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵکردوون.**

**د.فوئاد مەعسووم:** لەوانەیە. بەڵام ئەوەی گرنگە وڵاتانی دەوروبەرن.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ مەسعود بارزانی هەیە بە بەردەوامی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بەڵێ. هەر جارێک دەچمەوە کوردستان سەردانی دەکەم.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان ئێوە دوایین سەرۆک کۆماری کوردبن لە بەغدا.**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو. مەرج نییە من، ڕەنگە یەکێکی دیکە هەڵبژێردرێ. یان ئاڵوگۆڕ دەکرێ سەرۆکایەتی کۆمار بدرێتە لایەنێکی دیکە و پەرلەمان بدرێتە کورد.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان کورد بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بکاتەوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بەڵێ دەیکات. چونکە ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن نەکات و لەولاش هیچ نەکات، دەرگا بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی دەکاتەوە.

**ڕووداو: ئێوە پێشمەرگەی دێرینن، خەباتێکی زۆرتان کردووە، تەنانەت یەکێک لە دروشمەکانی یەکێتی کە ئێوە دەستەی دامەزرێنەرین، مافی بڕیاردانی چارەنووسە. ئێستا باسی وادەی گشتپرسی دەکرێ بۆ سەربەخۆیی. بۆچوونی بەڕێزتان لەو بارەیەوە چییە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەو ریفراندۆمە کە دەکرێ وانییە کە شتێک بێ دووربێ لە واقیع، دەکرێ. ئەگەرچی هەندێک لایەن هەن پێیان ناخۆشە بکرێ. بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە بۆ دوا بڕیار کە کێ دەیدات. ئەنجامەکەی چییە، ئایا تەنیا لە نێو سندوق دادەنرێ، یان کورد لە مەوقیعی گفتوگۆدا پێی بەهێز دەبێ؟ ئەوە تاوەکو ئێستا دیار نییە.

**ڕووداو: مافی کوردانەت داوە بە سەرۆک کۆماری؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** تا ئێستا ئەو ڕۆڵەم پاراستووە. چ لە هەڵوێستەکانم، چ لە کۆبوونەوەکانم، چ لە بڕیارەکانم. بەڵام زۆرجاریش گوتوومە من پاڵێوراوی کوردم، بەڵام من نوێنەری کورد نیم. نوێنەری کورد هەرێمی کوردستانە.

**ڕووداو: سەیری بەسرە و سلێمانی وەکو یەک دەکەی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** قەناعەتی شەخسی خۆم شتێکە، بەڵام دەبێ بە یەک چاو سەیری هەردوولا بکەم.

**ڕووداو: سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان وەکو جەنابت بێلایانانە هەڵسوکەوت دەکەن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** تاوەکو ئێستا لە سەرۆک وەزیرانم نەدیوە دژایەتی شارێک بکات و پشتگیری شارێکی دیکە بکات. بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕەنگە بەو ئیعتیبارەی کە خاوەنی کوتلەیە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەویش قەت ڕۆژێک لێم نەدیوە باسی دیالە بکات کە خۆی خەڵکی دیالەیە.

**ڕووداو: جەنابت دەسەڵاتی تانە لێدانی یاسات هەیە، کوتلە کوردییەکان هیچ داواکارییەکیان هەبووە بۆ تانەلێدان لە بڕیارێک یان یاسایەک؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بەداخەوە ئەو دەسەڵاتەم نییە. ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەم ئەو دەسەڵاتەم هەبێ. چونکە لە دەستوور دەڵێت سەرۆک کۆمار ڕەمزی یەکپارچەیی عێراقە. هەر شتێک هەبێ دەڵێن تۆ پارێزەری دەستووری. بەڵام لە دەستووردا هیچ میکانیزمێک نییە. هەوڵی زۆرمان داوە یاسایەک دەربچێ بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی. هەقی من چییە و هەقی سەرۆک وەزیران چییە.



## فیگەن یوکسەکداغ بە ساڵێک زیندانیکردن حوکمدرا

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی دادگای باڵای تورکیا سزای ساڵێک زیندانی بەسەر فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە سەپاند. یازدەیەمین دادگای بەرایی پارێزگای ئادانا دۆسیەی لەسەر فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بە تۆمەتی "سووکایەتیکردنی ئاشکرا بە حکومەت و کۆماری تورکیا" کردەوە. فیگەن یوکسەکداغ لە تشرینی یەکەمی 2015 لە کۆبوونەوەیەکی رێکخستنی لقی هەدەپە لە شاری ئادانا ئەو گوتانەی پێشکەشکردبوو. لە دانیشتنەکەی دادگاییکردنیدا، بەئامادەبوونی پارێزەرانی یوکسەکداغ، سزای ساڵێک زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا. فیگەن یوکسەکداغ ساڵی رابردوو لەگەڵ سەلاحەددین دەمیرتاش و 12 پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە دەستگیرکران و بەفەرمانی دادوەر دەستبەسەر کران.

## 400 کوردی رۆژهەڵات چوونەتە نێو داعش

# داعشە کوردەکانی رۆژهەڵات دەچنە ئەفغانستان



نزیکەی 150 — 170 کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو داعشدا کوژراون، یان بێسەروشوێنن

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

پێنج چەکدار لە ژوورێکدا دانیشتوون، هەر یەکێکیان چەکێکی بەدەستەوەیە. سێ لە چەکدارەکان دەمامکدارن، دووەکەی دیکە پشتیان لە کامێرا کردووە. یەکێک لە چەکدارە دەمامکدارەکان کە جگە لە چەکەکەی باوەشی دەمانچەیەکیشی بەدەستەوەیە، سەرەتا دوعایەک بە عەرەبی دەخوێنێت و دواتر پەیامێک بە کوردی دەخوێنێتەوە و خۆیان وەک یەکەم کەتیبەی داعش لە ئێران دەناسێنن و هەڕەشە لە "رافیزەکان (شیعە مەزهەبەکان)" دەکات و هەروەها داوا لە "موسوڵمانان" دەکات درێژە بە رێگاکەی ئەوان بدەن.

هەندێک لە نیشانەکانی نێو ژوورەکە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو شوێنەی ڤیدیۆکەی تێدا گیراوە نێوخۆی ئێرانە. ئەو ڤیدیۆیە لەلایەن پێگەی ئەعماقی سەر بە داعش بڵاوکرایەوە. ئەوانە هەمان ئەو پێنج کەسەن کە رۆژی 2017/6/7 تارانی پایتەختی ئێرانیان شڵەژاند.

لە ڤیدیۆیەکدا کە تەلەفزیۆنی ئێران بڵاوی کردەوە، ئەوان بەیعەت بە داعش دەدەن. هێرشی ئەوان یەکەم چالاکیی داعش لە ئێراندا دەبێت، هەرچەندە وەزیری ئیتلاعاتی ئێران گوتی "100 گرووپی دیکەی لەمجۆرەیان لەنێو بردووە".

وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، رۆژێک دوای هێرشەکە رایگەیاند "ئەوان خەڵکی رۆژئاوای ئێران (رۆژهەڵاتی کوردستانن) و لە رەققە و مووسڵ چالاکییان بۆ داعش کردووە. ساڵی رابردوو بە فەرماندەیی کەسێک بەناوی ئەبو عایشە، دزەیان کردووەتە نێو ئێران".

نێوەڕاستی هاوینی ساڵی رابردوو بوو کە ئیتلاعاتی ئێران رایگەیاند: لە کرماشان و جوانرۆ هێرشیان کردووەتە سەر دوو گرووپی داعش و بە تەواوەتی لەناویان بردوون. بەڵام ئیتلاعات لە راگەیەندراوی هەفتەی رابردوویدا گوتی: "چەند کەسێکیان هەڵاتوون".

سەرچاوەیەک لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە (رووداو)ی گوت: "سێ لەوانەی هێرشەکەی تارانیان ئەنجامدا قەت نەچوونەتە نێو داعش. هەر لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە، بەڵام دوو کەسیان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لەنێو داعشدا بوون لە عێراق و سووریا. چەند کەسێک لەوان بۆ ماوەی چەند مانگێک دەستبەسەرکراون، بەڵام هیچ شتێکیان لەسەر ساخ نەبووەتەوە، بۆیە دواتر ئازادکراون".

ئیسلامییە توندڕەوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێش ئەوەی داعش دروست بکرێ، پەیوەندییان بە بەرەی نوسرەوە هەبووە و بۆ جیهاد لە سووریا، لە ریزەکانی بەرەی نوسرەی پێشوو (هەیئەی تەحریری شامی ئێستا) چالاکییان هەبووە.

ساڵی 2013 کە داعش لە بەرەی نوسرە جیا دەبێتەوە، زۆربەی رۆژهەڵاتییەکان بەیعەت بە داعش دەدەن. هەر بە هەمانشێوە سەلەفییەکانی نێو رۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ سەر دوو بەرە دابەش دەبن.

راگەیاندنی خەلافەت لە ساڵی 2014دا لەلایەن داعشەوە، بووە هۆی ئەوەی رۆژهەڵاتییەکان زیاتر بەرەو لای داعش بکشێن، بەگوتەی موختار هۆشمەند کە لێکۆلینڤانێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە، پڕوپاگەندەی داعشیش کاریگەریی زۆری لەسەر راکێشانی رۆژهەڵاتییەکان هەبووە.

بەپێی ئاماری نافەرمی، لە سەرەتای قەیرانی سووریا و دروستکردنی بەرەی نوسرەوە تاوەکوو کاتی جیابوونەوەی داعش لە بەرە، نزیکەی 150 کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندییان بە بەرەی نووسرەوە کردبوو.

لە دوای جیابوونەوەش زیاتر روویان لە داعش کردووە. تا کاتی راگەیاندنی خەلافەت 150 تاوەکوو 180 کوردی رۆژهەڵات لەنێو داعشدا بوون. بەگوتەی موختار هوشمەند، لە دوای راگەیاندنی خەلافەت رێژەی رۆیشتنی رۆژهەڵاتییەکان بۆ نێو داعش چەند قات زیاتر بووە و ئەم رەوتە تا نیوەی ساڵی 2015 بەردەوام بووە.

بەگشتی 350 تا 400 کەس چوونەتە نێو داعش و لەم ژمارەیەش 150 تا 170 کەسیان کوژراون یان بێسەروشوێنن. موختار هوشمەند کە لێکۆڵینەوە لەسەر رەوتە ئیسلامگەرا و سەلەفییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، دەڵێ "50 تاوەکوو 60 کەسیان گەڕاونەتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان".

بەشێک لەوانەی گەڕاونەتەوە، حوکمدراون و هەندێکیان هێشتا لە زیندانن. ئەوانەی حوکم دراون حوکمێکی کەمیان بەسەردا سەپێندراوە کە دوو تاوەکوو شەش ساڵ دەبێ. بەڵام بەشی زۆریان حوکم نەدراون و ئازادکراون.

موختار هوشمەند دەڵێ: "ئێستا رۆژهەڵاتییەکانی لایەنگری داعش زیاتر روو لە ئەفغانستان دەکەن. هۆکاریش ئەوەیە کە داعش بڕیاری داوە موجاهید و خۆبەخشەکان روو لەو وڵاتە بکەن".

لە روانگەی هۆشمەندەوە، هۆکاری ئەم بڕیارەش بۆ بێهیوابوونی داعش لە عێراق و سووریا و گەڕانەوە بۆ چالاکی نهێنی لەو وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە. داعش 32 ویلایەتی هەیە کە 17 ویلایەتیان لە عێراق و سووریان و 15 ویلایەتەکەی دیکەش لە وڵاتانی دیکەن، بەڵام لەنێو هەموو ئەوانەدا فلیپین، بیابانی سینا لە میسر و ئەفغانستان لە هەمووان بۆ داعش گونجاوترن. لەنێو ئەم سێ وڵاتەشدا ئەفغانستان لە هەموویان گونجاترە.

شارەزایان دەڵێن حکومەتی ئێران گوشار بۆ رەوتە سەلەفییەکان ناهێنێ، بەجۆرێک کە زۆر ئازادانە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی دەکەن. لەنێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێنج رەوتی ئیسلامی هەن کە بریتین لە (مەکتەب قورئان، مەکتەب قورئانی کوردستان، جەماعەتی دەعوە و ئیسڵاح، داعش، ئەلقاعیدە و ئەنسارولئیسلام).

سێ رەوتی یەکەم چالاکیی مەدەنی دەکەن و بە رەوتی میانڕەو ناسراون. لە ساڵانی رابردوودا زۆر جاران ئەندامانی مەکتەب قورئان بە بچووکترین بیانوو دەستبەسەر کراون و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە و هەندێکیان تا ئاستی لەسێدارەدان سزا دراون، بەڵام رەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەو گوشارەیان لەسەر نەبووە.

### پێنج رەوتی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەن

بەگوتەی هۆشمەند، حکومەتی ئێران، تەنانەت ئەو کەسانەش کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر رەوتە توندڕەوەکان کردووە، بکوژانی سەلەفییەکانی دەستبەسەر کردووە و سزای قورسی بەسەریاندا سەپاندووە، هەروەها سەلەفییەکان بۆ زۆر لە چالاکییەکانیان ئازادبوون کە هەموو ئەمانە گومان لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و گرووپە سەلەفییەکان دروست دەکات.

نموونەش مەلا محەممەد عەلەوی کە لە گوندی یەکشەوە لە نزیک سەقز وتار دەدات و هەفتانە چەندین هەزار کەس لە وتارەکانیدا ئامادە دەبن. هەروەها مەلا عەبدوڵڵا ساڵحی هەرێمی دۆڵ، مەلا عوسمان سەقزی و مەلا عەبدولحەمید عالی لە کەسانی ناسراوی سەلەفین کە بە ئاشکرا لە مزگەوتەکان بانگەشەی بیری سەلەفیەت دەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران زوو زوو گوشار بۆ مەلا میانڕەوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبات، لە نموونەی ئەوانەش مەلا ساڵحی گوڵنەواز لە شاری سەردەشت.

سەبارەت بە هێرشەکەی تاران، خاڵی جێی گومان زۆر هەیە. موختار هۆشمەند دەڵێت: "دوور نییە ئێران چاوپۆشی لە هێرشەکەی ئەوان کردبێ، چونکە هەم داعش و هەمیش کۆماری ئیسلامی پێویستیان بە شتێکی لەم بابەتە هەبوو".

خاڵی جێی گومانی دیکەش ئەوەیە کە ساڵی 2014 ماڵپەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش راپۆرتێکی لەسەر چالاکی ئیسلامگەراکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردبووەوە، لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە ناوی "سریاس سادقی" یەکێک لە ئەنجامدەرانی هێرشەکانی تاران کرابوو کە پڕوپاگەندەی بۆ داعش کردبوو، بەڵام ئێران چاوپۆشی لێکردبوو.

# یەپەگە لە حەلەب دەمێنێتەوە

### فەرماندەیەکی سوپای سووریا:
### سوپای سووریا تاوەکوو ئێستاش پاڵپشتی لە یەپەگە دەکات

### ساڵح گەدۆ:
### ئەمانی چوارگۆشەی ئەمنیی سووریا لە قامشلۆ و حەسەکە لە بەرژەوەندیی کورد نییە

**دڵخواز بەهلەوی**
**رووداو- هەولێر**

هەریەک لە رژێمی سووریا و یەکینەکانی پاراستنی گەل، ئەو دەنگۆیانە رەتدەکەنەوە کە رژێمی سووریا داوای لە یەپەگە کردبێ لەو ناوچانەی حەلەب بکشێتەوە کە کۆنترۆڵی کردوون. بەرپرسێکی سەربازیی رژێمی سووریا دەڵێت "لە هاوکارییەکانمان بۆ یەپەگە بەردەوام دەبین".

شەڕی حەلەب گرنگترین رووداوی قەیرانی سووریایە. چەندین لایەن بەشدارییان لەو شەڕەدا کرد: سوپای رژێمی سووریا، سوپای سووریای ئازاد، میلیشیا شیعەکانی لایەنگری ئەسەد و ئێران، رووسیا، حیزبوڵڵا و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە). هەر لایەنێک لەوانە دەیویست مۆری خۆی لە حەلەب بدات، بەڵام شەڕەکە لە 22ی کانوونی یەکەمی 2016 بە قازانجی رژێمی سووریا کۆتایی هات.

هەریەک لە یەپەگە و یەپەژە بەشدارییان لەو شەڕەدا کرد، بە تایبەتی لە گەڕەکەکانی شێخ مەقسوود و ئەشرەفیە کە دوو گەڕەکی زۆرینە کوردن. ئەو دوو هێزە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە پاڵپشتی لە رژێمی سووریا دەکەن، بەڵام هەر دوای شەڕی حەلەب دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە رژێمی سووریا داوای کردووە یەپەگە لە شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە نەمێنن.

لیوا عەلی مەقسوود، ئەفسەری سوپای سووریا لەبارەی وجودی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە لە حەلەب بە (رووداو)ی گوت: "یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتی سووریا لە دژی گرووپە تیرۆریستەکان شەڕی کرد لەم شارەدا و ئێستاش بەهاوئاهەنگی لەگەڵ سوپای سووریا ئاسایشی چەندین ناوچەی وەک شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە دەپارێزن".

لیوا مەقسوود رەتیکردەوە حکومەتی سووریا بەنیازی دەرکردنی ئەو هێزانە بێت و گوتی: "حکومەت هیچ نیازێکی نییە ئەم هێزانە دوورخاتەوە، چونکە ئەوان قوربانییان دا بۆ پاراستنی ناوچەکە لە تیرۆریستان".

هەر لەوبارەوە ساڵح گەدۆ، سکرتێری پارتی چەپی دیموکراتی کوردی لە سووریا کە حیزبەکەی بەشدارە لە ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان، بە (رووداو)ی گوت "رژێمی سووریا هیچ داواکارییەکی فەرمی ئاراستەی یەپەگە نەکردووە بۆ کشانەوەیان لە ناوچە کوردییەکانی حەلەب، هەرچەندە دەنگۆیەک لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام ئەگەر راستیش بێت، ئەو هێزە ناکشێنەوە، چونکە ئەوان هێزێکی سەربەخۆن و بڕیار لە حکومەتی سووریا وەرناگرن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، پەیەدە لەبەرامبەر دەرکردنی هێزەکانی لە حەلەب، هەڕەشەی لە رژێمی سووریا کردووە چوارگۆشەی ئەمنی لە قامشلۆ و حەسەکە (کە دەزگا ئەمنی و ئیستخباراتییەکانی رژێمی لێیە) ناهێڵێ.

بەڵام ساڵح گەدۆ دەڵێت "یەکینەکانی پاراستنی گەل و کوردیش لەو باوەڕەدان وەلاتانی چوارگۆشەی ئەمنی لە بەرژەوەندیی کورد نابێت، بەتایبەتی لەم ناوچەیەدا فرۆکەخانە هەیە کە خزمەتی سڤیلەکان دەکات و ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەسەر کارەکانیان و مووچەکانیشیان لە رژێم وەردەگرن. ئەم چوارگۆشە ئەمنییە تەنیا رووکەشە".

هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان رۆڵی سەرەکی دەبینن لە ململانێی سووریادا. پارتی یەکێتی دیموکرات کە باڵە سەربازییەکەیان (یەپەگە) کۆڵەگەی سەرەکیی هێزەکانی سووریای دیموکرات پێکدەهێن، ئێستا لەلایەن ئەمریکاوە پڕچەک دەکرێن.

لیوا مەقسوود دەڵێت "ئەمریکا سەرجەم هاوپەیمانەکانی لە سووریا لەدەستدا، تەنیا هێزەکانی سووریای دیموکرات لە گۆڕەپانەکەدا دەبینێت کە تاکە هێزی شەڕکەری راستەقینە بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. بۆیە ئەمریکا زۆر پێویستی بەو هێزە هەیە".

ئەو ئەفسەرەی سوپای سووریا ئاماژە بە سیاسەتەکانی پەیەدە دەدات و دەڵێت "ئەو حیزبە هێلکەکانی تەنیا لەنێو سەبەتەیەکدا دانانێت. مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەکات. کاتێک دەستی خستە نێو دەستی ئەمریکا مانای ئەوە نییە پشتی لە حکومەت و سوپای سووریا کردووە. بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک هێزەکانی سووریای دیموکرات، شاری منبج و پێنج ناوچەی دیکەیان کۆنترۆڵ کرد، ناوچە سنوورییەکانیان رادەستی هێزەکانی پاراستنی سنووری سەر بە سوپای سووریا کرد".

سەبارەت بە هاوکارییەکانی سوپای سووریا بۆ ئەو هێزە، لیوا مەقسوود گوتی "کاتێک داعش هێرشی کردە سەر حەسەکە، سوپای سووریا چەکی زۆری بە یەپەگە دا، ئێستاش پشتیوانی سەربازیی تەواوی ئەو هێزە دەکات".



پەیەدە لە بەرامبەر دەرکردنیان لە حەلەب هەڕەشەی نەهێشتنی چوار گۆشەی ئەمنی دەکات (فۆتۆ: AFP)

بەڵام ساڵح گەدۆ رەتیدەکاتەوە یەپەگە هاوکاری لە رژێمی سووریا وەربگرێ و گوتی "بەهیچ شێوەیەک سووریا پشتیوانی یەپەگەی نەکردووە، بەڵکو ئەوە ئەمریکایە هاوکارییان دەکات. رژێمی سووریاش ناڕازییە و نیگەرانە لە هاوپەیمانێتی هێزە کوردییەکان لەگەڵ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان".

پارتی یەکێتیی دیموکرات بە حیزبێکی نزیکی سەر بە پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان دادەنرێ. لەدوای کشانەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ چەند حیزبێکی رۆژئاوای کوردستان و پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە، ئیدارەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی رۆژئاوای کوردستان پێکهێنا.

ئیدارەکە لە سێ کانتۆن پێکهاتووە (کۆبانێ، عەفرین و جەزیرە) بەڵام حکومەتی سووریا تاوەکوو ئێستا دانی بەو ئیدارەیەدا نەناوە، تەنانەت ئێستاش مووچەی فەرمانبەرانی ئیدارەکە

### داوامان لە یەپەگە نەکردووە لە حەلەب بڕوات

دەدات و دەزگا ئەمنی و ئیستخباراتییەکانی لە قامشلۆ هەر ماون.

بەرپرسە سەربازییەکەی سوپای سووریا سەبارەت بە گفتوگۆی رژێم لەگەڵ ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان، دەڵێت "حکومەتی سووریا ئامادەیە بۆ گفتوگۆ لەبارەی دۆزی کورد و سەرجەم پرۆژە و بیرۆکە پێشکەشکراوەکان بە پرۆژەی خۆسەریشەوە، کێشە نابێت ئەگەر سەرجەم پرسەکان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی سووریا و دەستووری سووریادا تاوتوێ بکرێن کە بەزۆرینەی دەنگی سوورییەکان پەسەندکراوە".

ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان دوو ئەنجوومەن هەن: (ئەنجوومەنی گەل) کە سەر بە پەیەدەیە، لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) کە ژمارەیەک پارتی رۆژئاوای کوردستان لەخۆدەگرێ. بەڵام ئیدارە بە دەست ئەنجوومەنی گەلە. پەیەدە ئەنجوومەنەکەی دیکەی لە دەسەڵات بێبەش کردووە، چونکە ئەنەکەسە رازی نییە بچێتە ژێر سێبەری ئەنجوومەنی گەل.

لیوا مەقسوود دەڵێت "پەیەدە نوێنەرایەتی هەموو کورد ناکات، بەڵام ئەگەر سەرجەم نوێنەرانی کورد لەسەر بیرۆکەیەک و پرۆژەیەکی تایبەت رێکبکەون، ئەوسا دەکرێت تاوتوێ بکرێت و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی خاک و گەلی سووریادا".

## نزیکەی 40%ی خەڵکی کوردستان بایۆمەتریی هەڵبژاردنیان کردووە

# حیزبەکان گومانیان لە تۆماری دەنگدەران هەیە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی پێشبینی دەکات ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بگاتە 3 ملیۆن 300 هەزار کەس، حیزبەکانیش تێبینییان لەسەر تۆماری دەنگدەران هەیە. بەرپرسێکی گۆڕان دەڵێت زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی هەولێر و دهۆک، بەلای ئەوانەوە "سیاسییە".

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی دوایین ئەبدەیتی تۆماری پسولەی خۆراکی وەزارەتی بازرگانیی عێراق، پێشبینی دەکەین 3.3 ملیۆن کەس تاوەکوو 3.5 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەبێ".

تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام گومانی لەسەرە، هەندێک لایەن دەڵێن لیستەکە پاک نەکراوەتەوە لەوانەی کە مردوون.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لەبارەی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لیستی نوێی تۆماری دەنگدەران کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دراوە، لە 2013 وە تاوەکو 2017 لە هەرێمی کوردستان 500 هەزار دەنگدەر زیادی کردووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لیستێکی باوەڕپێکراو ئامادە بکرێت و ناوی مردووەکان دەربهێندرێت و تۆمارێکی پاک بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکرێ".

پشتبەستنی کۆمسیۆن بە تۆماری پسوولەی خۆراکی وەزارەتی بازرگانیی عێراق و کارنەکردن بە بایۆمەتری، نیگەرانیی هەندێک حیزب و لایەنی هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە. هێمن ئەسکەندەر، ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نیگەرانی حیزبەکەی ڕوونکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە ڕەخنەوتێبینیمان لە تۆماری دەنگدەران هەیە، چونکە کۆمسیۆن پشتی بە بایۆمەتری نەبەستووە، بەڵکو بەپێی پسولەی خۆراک و تۆماری وەزارەتی بازرگانیی عێراق دەیانەوێ هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچێت، ئەمەش مانای وایە هەمان کێشە و گرفتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دووبارە دەبنەوە".

هێمن ئەسکەندەر گومانی لە تۆماری دەنگدەران هەیە کە پشت بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەستراوە. "ئەگەری هەیە پەنابەر و ئاوارەکانیش کە ناسنامەیان بۆ دروستکراوە بەپێی تۆماری دەنگدەران دەنگ بدەن، چونکە هەر کەسێک ناسنامەی هەبێت ناوی لە تۆماری وەزارەتی بازرگانیدا هەیە".

بزووتنەوەی گۆڕانیش گومانی لە تۆماری دەنگدەران هەیە و دەڵێت پڕیەتی لە ناوی مردوو. کارزان گەردی، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "تۆمارەکە پڕە لە ناوی زیادە، دووبارە و ناوی وەهمی و مردوو. بۆیە دەبێ وەزارەتی بازرگانی و تەندورستی تۆمارەکە پاک بکەنەوە". کارزان ئەنجامدانی سەرژمێری بە باشترین چارەسەر دەزانێ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی تۆمارێکی پاکی دەنگدەران.

گوتەبێژی کۆمیسیۆن لەبارەی گومانی حیزبەکان لە تۆماری دەنگدەران دەڵێت، دەرگا بۆ حیزبەکان واڵایە کە سکاڵا لەسەر تۆماری دەنگدەران تۆمار بکەن. شێروان زرار دەڵێت "ئێمە سوود لە بایۆمەتری وەردەگرین بۆ پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بە نووسراویش داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە ژمارە و داتای مردووانی ساڵی 2013 تاوەکو 2017مان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لە لیستی دەنگدەران دەریانبهێنین".

پرۆسەی بایۆمەتریی هەڵبژاردن لە ناوەڕاستی ساڵی 2015 دەستی پێکردووە، بەڵام سەرەڕای هۆشداریی کۆمیسیۆن، لەوانەش ڕایینەکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان بەبێ کارتی بایۆمەتری، هاووڵاتیان وەکو پێویست بەدەم پرۆسەکەوە ناچن.

گوتەبێژی کۆمیسیۆن گوتی "بەپێی قسەی بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق، 35% تاوەکوو 40%ی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەیە، ناوی خۆیان لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار کردووە، بۆیە هەڵبژاردن بەپێی تۆماری وەزارەتی بازرگانی عێراق لە ساڵی 2005 بەڕێوەدەچێ، چونکە ئەگەر بە بایۆمەتری بێت نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە هەڵبژاردن بێبەش دەبن".

به گوتەی خەسرۆ گۆران لە هەولێر 45% لە سلێمانی 33% لە دهۆک 58% و لە کەرکووک 56%ی دەنگدەران بایۆمەترییان کردووە. خەسرۆ گۆران دەڵێت "ئەگەر بەراورد بکەین بە ڕێژەی دانیشتووان و ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، ڕێژەکە زۆر کەمە".

بەرپرسەکەی ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان دەڵێت بەپێی زانیاری ئەوان ژمارەی دەنگدەرانی هەولێر و دهۆک زۆر زیادی کردووە، ئەوەش گومانی لەلای ئەوان دروستکردووە "زیادبوونی بەرچاوی دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر و دهۆک پەیامێکی سیاسییە وەکو ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە سلێمانی زیاد نەبوویێت".

ئارام جەمال، لە پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن دەڵێت: "تاوەکو لە کۆمسیۆن تۆماری دەنگدەران یەکلایی نەبێتەوە و ناوی مردووان لە تۆمارەکە دەرنەهێنرێ، ناتوانرێ ئاستی گەشەی دانیشتووان و دابەشوونیان بەسەر پارێزگاو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێ".

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەمساڵدا 30 ملیار دینار (22 ملیۆن دۆلار)ی خستووەتە سەر حیسابی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، شێروان زرار گوتەبێژی کۆمسیۆن دەڵێ: "بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەک پێویستمان بە شەش مانگ ئامادەسازی هەیە".

لە هەر سێ پارێزگەکەی هەرێمی کوردستان 173 بنکەی لاوەکی دەنگدان هەیە (هەولێر 53 بنکە، سلێمانی 79 و دهۆک 41). هەر یەک لەو بنکە لاوەکیانەش لە چەند بنکەیەکی دەنگدان پێکدێن لە هەولێر 498 بنکە، سلێمانی 740 و دهۆک 256 بنکەی دەنگدانی هەیە. بنکەکانی دەنگدانی هەولێر پێکدێن لە 2340 وێستگە، سلێمانی 2753 وێستگە و دهۆک 1481 وێستگە. بۆ بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێکیش هەولێر پێویستی بە 14 هەزار 688 فەرمانبەر هەیە، سلێمانی 16 هەزار 110 فەرمانبەر و دهۆک 8 هەزار 941 فەرمانبەر.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**کۆمسیۆن: پێشبینی دەکەین 3.5 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبێت**

**گۆڕان: زیادبوونی ڕێژەی دەنگدەرانی هەولێر و دهۆک سیاسییە**

**پارتی: 500 هەزار دەنگدەر زیاد بووە**

**یەکگرتوو: ئەگەری هەیە ئاوارە و پەنابەریش دەنگ بدەن**

### ژمارەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا:

1992، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 971 هەزار453 کەس دەنگیان دا
2005، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 1 ملیۆن 753 هەزار 918 کەس
2005، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 1 ملیۆن767 هەزار 993 کەس
2009، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی 1 ملیۆن 876 هەزار 196 کەس
2010، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق 1 ملیۆن 938 هەزار 754 کەس
2013، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەک ملیۆن 970 هەزار 317 کەس
2014، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق 2 ملیۆن 128 هەزار 167 کەس
2014، ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2 ملیۆن 161 هەزار 38 کەس

# لایەنە عێراقییەکان لەبارەی گشتپرسییەکەی کوردستان یەکدەنگ نین

**دەوڵەتی یاسا: گشتپرسی هەرێمی کوردستان دەستی ئیسرائیلی لەپشتە**

**مواتن: ڕازی نابین هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابێتەوە**

**فەزیلە: ئەستەمە گشتپرسی بە ئاسانی تێپەڕێت**

**هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان: گشتپرسی و جیابوونەوە دوو پرسی جیاوازن**

نەهرۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، دژایەتی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان دەکات و پێیوایە دەستی ئیسرائیلی لە پشتە. پەرلەمانتارێکی (مواتن)یش دەڵێت دەوڵەتی کوردی بە مردوویی لە دایک دەبێت. هەرچی سوننەکانن، پێیانوایە پرۆسەکە پێویستی بە زەمینەسازی هەیە. ڕۆژی 7ی حوزەیرانی2017، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت و پەرلەمان کۆبووەوە و بڕیار درا ڕۆژی 2017/9/25 وادەی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان بێت، ئەم بڕیارەش لە نێوخۆی عێراق و نێوەندە نێودەوڵەتییەکان کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە.

ڕەعد دەهلەکی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی هێزە سوننە عێراقییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مافی چارەی خۆنووسین مافێکی سروشتیی گەلانە، بەڵام پێویستە لە چوارچێوەی دەستووردا بێت. دەهلەکی پێیوایە ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات "تەنیا گشتپرسییە، نەک جیابوونەوە لە عێراق، چونکە گشتپرسی و جیابوونەوە دوو پرسی جیاوازن، گشتپرسی زیاتر ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستە نەک جیابوونەوە، جیابوونەوە پێویستی بە کۆمەڵێک میکانیزمی دیکە هەیە".

ئەو پەرلەمانتارە سوننەیە دەڵێ "پرۆسەیەکی لەو جۆرە پێویستی بە زەمینەسازی هەیە. ئەو زەمینەسازییە بەتایبەتی ڕێککەوتن لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی دواتر هیچ کێشەیەکی گەورەتری لێنەکەوێتەوە".

شیعەکان کە لە زۆر بۆنەدا هاوسۆزی خۆیان بۆ کورد دەردەبڕن، بەڵام زۆربەیان هاوڕان لە دژایەتیکردنی گشتپرسی. عەمار تەعمە، سەرۆکی فراکسیۆنی (فەزیلە) لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت ئەنجامدانی گشتپرسییەکەی کوردستان هیچ بنەمایەکی دەستووری نییە و بەڵکو پێچەوانەی دەستوورە، هیچ بڕگەیەکی دەستووری نییە مافی گشتپرسی بداتە هەرێمی کوردستان". بۆیە فراکسیۆنەکەیان دژی گشتپرسی هەرێمی کوردستانە.

سەرۆکی فراکسیۆنی (فەزیڵە) پێیوایە دژایەتی هەندێک لایەنی کوردی لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسی "کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان قووڵتر دەکاتەوە"، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە "وڵاتانی دراوسێ دژی ئەنجامدانی گشتپرسی هەرێمی کوردستانن، بۆیەش ئەستەمە ئەو پرۆسەیە بە ئاسانی تێپەڕێت".

عەمار تەعمە، گوتی هەندێک لایەنی نێو هەرێمی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی جدیین، بەڵام لایەنی دیکەی کاریگەر هەن دژی گشتپرسین و بایکۆتی کۆبوونەوەکەی بارزانییان کردووە، بۆیە بەم هەنگاوە کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان قوڵتربێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، هێز و لایەنە عێراقییەکان دژی ئەو هەنگاوەن و پێویستە یەکریزی نێو خۆی عێراقی بەهێزبکرێت نەک دابەشبکرێت، کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا خراپ بوو، داعش گەیشتە نزیک هەولێر و بەغدا، بەڵام دوای باشبوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا، سەرکەوتنی گەورە بەسەر داعش بەدەستهێنرا، بۆیە پێویستە ئەو پەیوەندییانە بەهێزبکرێن، نەک هەڵویستی عێراق دابەش و لاواز بکرێت.

سادق لبان، پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، ڕایگەیاند لە دەستووری عێراقدا هیچ بوارێک بۆ جیابوونەوە نییە و دەبێت لایەنە سیاسییەکان پابەند بن بە دەستوورەوە.

پەرلەمانتارەکەی (دەوڵەتی یاسا) هۆشداریش دەدا کە "جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان دەبێتە بارگرانیی بۆ خودی هەرێمەکە"، چونکە هەرێمی کوردستان بەهۆی بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق "ڕووبەڕووی دژایەتی وڵاتانی دراوسێ دەبێتەوە".

سادق لبان پێیوایە کەشی ناوخۆی کوردستانیش لەبار نییە بۆ گشتپرسی و گوتی "لە نێوخۆی هەرێمی کوردستانیش هێزی نەیاری ئەو پرۆسە هەن و جیابوونەوەش تەنیا لەبەرژەوەندی دوژمنانی هەرێمی کوردستان و عێراقە". سەبارەت بەوەی ئەو دوژمنانە کێن، پەرلەمانتارەکەی لیستی (دەوڵەتی یاسا) گوتی "ئەوە ئیسرائیل و وڵاتانی نەیارانی عێراقن، کە پڕۆژەی دابەشکردنی عێراق و ناوچەکەیان هەیە، هەر ئەوانیش لە پشت گشتپرسی و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانن".

محەممەد مەسعودی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی (مواتن)، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دۆخەکە بۆ گشتپرسی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەبار و گونجاو نییە، هەرێمی کوردستان بنەماکانی دەوڵەتبوونی نییە و کێشەی دیکەی گەورەتر بۆ دانیشتوانەکەی دروست دەکات، بۆیە پێویستە برایانی کورد وردتر لەو پرسە بکۆڵنەوە و بڕیاری دروستی لەبارەوە بدەن".

لیستی (مەواتن) لە لایەن عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و پەرلەمانتارەکەیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرچەندە باوەڕیان بە مافی گەلانە، بەڵام "هەرێمی کوردستان بەشێکی عێراقە، ئێمەی عێراقی بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕازی نابین و سوورین لەسەر پاراستنی یەکپڕیزی خاکی عێراق".

لە پاش دیاریکردنی وادەی گشتپرسییەکە، ئێران و تورکیا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە گشتپرسییەکە ڕاگەیاند و هەردوو وڵات دژایەتی بڕیارەکەیان کرد. مەسعودی پێیوایە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی دیکە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ڕازی نابن و دەڵێت "دەوڵەتی کوردی بە مردوویی لە دایک دەبێت"..

ڕۆژی شەممە 2017/6/10، لە ڕاگەیێندراوێکدا عەلی ئەدیب، سەرۆکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند :"ئەنجامدانی گشتپرسی بڕیارێکی تاکلایەنەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی داویەتی، ئەمەش دەچێتە پاڵ بڕیار و هەنگاوە تاکلایەنە پێشووەکانی دیکەی، لەوانە فرۆشتنی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی، وەرگرتنی باج و گومرگی دەروازە سنوورییەکان، واژۆکردنی گرێبەستی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی عێراق، تەنانەت بەبێ گەڕانەوە و ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش."

هەر لەوبارەوە، گوتەبێژی نووسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ڕایگەیاند "هەر بڕیارێک لەبارەی داهاتووی عێراقەوە بدرێت، دەبێ دەستووری تێدا ڕەچاوبکرێت". سەعد حەدیسی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی 9-6-2017 بڵاویکردووەتەوە دەڵێت: "پێویستە هەموو عێراقییەکان پێکەوە بڕیار لەسەر ئایندەی وڵاتەکەیان بدەن و نابێ هیچ لایەنێک بە پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە بڕیاری لەسەر بدات"".

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداش گوتەبێژی عەبادی جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە "ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پشت بە دەستوور دەبەستێت، وەک مەرجەعی یاسایی و سیاسی، بۆ بڕیاردان لەسەر پەیوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان".



## ڕێکخراوێکی ئەڵمانی 6000 کەس دەخاتە سەر کار

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی 6 هەزار کەس لە شــارەکانی هەرێمی کوردســتان بەشــێوەی گرێبەست و کاتی بۆ دوو مانگ دادەمەزرێنێت. پێشووتریش لە کەرتی خزمەتگوزاری سەدان هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانی بەشێوەی کاتی دامەزراندبوو. ڕێکخراوەکە ساڵی ڕابردوو تەنیا لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی 35 بۆ 40 ڕۆژ کاری بە زیاتر لە 3500 کرێکار درا.. بەڵام ئەمساڵ بودجەی ڕێکخراوەکە کەمیکردووە و ژمارەیەکی کەمتر کرێکار وەردەگرن. بەپێی ئەو پێشبینییەی لەبەردەستیاندایە بۆ ئەمساڵ دەتوانن لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 6000 کرێکار وەربگرن، بۆ ماوەی دوو مانگیش کاریان پێدەدات.



ئابووری
ڕووداو
ژمارە (461) - دووشەممە 2017/6/12

### 90 %ی هیندییە

# ساڵانە 230 ملیۆن دۆلاری کوردستان بۆ برنجی هاوردەکراو دەڕوات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر برنج هەیە و ســاڵانە زیاتر لە 200 هەزار تۆن لە هیندســتان، پاکســتان، رووسیا و ئەمەریکاوە بە بەهای زیاتر لە 230 ملیۆن دۆلار هاوردە دەکرێ.

برنــج لە زۆر وڵاتی جیهان خۆراکێکی بنەڕەتییە، بۆیە لەڕووی چاندنەوە لەدوای گەنم بە پلەی دووەم دێت. لەڕووی بڕی بەرهەمیشــەوە لــە دانەوێڵەکاندا لەســەر ئاســتی جیهان لە پلەی ســێیەمدایە، بەڵام چانــدن و بەرهەمــی ئــەو خۆراکــە ســتراتیژییە لە کوردستان پشتگوێخراوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئــاو، بەرهەمــی برنــج لــە کوردســتان هێشــتا لە کەمبوونەوەدایە، بەجۆرێک بەرهەمی ســاڵی ڕابردوو بەراورد بە ســێ ســاڵ پێشتر بە ڕێژەی 28% کەمی کــردووە، تێکــڕای بەرهەمــی ســاڵانەی کێڵگەکانی برنجیــش لە هەرێمی کوردســتان لە 6 هــەزار تۆن تێپەڕ ناکات، ئەو بڕەش نزیکەی 3%ی پێویســتیی دانیشــتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ، واتە 97%ی ئەو برنجەی لێرە دەخورێ، هاوردەکراوە.

وەزارەتی کشــتوکاڵ بە پشتبەســتن بە پێوەری پرۆگرامــی خۆراکی جیهانی، پێویســتیی ســاڵانەی تاکی هەرێمی کورســتانی بە 36 کیلــۆ برنج دیاری کردووە. بەپێی داتاکانی دەســتەی ئاماری هەرێمی کوردستانیش، ســاڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی کوردستان گەیشــتووەتە پێنج ملیۆن و 614 هەزار کەس، کەواتە هەرێمی کوردستان بێ ئاوارەو پەنابەر و ئەو گەشتیار و میوانانەی رووی تێدەکەن، ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 202 هەزار و 104 تۆن برنجە.

د.ئەنــوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشــتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئــاو، دەڵێت: "مــاوەی چەند ســاڵێکە برنج بووەتە یەکێک لە خۆراکە ســەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، بۆیە پێشبینی دەکەین زیاتر لەو بڕەی بۆ پێویستیی تاک لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، برنج بخورێ".

برنــج بــەلای وەزارەتی کشــتوکاڵەوە لــە ڕیزی بەرهەمە ســتراتیژییەکانی وەکو گەنم، پیاز، تەماتە و پەتاتــە دانــراوە. بــەڵام د.ئەنــوەر عومەر دەڵێت ئەولەوییەتیــان بــۆ بەرهەمــی دیکە بــووە و پلانی گەشەپێدانی برنجیان نەبووە.

د.ئەنــوەر، دابەزینــی ئاســتی بەرهەمی برنجی خۆماڵــی بۆ هۆکاری سروشــتیی گەڕاندەوە و گوتی "پێشــتر ئــاو زۆر بــوو، بۆیــە لەکەنار ڕووبــارەکان و 700 کارێــز لە کوردســتان برنــج دەچێنرا، بەڵام بەهۆی وشکەساڵی زۆربەی کارێزەکان وشک بوون و بەوهۆیەوە بەرهەمی برنج پاشەکشەی کرد".

چاندنی برنج بەگوێرەی جۆرەکانی پێویســتی بە ئــاوی زۆر و پلــەی گەرمیی تایبەت هەیە، بۆیە ئەم بەرهەمــە زیاتر لە ناوچە گەرم و نیمچە گەرمەکانی نێوان هێڵی پانی 45ی باکوور و 40ی باشووری گۆی زەوی دەچێنــرێ. لەڕووی چاندن و بەرهەمیشــەوە وڵاتانــی چیــن، ژاپــۆن، هیندســتان، پاکســتان و ئیندۆنیزیا لە پێشەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی برنجن.

فاتیح یاســین، بەڕێوەبەری گشــتیی کۆمپانیای مومتاز بــۆ هاوردەکردنی بەرهەمە خۆراکییەکان کە بریکاری ســەرەکیی فرۆشتنی برنجی مەحموودە لە هەولێــر، دەڵــێ "ســاڵانە زیاتر لە 200 هــەزار تۆن برنج لە هیندستان و پاکستان و تایلاند و رووسیا و ئەمریکا و ئێران و چەند وڵاتێکی دیکەوە دەهێنرێت".

بــە گوتەی ئــەو بازرگانە، زیاتر لە 50 جۆر برنج هــاوردەی کوردســتان دەکرێت، نرخەکانیشــیان بە گوێرەی کواڵیتییان لــە 400 تاوەکوو 1150 دۆلارە بۆ هەر تۆنێک.

ئەو بازرگانە دەڵێت "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، 90%ی خەڵک لە هەرێمی کوردستان برنجی هیندی دەخۆن کە نرخی هەر تۆنێکی زیاتر لە 1000 دۆلارە، بۆیە دەتوانین بڵێین ســاڵانە بایی 230 ملیۆن دۆلار برنج هاوردەی کوردستان دەکرێ".



100 کۆمپانیا زیاتر لە 50 جۆر برنج هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن

کۆمپانیای ئازاد رایس ساڵانە 20 هەزار تۆن برنج لــە دەرەوە هــاوردە دەکات. ئازاد نــادر کە خاوەنی کۆمپانیاکەیە دەڵێت "لە کوردســتان برنج بازاڕێکی گەرمــی هەیــە، بۆیــە 100 کۆمپانیا برنــج هاوردە دەکــەن، هــەر کۆمپانیایەکیــش چەنــد مارکەیەکی بەنــاوی خــۆی تۆمار کردووە و برنج لە هیندســتان و ئەمەریکا و رووسیا و وڵاتانی دیکەوە دەهێنن".

ئازاد گوتیک "کواڵیتیی جیاواز هاوردەی هەرێمی کوردســتان دەکرێت، چەند جۆرە برنجێکی کواڵیتی نایــاب هاوردە دەکرێن کە تۆنێکی بە 2000 دۆلارە، بەڵام دانیشتووانی کوردستان زیاتر خواستیان لەسەر برنجی دەنک درێژی کواڵیتی باشە کە نرخی تۆنێکی 1200 دۆلارە".

لەجیهانــدا دوو جۆری باوی برنج هەن، ئەوانیش بریتین لە جابونیکا و ئیندیکا. کۆمەڵەی یەکەم زیاتر لە کێڵگە کەشوهەوا وشکەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســیا دەچێنرێ. کۆمەڵــەی دووەمیش زیاتر لە زەوییە نزمە ئاوییەکانی ئاســیا دەچێنرێ. قەبارەی برنجەکەشی سێ جۆرە (درێژ، مام ناوەند و خڕ)، برنجی کوردی لە جۆری ئیندیکای خڕی کورتە.

زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە ســلێمانی دەڵێت "لــە ئەنجامی توێژینەوە بۆمان دەرکەوتووە خاک و ئاو و هەوای کوردستان زیاتر بۆ برنجی جۆری خڕی دەنک کورت گونجاوە".

زانا پێیوایە ئەگەر حکومەت پلانی بۆ گەشەپێدانی برنج هەبێــت، تەنیا لەڕێی ســوودوەرگرتن لە ئاوی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان و بەنداوە بچووکەکانی دیکــە و ڕووبــارەکان، دەتوانــن هاوشــێوەی گەنــم بەرهەمی برنجیش تا ئاستی خۆبژێوی زیاد بکەن.

ســەرجەم ئــەو جــۆرە برنجانــەی لەناوچە جیاوازەکانــی کوردســتان دەچێنرێن، لە جۆری برنجــی خڕی دەنــک کورتە، بــەڵام بەگوێرەی ناوچەکان ناوی جیاوازی لێنراوە وەکو مەولەوی، بازیان و نەگازە لە ســلێمانی. بەرازیلی، شەش مانــگ، ســێ مانــگ و ســەدریش لــە دهۆک و هەولێر دەچێنرێ.

لــە هــەر پارێزگایەکیش لە چەنــد ناوچەیەکی جیاواز برنج دەچێنرێت. لە هەولێر زیاتر لە هەریر و باتاس و بارزان، لە سلێمانی زیاتر لە بازیان و لە دهۆکیش زیاتر لە سنووری قەزاکانی بەردەڕەش و ئاکرێ و ســێمێل. لەڕووی چاندن و بەرهەمیشەوە پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە، ساڵانە 4 تاوەکو 6 هەزار دۆنم زەوی دەچێنن کــە دەکاتە نزیکەی 3/2 ڕووبەری برنجی چێنراو لە هەرێمی کوردستان.

د.ئەنــوەر عومــەر، بەڕێوەبــەری گشــتیی پلاندانــان لە وەزارەتی کشــتوکاڵ باســی پلانی وەزارەت دەکات بــۆ گەشــەپێدانی برنج و دەڵێت "لەدوای گەیشتن بەئاستی خۆبژێوی لە بەرهەمی گەنم، لەپلانماندایە گەشــە بە بەرهەمی برنجیش بدەین. ساڵی ڕابردوو وەک قۆناغی یەکەم ئامێری کوتــان و ئاشــمان بۆ جووتیارانــی ئاکرێ دابین کرد، بۆ ئەمساڵیش لەپلاندابوو ئامێری کوتان بۆ جووتیارانی هەریر و بارزان و بازیان دابین بکەین، بەڵام بەهۆی دابیننەکرنی بودجە، نەمانتوانی ئەم پلانە جێبەجێ بکەین".

### هەرزانفرۆشی دەکەن

# بازرگانانی عەرەب گەنمی جووتیارانی کوردستان دەکڕنەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهــۆی دواکەوتنی پرۆســەی وەرگرتنی گەنم و کەمکردنەوەی بڕی وەرگرتن، بەشێک لە جووتیارانی کوردســتان بــە ناچاری گەنمەکانیــان بە کەمتر لە نرخی ســایلۆ بە بازرگانان دەفرۆشــنەوە. ئەمەش زیانێکی گەورەی بە داهاتی جووتیاران گەیاندووە و وەزارەتی کشتوکاڵیش تاوەکوو ئێستا هیچ پلانێکی بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران نییە.

دانانــی نرخ، بــڕی وەرگرتن و کاتــی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی عێراق و کوردستان، لە ئەستۆی وەزارەتــی بازرگانیــی عێراقــە، ســاڵانە لێژنەیەکی باڵای تەخمین لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی بازرگانی، دارایی، پلاندانان، کشتوکاڵ و نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیــران پێکدێــت. بەپێــی ئــەو بــڕە پارەیەی لە بودجــەی حاکیمە بۆ کڕینی گەنم تەرخان دەکرێت، بڕیار لەسەر نرخی کڕینەوە و بڕی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران دەدرێ.

نــەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشــتیی بازرگانی لــە وەزارەتی بازرگانی و پیشەســازی بە وەکالەت، دەڵێــت: "وەزارەتــی بازرگانیــی عێــراق پێشــتر بەگوێــرەی ئــەو پارەیــەی لــە بودجــەی حاکیمە ســاڵانە بۆ کڕینەوەی گەنم تەرخان دەکرا، پلانێکی گشــتگیری بۆ پرۆســەی وەرگرتنــی گەنم لەهەموو پارێزگاکانــی عێــراق بە هەرێمی کوردستانیشــەوە جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئەمســاڵ بۆ زیانگەیاندن بە ئابووریی کوردستان و بە بڕیارێکی سیاسی، هەرێمی کوردستانیان لەپلانەکە جیاکردووەتەوە".

حکومەتــی عێــراق ئەمســاڵ ترلیۆنێــک و 700 ملیــار دیناری لــە بودجەی حاکیمە بــۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیــاران و هاوردەکردنی گەنم لە دەرەوە تەرخان کردووە، تەنیا 17%ی ئەو پارەیە بۆ گەنمی جووتیارانــی کوردســتان تەرخانکــراوە کە بەشــی کڕینەوەی تەنیا 442 هەزار تۆن دەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشــتوکاڵ، لە هەشــت ســاڵی ڕابــردوودا بەرهەمی گەنم لە کوردســتان لە 218 هــەزار تۆنــەوە بۆ ملیۆنێک و 680 هەزار تۆن زیــاد بووە، ئــەم زیادبوونە خێرایــەش گومانی لای بەرپرسانی بەغدا دروستکردووە.

ساڵی ڕابردوو حکومەتی عێراق بەبیانووی کەمیی بودجە تەنیا 70%ی گەنمی جووتیارانی کوردستانی بەنرخی پاڵپشت کڕییەوە، بۆ ئەمساڵیش بڕیاریانداوە تەنیــا 442.705 تــۆن گەنــم (151.148 تــۆن لە هەولێر، 115.884 تۆن لەسلێمانی و 175.673 تۆن لە دهۆک) بەنرخی پاڵپشت لە جووتیاران بکڕنەوە، بــەڵام تــەواوی بەرهەمی جووتیارانــی پارێزگاکانی عێراق دەکڕنەوە.

بەپێــی نووســراوی ژمــارە 6156ی وەزارەتــی کشــتوکاڵ لــە هەرێمــی کوردســتان کــە لــە 2016/10/25 وێنەیەکــی ئاراســتەی وەزارەتــی کشــتوکاڵی عێراق کراوە، ئەمســاڵ ســێ ملیۆن و 552 هــەزار دۆنــم زەوی لــە هەرێمی کوردســتان بەگەنم چێنراوە، پێشبینیش دەکرێ بەرهەمەکەی بگاتە ملیۆنێک و 673 هەزار تۆن.

نــەوزاد ئەدهــەم دەڵێــت: "بەرپرســانی بەغدا گومانیان لە زیادبوونی گەنمی کوردستان هەیە، بۆیە تێکڕای زیادبوونی بەرهەمی ساڵانەی 2009 تاوەکو 2013ی کوردســتانیان بە نموونە وەرگرتووە و بڕی 5%یان خستووەتە سەر، پاشان بڕیاری وەرگرتنی 442 هەزار تۆنیان داوە".

بەگوێــرەی پلانەکــە، دەبووایــە پرۆســەی وەرگرتنی گەنم لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان لەســەرەتای ئەو مانگــەوە دەســتپێبکات، بەڵام تاوەکو ئێستا دەرگای سایلۆکان بە ڕووی گەنمی جووتیاراندا نەکراوەتەوە.

نەوزاد ئەدهــەم، هۆکاری دواکەوتنی پرۆســەی وەرگرتنــی گەنمــی لە ســایلۆکانی کوردســتان بۆ نەگەیشــتنی داتا و زانیاریی پێویســت بە وەزارەتی بازرگانیی عێراق و سایلۆکانی کوردستان گەڕاندەوە و گوتی "دوای کەمکردنەوەی بڕی وەرگرتن دەبووایە وەزارەتی کشــتوکاڵی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە داتاکان بکات و داتای نوێ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانیی عێراق بنێرێت، بەڵام داتاکان تاوەکو ئێستا نەگەیشتوون، بۆیە پرۆسەی وەرگرتنی گەنم دواکەوتووە".



ملیۆنێک و 230 هەزار تۆن گەنمی جووتیاران لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی سایلۆکان دەمێنێتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

حکومەتی عێراق ئەمســاڵ بۆ کڕینەوەی تۆنێک گەنمی پلە یەک 560 هەزار دینار، بۆ پلە دوو 480 هەزار دینار و بۆ پلە سێ 420 هەزار دیناری دیاری کردووە، بەڵام جووتیارانی کوردستان نائومێد بوون لە سایلۆکان و هەر لە ئێستاوە دەستیان کردووە بە فرۆشتنی بەرهەمەکەیان.

ســالم عەبدولڕەحمــان، خاوەنی نووســینگەی ئەحمــەد گەردی، بۆ کڕین و فرۆشــتنی دانەوێڵە، تاوەکوو ئێســتا زیاتر لە پێنج هــەزار تۆن گەنمی لە جووتیــاران کڕیوە، زۆربەی ئەو گەنمەشــی بە بازرگانانی عەرەب و کارگەکانی ئالیک فرۆشتووە. ســالم دەڵێت "یەک تۆن گەنمی پلە یەک بە 350 تاوەکــوو 385 هــەزار، پلــە دوو و ســێ بــە 310 تاوەکوو 340 هەزار دینار لە جووتیاران دەکڕینەوە، بە کەمێک قازانج بە بازرگانانی عەرەب و کارگەکانی ئالیکی دەفرۆشینەوە".

ماوەی سێ ساڵە بەغدا پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان دوادەخات، ئەوەش وای کردووە زۆربەی جووتیــاران متمانەیــان بــە ســایلۆکان نەمێنێ و گەنمەکانیان لەدەرەوەی سایلۆ بفرۆشنەوە".

سالم دەڵێت: "هاوشێوەی پارێزگای هەولێر، لە هــەردوو قەزای ئاکرێ و شــێخان لــە دهۆک و لە سلێمانیش لە قەزای چەمچەماڵ و هەندێ ناوچەی دیکە، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی گەنم زۆر گەرمە و ڕۆژانە بەهەزار تۆن دەکڕدرێت و دەفرۆشرێتەوە".

### کواڵیتی گەنمی ئەمساڵ خراپە

ڕۆستەم سلێمان، خاوەنی نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشــتنی دانەوێڵەیــە و ئەمســاڵ چــوار هەزار تــۆن گەنمــی لە جووتیــاران کڕیوەتــەوە، دەڵێت "بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بەتایبەت ئەوەی بەدێمی چێنراوە بەراورد بە ســاڵی ڕابردوو خراپە، زۆربەی جووتیــاران دەترســن گەنمەکانیــان لە ســایلۆ بە پلە یەک وەرنەگیرێت و پارەکەشــیان دوابکەوێت، بۆیــە لــە دەرەوەی ســایلۆ بە نرخێکــی هەرزانتر دەیفرۆشنەوە".

بــە گوتــەی ئــەو بازرگانــە، زۆربــەی گەنمی جووتیاران لە نێوخۆدا ســاخ دەکرێتەوە و دەڵێت: "ئەمســاڵ بازاڕی کڕین و فرۆشتنی گەنم لە هەموو ســاڵێک گەرمتــرە، چونکە بەشــێک لــەو گەنمە بازرگانانی عەرەب بۆ کارگەکانی ئالیک دەیکڕینەوە، نرخەکەشی زیاترە لە ساڵی ڕابردوو".

### پێشنیازێک بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران

دوو ســاڵە وەزارەتی کشتوکاڵ پڕۆژەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و داوای کردووە ســاڵانە وەک پاڵپشــتی لە بەرهەمی ناوخۆ 500 تاوەکو 600 هەزار تۆن گەنم بە نرخی 50 تاوەکو 100 هەزار دینار زیاتر لە نرخی بۆرسەی جیهانی لە جووتیاران بکڕێتەوە. دواتر بــە کۆمپانیا و بازرگان و کارگەکانی ناوخۆی بفرۆشــێتەوە. هەروەها بۆ بەکارخســتنی کارگەکان و پاڵپشتی لە بەرهەمەکانیشــیان هاوردەکردنی ئاردی سفر، ساوار، بڕوێش، گەنمەکوتە و ماکەرۆنی قەدەغە بکات یان گومرگیان بخاتە سەر.

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی کشــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بەداخــەوە بەهۆی قەیرانی دارایی، حکومەت تاوەکوو ئێســتا وەڵامی داواکەی ئێمەی نەداوەتەوە".

# سەکۆ نەوتییەکانی ئەمەریکا هەڕەشە لە نرخی نەوت دەکەن



یادگار سدیق*

ئێستا نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لەبەردەم هەڕەشەی یەدەگی نەوتی کۆگاکراوی ئەمەریکا و بیرە نەوتیەکانی ئەو وڵاتە و ئەو خستنەڕووە زۆرەی کە لەلایەن بەرهەمهێنەکانی نەوتەوە خراوەتە ڕوو، مامەڵەی پێوە دەکرێت، نەگۆڕینی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی نێوان وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپیک و چەند وڵاتێکی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت کە لە 25ی مانگی ڕابردوو لە ڤییەنا درێژکرایەوە، سەرەڕای ئەمە پێشبینی دەکرا وڵاتانی ئۆپیک ڕێککەوتننامەکە بۆ 12 مانگی دیکە درێژ بکەنەوە، بەڵام ڕێککەوتننامەکەیان کە تەنیا بۆ ماوەی نۆ مانگ درێژ کردەوە، زیاتر مەترسی خستووەتە سەر بازاڕی نەوت، بەپێچەوانەی ڕێککەوتننامەکە، بازرگانەکان بەئومێدەوە سەرمایەکانیان لە بازاڕی نەوتدا خستبووەگەڕ، پێش ڕێککەوتنەکە، نەوت لە ئاستێکی بەرزدا مامەڵەی پێوە دەکرا، بەڵام لەگەڵ ڕێککەوتنەکە، نەوت بەڕێژەیەکی بەرچاو نرخەکەی لەدەستدا. نرخی یەک بەرمیل لە نەوتی خاوی ئەمەریکا لە ئاستەکانی 51 دۆلار و 90 سەنت دابەزی بۆ 48 دۆلار و 50 سەنت لە ماوەی هەمان ڕۆژدا. لە ڕۆژانی دواتریش دابەزینەکە بەردەوام بوو، بەهۆی ئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئۆپیک و هەڕەشەکانی یەدەگی نەوتی کۆگاکراوی ئەمەریکا و ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەو وڵاتە، لە کۆتایی هەفتە نرخەکە بۆ 45 دۆلار و 20 سەنت دابەزینی تۆمار کرد، هەر بۆیە بازرگانەکان بە ترسەوە سەرمایەکانیان دەخەنەگەڕ لە بازاڕی نەوتدا.

سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییەی بەشێک لە وڵاتانی کەنداو و پچڕانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر، نرخی نەوت بەرزبوونەوەیەکی کەمی تۆمار کرد. بازرگانان پێشبینییان دەکرد لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو، نرخی نەوت بەرزبوونەوەیەکی باش بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام لە ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو ئاژانسی وزەی ئەمەریکا چەند داتایەکی بڵاوکردەوە کە بازرگانان و ئاژانسە جیهانییەکان بە سوپرایز ناوی دەبەن، چونکە بەگوێرەی ئاژانسەکە، بڕی نەوتی کۆگاکراوی ئەو وڵاتە بەبڕی 3.3 ملیۆن بەرمیل بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیبوو کە پێشبینی دەکرا بەبڕی 3.1 ملیۆن بەرمیل دابەزین بەخۆیەوە ببینێ، هەفتەی پێشتریش بەبڕی 6.4 ملیۆن بەرمیل دابەزینی تۆمار کردبوو، یەدەگی بەنزین بەبڕی 3.3 ملیۆن بەرمیل بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، هەفتەی پێشتر بەبڕی 2.9 ملیۆن دابەزینی تۆمار کردبوو کە ئەم داتایانەش زیاتر نرخی نەوتیان دابەزاند بۆ ئاستەکانی 45 دۆلار، بەرزبوونەوەی ژمارەی بیرە نەوتییەکانی ئەمەریکا بووەتە هەڕەشەیەکی دیکە لەسەر نرخی نەوت کە بەگوێرەی داتا فەرمییەکانی ئەمەریکا ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمەریکا بۆ 741 بەرزبووەتەوە، ئەم ژمارەیەش بەراورد بە دوو ساڵی ڕابردوو بەرزترین ئاستە تۆماری کردبێت. لە 27ی ئایاری ساڵی ڕابردوو ژمارەی بیرە نەوتەکانی ئەمەریکا بۆ 316 بیرە نەوت دابەزینی بەخۆیەوە بینیبوو، بەو هۆیەوە نرخی نەوت تا ڕادەیەک هاوسەنگیی بۆ گەڕایەوە لە دوای ئەو دابەزینە زۆرەی تۆماری کردبوو، لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکەی، دووبارە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا چالاکیەکانیان زیاد کردووەتەوە.



وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت چاویان لە زیادبوونی گەشەی ئابووریی جیهانە

تا دێت ترسی بازرگانان لە بازاڕی نەوت زیاتر دەبێت، پێشبینیەکانیش بۆ نرخەکەی زیاتر بەرەو دابەزینە، بانکی جی پی مۆرگن کە پێشتر پێشبینی کردبوو تاوەکوو ساڵی 2018 نرخی نەوتی خاوی ئەمەریکا بۆ 53 دۆلار و 50 سەنت و نەوتی خاوی برێنتیش بۆ 55 دۆلار و 50 سەنت بەرز بێتەوە، ئێستا پێشبینییەکانی دابەزاندووە بۆ 42 دۆلار بۆ نەوتی خاوی ئەمریکا و 45 دۆلار بۆ نەوتی برێنت. چونکە جگە لە زیادبوونی بیرە نەوتەکانی ئەمەریکا، بازرگانان متمانەیان بە ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی ئۆپێک نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە ڕێککەوتننامەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکەن، بەگوێرەی داتا فەرمییەکان، لە ڕێککەوتنەکەی پێشتردا، ئاستی پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام بە ڕێککەوتنەکە 90% بوو، وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێکیش تەنیا 64% بوو، بۆیە ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت مەبەستیان گەڕانەوەی هاوسەنگی بێت بۆ بازاڕەکانی نەوت، پێویستە ڕێککەوتنەکەی ئەمجارە وەک خۆی جێبەجێ بکەن. سەرەڕای ئەمە بازاڕی نەوت پێویستی بە ڕێککەوتننامەیەکی نوێ هەیە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە جیاواز بێت لە ڕێککەوتننامەکەی کۆتایی مانگی ڕابردوو، چونکە ئێستا بازاڕەکان غەرقکراون لە نەوت، دەبێت بەرهەمهێنەرەکان چاوەڕوانی خاڵیبوونەوەی کۆگا پڕ لە نەوتەکانی جیهان بکەن. لەهەموو ئەمانەش گرینگتر چالاکیەکانی کۆمپانیاکانی تایبەت بە نەوتە لە ئەمەریکا هەرچەندە پێشبینی دەکرێت لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت چالاکییەکانیان کەم بکەنەوە، بەڵام ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت هەوڵەکانیان چڕ نەکەنەوە، نەوت نرخەکەی زیاتر لە دەست دەدات.

بەگوێرەی داتا فەرمییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، بڕی خواست لەسەر نەوتی خاو بەردەوام ڕوو لە بەرزبوونەوە بووە، بەڵام بەهۆی ئەو زیاد خستنەڕووەی کە کراوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی باشی لەسەر نرخی نەوت نەبووە کە بەگوێرەی ئاژانسەکە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو خواست لەسەر وزە بۆ 97.89 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە. لەسەرەتای هەمان ساڵدا خواست لەسەر نەوت 95.45 ملیۆن بەرمیل بووە، بەڵام بڕی خستنەڕوو بۆ 98.29 ملیۆن بەرزبووەتەوە کە لەسەرەتای ساڵەکەدا 96.66 ملیۆن بووە. بۆیە ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بتوانن سنوورێک بۆ بەرهەمهێنانی نەوت دابنێن، ئەوە دەبێتە پاڵنەرێکی گرنگ بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا. هەروەها پێشبینییەکان بۆ بەرزبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان پاڵنەرێکی دیکەیە کە پێشبینی دەکرێت تێکڕای گەشەی ئابووریی جیهان لەو ساڵەدا بۆ 3.3 بەرز بێتەوە لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو 3.0 بوو، هەرچەندە پێشبینی دابەزینی تێکڕای ئابووریی چین دەکرێت لەمساڵدا، بەڵام بەرزبوونەوەی تێکڕای گەشەی ئابووریی ئەمەریکا، ژاپۆن، بەرازیل، ڕووسیا و چەند وڵاتێکی دیکە، ئاماژەیەکی گرنگن بۆ بەرزبوونەوەی خواست لەسەر وزە و بەرزبوونەوەی نرخەکەی.

***بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە کۆمپانیای دی سی ئای ئێف ئێکس**

---

# قەتەر و سعودیە شەڕی گازی سروشتی دەکەن



بیلال سەعید*



لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو پلانەی سعودیە دەکرێ کە لە 2017/6/5ـەوە بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکانی دژ بە قەتەر دەستپێکردووە، بەڵام ڕەنگە بەشێکی ئەم ململانێیە پەیوەندی بە پێگەی گازی سرووشتیی قەتەرەوە هەبێ لە بازاڕی وزەدا.

سعودیە و هاوپەیمانەکانی، قەتەر بە پشتیوانی "گرووپە تیرۆریستەکان" و پشتیوانی ئیخوان موسلیمین و حەماس تۆمەتبار دەکەن. هەرچەندە تێگەیشتن لە کرۆکی بەشێک لە ململانێیەکانی ئەمڕۆ زۆر ئاسانترە لە جاران، ئەویش بەهۆی زیادبوونی کاریگەرییەکانی میدیا و تێگەیشتن لەو بارودۆخە نوێیەی لە ئەنجامی پەرەسەندن و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتان دروستبووە، بەڵام ئەگەر بۆ ریشەی ئاڵۆزییەکانی نێوان قەتەر و سعودیە بگەڕێین، پێویستە ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی کێشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە کە سعودیە لەساڵی 1995ـەوە ئاگری بۆ خۆش دەکات، کێشەکەش پەیوەستە بە پەرەپێدانی کێڵگەکانی غازی نێوان قەتەر و ئێران.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ریشەی ململانێی قەتەر و سعودیە تێبگەین، پێویستە بزانین لە ماوەی 22 ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەرزی و نزمیی زۆری تێکەوتووە، ئەوەش زیاتر بەهۆی ئەوە بووە کە قەتەر بەردەوام دەڵێت سیاسەت و بەرنامەی ئەو بۆ بەڕێوەبردن و بە بازاڕکردنی غازی سروشتی جیاوازە لەوانی دیکە.

دوای چەند ساڵ لە دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی پەرەپێدانی غازی سروشتی و باشبوونی باری ئابووریی ئەو وڵاتە، داهاتی ساڵانەی تاک گەیشتە 130 هەزار دۆلار و بووە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان، لەو کاتەوە ململانێی قەتەر و سعودیە ڕۆژ بەڕۆژ زیادی کردووە.

قەتەر لە ساڵانی ڕابردوودا لەڕێی بەکارهێنانی گازی سروشتییەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەدەر لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی سعودیە، توانیویەتی ژێرخانێکی ئابووریی پتەو دابمەزرێنێ، هەروەها بە بەگەڕخستنی میدیایەکی بەهێزی وەکو جەزیرە و رازیکردنی نەیارەکانی، توانیویەتی زۆر لە ئامانجەکانی بپێکێ.

قەتەر بەو سیاسەتە بە سعودیە و وڵاتانی کەنداوی ڕاگەیاند کە توانای هەیە لە یەک کاتدا یاری لەسەر چەند پەتێک بکات. ئەگەر سەیری پەیوەندییەکانی قەتەر بکەین، بەئاسانی ئەوەی لێ دەخوێنینەوە ئەگەر لەلایەک بەرژەوەندیی ئابووری هەبێ لەگەڵ ئێران لە پەرەپێدانی کێڵگەیەکی گازی سروشتی، بەڵام لەهەمانکات لەسەر زۆر پرسی جیاواز تێڕوانینان لەیەکەوە نزیکە، لەکاتێکدا زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە دەرگایان بەڕووی ئێراندا داخستووە.

ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی گازی سرووشتی لە جیهانی وزەدا بەهێزتر دەبێ، چونکە ئێستا گازی سروشتی 24%ی سەرچاوەی وزەی جیهان پێکدێنێ. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل (ExxonMobil) ساڵانە خواست لەسەر گازی سروشتی بە ڕێژەی (1.6%) زیاد دەکات، لەبەرامبەردا خواست لەسەر نەوت تەنیا بەڕێژەی (0.8%) زیاد دەکات و لەسەر خەڵووزیش (0.1%). ڕاپۆرتەکە پێشبینی کردووە تاوەکو ساڵی (2040) بەتەواوی خواست و ململانێ لەسەر نەوت و خەڵووز نەمێنێ.

نزیکەی 90%ی گازی سرووشتیی جیهان دەکەوێتە ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کیشوەری ئەورووپان، بۆ نموونە، یەکەم و دووەم و سێیەم یەدەگی جیهان لە گازی سرووشتی بریتین لە ڕووسیا و ئێران و قەتەر، ڕووسیا 24%، ئێران 18% و قەتەر 14%ی یەدەگی گازی سرووشتیی جیهان لەخۆدەگرن. جگە لەوەش یەدەگی گازی سرووشتیی قەتەر نزیکەی 900 تریلیۆن پێ سێجایە.

کێڵگەی گازی باکوور، یەکێک لە کێڵگە گازییە گرنگەکانی کەنداوی عەرەبی و گەورەترین کێڵگە گازییەکانی جیهانە کە توانای دابینکردنی 10 ساڵ پێویستی گازی جیهانی بەتەنیا هەیە. ئەم کێڵگە گازییە یەکێک لە کێڵگە هاوبەشەکانی ئێران و قەتەرە. یەدەگەکەی نزیکەی 51 تریلیۆن پێ سێجایە، ڕووبەرەکەی 9.700 کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، 6.000 هەزار مەتری دەکەوێتە نێو ئاوەکانی قەتەر و 3.700 مەتری دەکەوێتە نێو ئاوەکانی ئێران. بۆیە ئەو هەماهەنگییە توندوتۆڵەی لە نێوان ئێران و قەتەر هەیە بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو کێڵگە گازییەوە هەیە، بەڵام ئەوە بەلای سعودییەوە جێی قبوڵ نییە.

داهاتی گازی سرووشتیی ئەم وڵاتە بچووکە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە و توانیویەتی لەسەر ئاستی جیهان پێگەی خۆی بەهێز بکات، بە ئەندازەیەک لە ماوەی ڕابردوودا پشکێکی گەورەی کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسی بە بەهای 2.7 ملیار دۆلار کڕیوەتەوە، بۆیە دژایەتیی سعودیە و هاوپەیمانەکانی هێندەی لێدانە لە پێگەی ئابووریی قەتەر بە تایبەتی لە بواری وزە، هێندە پەیوەندی بە پشتگیریی قەتەرەوە لە "گرووپە تیرۆریستەکان" نییە.

*** ڕۆژنامەنووسی ئابووری**

---

# ڕووس بازاڕی نەوت کۆنترۆڵ دەکەن



کاردۆ کەمال

لەدوای مانگی ئاداری 2014 کە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بەهۆی قەیرانی ئۆکرایناوە ئابڵوقەی ئابوورییان خستە سەر ڕووسیا، زیاتر لە دوو ساڵە ئابووریی ئەو وڵاتە ڕووی لە داکشان بووە، ئەمەش دیدگای ڕووسیای بۆ کەرتی نەوت و غاز گۆڕی کە بە دڵی زیندووی ئابووریی ئەو وڵاتە دادەنرێت.

ئابڵوقەی ئابووری بووە هۆکاری ڕاگرتنی چەندین پڕۆژەی کۆمپانیا ڕووسییەکان، ئەمەش هەریەک لە کۆمپانیاکانی ڕۆزنەفت، نۆڤاتیک و گازپرۆمی ناچار کرد بەپەلە بەدوای سەرچاوەی بەدەستهێنانی پارەی بەردەستی نەختی (سیولە)دا بگەڕێن بۆ ئەوەی قەرزەکانیانی پێ بدەنەوە و پڕۆژە درێژخایەنەکانیانی پێ پارەدار بکەن، هەروەها ئابڵوقەی ئابووری ڕێی لە کۆمپانیا ڕووسییەکان گرت تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بکڕن.

کەرتی نەوتی ڕووسیا پێویستی بەو کۆمپانیایانەیە کە بە کۆمپانیا بچووکە خاوەن تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان دادەنرێن، ئابڵوقەی ئابوورییش نەک تەنیا ڕێگری لە فرۆشتنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بە کۆمپانیا ڕووسەکان کرد، بەڵکو ڕێگری لە کۆمپانیا بچووکە بیانییە خاوەن تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانیش کرد کە بچنە ڕووسیا و لەوێ وەبەرهێنان بکەن.

ڕووسیا هەمیشە لەکاتی دروستبوونی قەیرانەکاندا دەرچەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، جا لەڕێی سووڕانەوە بێت بە پشت ئابڵوقە ئابوورییەکانی ئەورووپا یان لەڕێی بەشداریکردن بێت لە ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە ئامانجی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیا ڕووسییەکان لەبەرامبەر ئەو زیانەی بەهۆی ئابڵوقە ئابوورییەکانەوە پێیانگەیشت، سوودێکی زۆریان کرد، چونکە ئابڵوقە بووە هۆکارێک بۆئەوەی ئاستی لێهاتوویيان بەرز بکەنەوە. هەروەها بەدوای ناوچەی دیکەدا بگەڕێن بۆ بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا، کۆمپانیای ڕۆزنەفت یەکەم کۆمپانیای ڕووسی بوو کە بەهێزیی خۆی سەلماند لە بەرهەمهێنان و پاڵاوتنی نەوتی بەردین، ڕۆزنەفت لەڕێگەی هەڵکۆڵینی بیرێکی ستوونی کە یەک کیلۆمەتر لە ژێر زەوییەوەیە لە کێڵگەی پاچینۆڤ، توانی نەوتی بەردین بەرهەمبهێنێ، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن لە ئایندەدا ڕۆزنەفت کار لە گەورەترین کۆگای نەوت لە جیهاندا بکات.

لەلایەکی دیکەوە، ئابڵوقە ئابوورییەکان نەیانتوانی کۆمپانیای گازپرۆم بچووک بکەنەوە، چونکە کۆمپانیاکە توانی ئەو تەکنەلۆژیایەی هەیەتی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت پێشی بخات. لەنێوان ساڵانی 2013 بۆ 2016 چالاکیی ئەم دوو کۆمپانیا زەبەلاحە، بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕووسیا بەڕێژەی 6%، ئەمەش داهاتی هەرسێ کۆمپانیا زەبەلاحەکەی ڕووسیای بەڕێژەی 11% زیاد کرد.

بەشێک لە شرۆڤەکارانی بازاڕە داراییەکان پێیانوایە کۆمپانیا ڕووسییەکان کۆمەڵێک گۆڕانکارییان بەسەرئاراستەی وەبەرهێنانەکانیاندا هێناوە و دەیانەوێت قەبارەی وەبەرهێنانیان لە دەرەوەی ڕووسیا زیاد بکەن. بەشێکیش لە کۆمپانیاکان زیاتر بایەخ دەدەن بە بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوتی وڵاتانی دیکە، ئەمەش کۆمپانیا ڕووسییەکانی چالاکتر کردووە لەڕووی دۆزینەوەی کڕیاری نوێ و زیادکردنی پشکەکانیان لە بازاڕی نەوتدا، هەر بۆیە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە جیهاندا لە سێکتەری نەوت، کەچی قازانجی کۆمپانیای گازپڕۆم لە ساڵی 2016 دا بەراورد بە ساڵی 2015 بەڕێژەی 21% زیادی کردووە بۆ 16.7 ملیار دۆلار.

فراوانکردنی چالاکییەکانی گازپڕۆم و ڕۆزنەفت و هاتنی کۆمپانیای ڕۆزنەفت بۆ هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بۆ کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان و هەردوو کۆمپانیای ڕووسی دەبێت، چونکە کۆمپانیا ڕووسییەکان دەبنە کڕیاری نەوتی کوردستان و بەبازاڕکردنی نەوتەکە دەکەوێتە سەرشانی ئەوان. کۆمپانیا ڕووسییەکانیش لەڕێگەی نەوتی کوردستان و نەوتی چەندین وڵاتانی بەرهەمهێنەری دیکەوە، مەنزومەی نەوتیی خۆیان فراوانتر دەکەن و پشکەکانی خۆیان لە بازاڕی نەوتدا زیاتر دەکەن، هەر بۆیە بەشێک لە شرۆڤەکارانی بازاڕە داراییەکان پێشبینی دەکەن لە ساڵانی داهاتوودا کۆمپانیا ڕووسییەکان سەرکردایەتی بە بازاڕکردنی نەوت و گاز لە جیهاندا بکەن.

## باران دێتە کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

باران، خانمە گۆرانیبێژی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە بە فارسی گۆرانی دەڵێت و ناوبانگێکی زۆری هەیە، سەردانی کوردستان دەکات و کۆنسێرتێکی گۆرانی بەهاوبەشی لەگەڵ دوو هونەرمەندی دیکە ساز دەکات. باران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەمانگی داهاتوو سەردانی کوردستان دەکات، بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی کورد نەڤید زەردی و هونەرمەندی تورک ئەلیاس کۆنسێرتی گۆرانی ساز دەکەن. باران دەشڵێت زۆر خۆشحێڵە بە ئەنجامدانی ئەو کۆنسێرتە لە شاری هەولێر و پلان دادەنێت لە داهاتوودا کاری دیکەش لە باشووری کوردستان ئەنجامبدات. باران تاوەکو ئێستا چەند خەڵاتێکی وەرگرتووە.



## حوسام تەحسین بەگ، ئەکتەری بەناوبانگی سووری بۆ (ڕووداو):

# بابولحارە ژینگەی شامی وێران کرد

یەکێکە لە پایەکانی درامای سووری، بەشداری لە نزیکەی 40 درامادا کردووە و لە بەشی دووەمی درامای بابولحارەدا ڕۆڵی بینیوە. حوسام تەحسین بەگ، ئەکتەری بە توانای سووری، ئەسپی خۆی لە بواری شانۆ و سینەما و گۆرانیشدا تاوداوە. ساڵی 1941 لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لەدایک بووە. خاوەنی کچێک و کوڕێکە بەناوەکانی ڕاکان و نەدین کە هەمان ڕێچکەی باوکیان گرتووە.

حوسام تەحسین بەگ، میوانی بەرنامەی (ڕوویێن شامیێ) بوو کە (ڕیم مەعرووف) لە دیمەشقەوە پێشکەشی دەکات و شەوانی شەممە لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو بڵاودەبێتەوە.



**ڕووداو: یەکەمجارە لە شاشەی کەناڵێکی کوردی دەردەکەوی، چی بە بینەران دەڵێی؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** من دەڵێم خودا کات و ساتەکانیان خۆش بکات. لەبەر ئەوەی تۆ باسی کەناڵێکی کوردی دەکەیت و کاری سەرەکیی منیش هونەری کەلەپوورییە، سەمای کوردی زۆر سەرنجی ڕادەکێشام. هەڵبەت ئاوازەکانیشیان. ڕەگوڕیشەی ئەوان لە هونەردا زۆر قووڵە و خاوەنی مێژوویەکی هونەریی بەهێزن. ئاوازی کوردی خۆشن و هەر بەڕاستی دەچنە نێو دڵانەوە.

**ڕووداو: بەشێک لە هونەرمەندان بەهۆی قەیرانی سووریاوە شامیان جێهێشت. چۆنە هەر لە شام مایتەوە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** مەگەر کێ دەتوانێ لە یاری خۆی، لە ئامێزی گەرمی دایکی خۆی دووربکەوێتەوە؟ شام ئەو باوەشە گەرمەیە کە مرۆڤ هیچ کات ناتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە، ئەگەرنا سەرمای دەبێ.

**ڕووداو: ئەم عەشقەی تۆ تەنیا بۆ شامە، یان یارێکیش لە ژیانی حوسام تەحسین بەگدا هەیە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** لێت ناشارمەوە، جیهانی عەرەبی بەتەواوی بۆ من زۆر گرنگە. بەڵام بەداخەوە دوای ئەو قەیرانەی پێیدا تێپەڕین، برینێکی سەختی بۆ

## دورێد لەحام ماموستای منە

## درامای بابولحارە بە بازرگانی کراوە

دروستکردم. زۆر پەیوەست بووم بە عەرەببوونی خۆمەوە، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم هەست بە ونبوون دەکەم.

**ڕووداو: تۆ لە شانۆدا لەگەڵ ماموستا دورێد لەحام بەیەکەوە لە غوربەت، شەقایق ئەلنوعمان و کەئسەک یا وەتەنتان پێشکەش کردووە. لەبەر ئەوەی باسی سیاسەتت کرد، ئەگەر ئەمڕۆ ماموستا حوسام زنجیرە فیلمێکی کۆمەڵایەتیمان بۆ بنووسێ، چ ناوێکی لێ دەنێ؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** هەر شانۆییەک باسی لایەنێک دەکات. هەندێک خەسڵەتی قەیران لە غوربەتدا هەن. لە شەقایق ئەلنوعمان خەسڵەتی زۆر ئاشکرا هەن. هەر شانۆیە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ کارێکی نوێ بکەین، بڕوا بکە هیچ ناونیشانێکی بۆ دانانرێ.

**ڕووداو: لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا، چۆن دەڕوانیتە درامای سووری؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** بێگومان لای خەڵکیش روونە کە درامای سووری باشتر بوو. لە قەیراندا بێگومان، دەڵێم سوپاس بۆ هەموو کۆمپانیاکانمان، ئەکتەرەکانمان، سیناریست و دەرهێنەرەکانمان، سوپاس بۆ هەر کەسێک کە بەردەوامی دەداتە ئەم کارە. بەڵام ناتوانم بڵێم وەکو پێشانین، دواکەوتووین، زۆر هۆکاریش بۆ ئەم دواکەوتنە هەیە، چەند ئەکتەرێکمان لەدەستچوون، دواتر سیناریۆکان، بەداخەوە هەموویان لەم دۆخەی ئێستاماندا گیریانخوارد، هەروەها بەرهەمەکانیش کەمبوونەوە.

**ڕووداو: کەمبوونەوە و بە سیاسی کران؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** بەڵێ بێگومان. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەک وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی تۆ، ئێمە دواکەوتووین.

**ڕووداو: دوای ئەو تەمەنە درێژە لە هونەردا، هەست بە غەدر دەکەیت کە هونەر یان شتێکی دیکە مافی تۆی نەداوە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** نا، بە تەواوی نا. چونکە من بە ڕێکەوت چوومە نێو بواری هونەرەوە. بەڕاستی نازانم چۆن بوو گەیشتمە ئێرە. لە ژیانی خۆمدا بیرم لەو سەرگوزەشتەیە نەکردووەتەوە. دەتوانم بڵێم ناهەقی زەمەن لە من ئەوەبوو کە نەمتوانی موزیک بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنم.

**ڕووداو: باسی میوزیکت کرد، دۆخی گۆرانیی عەرەبی بەگشتی و سووری بەتایبەتی چۆن دەبینی؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** زۆر دواکەوتووە. پێشتر ئاوازدانەر کە ئاوازیان دادەنا، یان نووسەران کە شیعریان دەنووسی، زۆر بیریان دەکردەوە، چونکە دەیانزانی بەرەورووی زۆر ڕەخنە دەبنەوە. ئەمڕۆ کارەکە بووەتە ماکینەی چاپکردن، ڕەنگە ڕۆژانە دەیان گۆرانی دروستبکرێن. بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لەبیردەکرێن و هەموویان لەیەک دەچن.

**ڕووداو: زنجیرە درامای کەنووش بەکوێ گەیشت کە سیناریۆکەی لەلایەن حوسام تەحسین بەگەوە نووسراوە. تۆ دەڵێیت لەچاو هەموو کارەکانی درامای سووری، ژینگەی شامی لەو درامایەدا جیاوازە. ئەوە ناهەقی نییە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** من ئەم بەرهەمەم نووسی چونکە تێبینی و ڕەخنەم لەبارەی هەموو ئەو کەسانەی کاریان لە ژینگەی شامیدا کردووە، هەیە. ئەوان ئەو ژینگەیەیان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وێنا نەکرد. زۆر بەداخەوە. بەهیچ شێوەیەک ئەمە ژینگەی شامی نییە! زنجیرە فیلمەکەی من باشترین نییە، بەڵام ڕاستگۆترینانە. چاوەکانم چییان بینی ئەوەم نووسی.

**ڕووداو: چ شتێک لە هونەری**

## سەما و گۆرانیی کوردی زۆر سەرنجم ڕادەکێشن

## ناتوانم لە شام دووربکەومەوە

## درامای سووری بە سیاسی کراوە

**سووریدا گۆڕاوە؟ لە چ شتێکی ژیانی خۆت پەشیمانی؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** من هەرگیز پەشیمان نیم. بەڵام قەیران زۆر شتی گۆڕیوە. پێشتر بەرپرسیارێتییەکی مەزنتر هەبوو و ڕێزگرتنیش زیاتر بوو. ئێستا کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئێمە زەحمەتە. بێڕێزی بەرامبەر هونەر دەکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر من بڵێم ماموستا دورێد لەحام، تۆ چی لەبارەی ئەوەوە دەڵێی؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** ماموستای منە.

**ڕووداو: فیلمی کەفروون**

**حوسام تەحسین بەگ:** فیلمێکی زۆر بوێرانەیە، چونکە زەحمەتترین شت ئەوەیە کار لەگەڵ منداڵاندا بکەیت. لە فیلمی کەفرووندا ماموستا دورێد لەگەڵ منداڵان کاری کرد. ماموستا دورێد دایک و باوک و ماموستا بوو. زۆر سەخت بوو، بەڵام لە ئەنجامدا سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا.

**ڕووداو: بابولحارە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** بەهەنگاوی هونەریی دروست دەستیپێکرد، بەڵام دواتر سووکایەتی بە خەڵک کرا. ئەمە چییە؟ ئەبو عیسام مرد، ئەبو عیسام گەڕایەوە! ئەمانە گاڵتە بە عەقڵی خەڵک دەکەن! ئەبو عیسام مرد و نێژرا، بۆچی دەبێ بگەڕێتەوە؟ ئەمە بێڕێزی و بچووککردنەوەی کارە. چیرۆکەکە هەمووی بووەتە بازرگانی و پەیوەستە بە سپۆنسەر و کەناڵەکان، شتێکی تەواو بازرگانییە.

**ڕووداو: بەسیاسەتکردن نییە؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** من دەڵێم هەر کەسێک نووسیویەتی یان ناحاڵییە یان یاریی پێ کردووە، چونکە ئەمە تێنەگەیشتنە، ببوورە قسەیەکی کەمێک ناخۆشیشە، بەڵام ئەوان بە داعش دەچوێنم! داعش لە تەدمور مێژووی وێران کرد، ئەوانیش ژینگەکە وێران دەکەن. ئەمە ژینگەیەکی گرنگە، ئەمە ڕەگوڕیشەی ئێمەیە. نابێ هیچ کەسێک بیشێوێنێ.

**ڕووداو: چی بە نادین و ڕاکان تەحسین بەگ دەڵێی؟**

**حوسام تەحسین بەگ:** ڕاکان سەرەتا مەیکەپ بوو. بەبێ ئاگادارکردنەوەی من بووە ئەکتەر. نادین چوو هەوایەک بگۆڕێ لە ڕیزەفیلمەکەدا، بە گوتەی ماموستا

## دۆخی گۆرانیی عەرەبی زۆر دواکەوتووە

هیشام شەربەتچی، پێیگوتم ئەو کچە زیرە، تۆز دایپۆشیوە، تەنیا تۆ دەتوانی ئەو تۆزە بسڕیت. من هیچ تێبینییەکی نادەمێ، چونکە دەزانم ئەو لە من زیرەکتر و هۆشمەندترە. من لە ژیاندا نەزانم.

## ئەستێرەی لوبنانی موعین شەریف بۆ (ڕووداو) دەدوێت

# گۆرانییەک بۆ کۆچی گەنجان دەڵێم



**دەریاز یونس**

**ڕووداو – بەیروت**

ئەستێرە و گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی موعین شەریف کە لە دوای دەرکەوتنی لە بەرنامەی پێشبڕکێی دەنگخۆشیی ستۆدیۆ فەن، لە ساڵانی ڕابردوودا ناوبانگی دەرکرد، دەڵێت حەز دەکات گۆرانییەک بە زمانی عەرەبی بۆ کوردستان بڵێت.

موعین شەریف لە 1973/5/15 لە لوبنان لەدایک بووە، خاوەنی حەوت ئەلبوومی گۆرانی و 10 کلیپە. موعین ژیانی خێزانی لەگەڵ مریەم شەریف پێکهێناوە کە کچی شێخ غازی شەریف، بەرپرسی حیزبوڵڵایە لە بیقاع. خاوەنی کچێک و کوڕێکن بە ناوەکانی محەممەد و مونا.

موعین شەریف لە ستۆدیۆی تایبەتی خۆی لە بەیروت پێشوازی لە تیمی (ڕووداو) کرد و لە بارەی بەرهەمی نوێی قسەی کرد و گوتی "کارێکم لەبەردەستە و لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە، کارەکە لە ئاوازی بیلال زەین و تێکستی مونیر ئەبو عەسافە".

موعین لەبارەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکە گوتی "باسی بابەتی کۆچکردنی گەنج و خێزانە عەرەبییەکان دەکات بۆ وڵاتانی ئەورووپا".

موعین شەریف بەهۆی دەرکەوتنی لە بەرنامەی ستۆدیۆی فەن ناوبانگی دەرکرد، بەڵام ئەم ئەستێرە لوبنانییە دەڵێت، بەر لەو بەرنامەیەش ئەزموونی دەرکەوتنی لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی هەبووە "یەکەم دەرکەوتنی من بەر لە بەرنامەی ستۆدیۆ فەن بوو، لە بەرنامەیەک بە ناوی جیهانی منداڵان، دواتر لە بەرنامەی لەیالی لوبنان و ئینجا لە ستۆدیۆ فەن، ئەو بەهرەیەی کە من هەمبوو دەرکەوت و خۆشەویستیی خەڵکم پێگەیشت، پێموایە ئەو بەرنامانە ئەزموونێکی باش بوون بۆ سەرکەوتنی من".

## دەمەوێت بە زمانی عەرەبی گۆرانی بۆ کوردستان بڵێم

## وەدیع سافی کاریگەریی گەورەی بەسەر کارە هونەرییەکانمەوە هەیە

هەوادارانی ئەم ئەستێرەیە شەریف بەوە دەناسن کە کاریگەریی زۆری وەدیع سافی ئەستێرەی عەرەبیی لەسەرە، خۆی لەوبارەیەوە دەڵێت "ماموستا وەدیع سافی یەکێکە لە گەوهەرەکان، ئێمە زۆر منداڵ بووین کە ئەو دەنگە مەزنەی وەدیع سافی گۆرانیی دەگوت، ئەو یەکێکە لە هەرەمەکانی هونەری عەرەبی، من زۆر سەرسامی ئەو ماموستایەم و کاریگەری لەسەر من هەیە، بەتایبەتی لە مەودای بەهێزی دەنگیدا، دەتوانم بڵێم ئێستا هیچ هونەرمەندێک لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت ئەدای گۆرانییەکانی بکات وەکو خۆی".

ئەو هونەرمەندە پێشتر سەردانی کوردستانی کردووە و لەبارەی سەردانەکەی دەڵێت "ئەوە سێ ساڵ لەمەوبەر بوو، چاوم بە هەوادارانم کەوت، بینیم کە خۆشەویستییەکی گەورەیان بۆ هونەری عەرەبی هەیە، بەتایبەتی هونەری لوبنانی، لێرە لە لوبنان هەست بە کاریگەریی هونەری میسری دەکرێت، بەشێک لە هونەرمەندە لوبنانییەکانیش گۆرانیی میسرییان گوتووە، بەڵام من پێچەوانەی ئەوەم لە کوردستان بینی، خەڵکی کوردستان زۆر حەز بە هونەری ڕەسەنی لوبنانی دەکەن".

بەشێک لە ئەستێرە عەرەبەکان گۆرانییان بە کوردی یان گۆرانییان بۆ کوردستان گوتووە، زۆرتریش بەهۆی شەڕی داعش و بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان، موعین لەو بارەیەوە دەڵێت "میوزیک ناسنامە و ڕەگەزنامەیەکی جیهانی هەیە، بۆیە من ئامادەم بۆ کاری هونەریی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان، لێرەدا کێشەی زمان دروستدەبێت، چونکە من ناتوانم وشەی کوردی دەرببڕم وەک کەسێکی کورد، بۆیە پێم باشە ئەگەر کارم کرد گۆرانییەک بۆ کوردستان بڵێم بە زمانی عەرەبی".

# کوردی سوێد دەنگ دەدەنە پارتە نەژادپەرستەکان

## توێژەرێکی سوێدی: بیانییەکان سەریان لێ شێواوە

ڕووداو- ستۆکهۆڵم ، لەندەن

لەنێو پەرلەمانی سوێد شەش کورد و لە ئەنجوومەنی شارەوانییەکانیش 11 کورد هەن کە نوێنەری پارتە چەپەکانن. ئەم پەیوەندییە بەتینەی کورد لەگەڵ بەرەی چەپ خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئێستا هەندێک لەوان، بەتایبەتی لەناو نەوەی نوێ دڵیان بۆ پارتە ڕاستەکان لێدەدات، تا ئەو ئاستەی ڕوو لە پارتە نەژادپەرستەکان دەکەن.

کوردێکی نیشتەجێی سوێد لەوبارەوە دەڵێت: "وەک هاوسۆزییەک بۆ سوێدییەکان دەبمە لایەنگری پارتە ڕاسترەوەکان".

### ئامارێکی شۆکهاوەر

سوێد خۆی بۆ هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو ئامادە دەکات. ڕووپێوییەکان وا دەردەخەن کە لەنێو تاراوگەنشیناندا لایەنگری پارتە ڕاستەکان بەرەو هەڵکشانە.

ئامارێک لە سوێد نیشانی دەدات کە بیانییەکان، واتە ئەوانەی بە ڕەچەڵەک سویدی نین، دەنگ بەو پارتە دەدەن کە نەژادپەرستە و بە ئاشکرا دژایەتی بیانییەکانی کردووە.

چاودێرانی سیاسی پێشبینی دەکەن، پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە پارتێکی نەژادپەرستە، لە کەمینەیەکی پەرلەمانییەوە ببێتە دووەمین پارتی سوێد.

نیکۆلا ئولڤایۆس لە پارتی سۆسیال دیموکرات کە هاوکات توێژەرێکی سیاسییە، دەڵێت: "دەنگدانی پەنابەرێک، بە پارتێکی ڕاستڕەوی وەکو سوێدییە دیموکراتەکان کە بە ئاشکرا دژی کۆچبەر و بیانی و سەرڕەشن، هیچ مانایەکی نییە جگە لە سەرلێشێواوی".

هەفتەی ڕابردوو دامەزراوەی ئاماری سوێد (SCB) دوایین ئاماری لەبارەی ئاستی جەماوەریی پارتەکانی سوێد بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە لایەنگری پارتی سوێدییە دیموکراتەکان بەراورد بە سێ ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 10.3% لەنێو ژنان و 15.4% لەنێو پیاوانی بیانی زیادی کردووە. ئولڤایۆس دەڵێت "ئەو ئامارە شۆکی کردین".

بەم پێیەش، پارتی سوێدییە دیموکراتەکان (SD) لە پێگەی پارتی سێیەمەوە بۆ پارتی دووەم کێبڕکێ دەکات لەکاتێکدا پارتی سۆسیال دیموکراتی فەرمانڕەوا بەڕێژەی 42.7% یەکەمە. ڕکابەری یەکەمی سوێدییە دیموکراتەکانیش کە پارتی مۆدێرات (پارێزگارانە)ە، بە ڕێژەی 17.1% وەک پارتی دووەمی سوێد ماوەتەوە.

لەنێو ئەو بیانییانەی سوێد کە لایەنگری سویدییە دیموکراتەکانن، کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەن کە ئامادەن دەنگی پێ بدەن.

هومایۆن گەنجێکی مەهابادییە و زیاتر لە 16 ساڵە لە سوێد دەژی. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "پارتی سوێدیە دیموکراتەکان تاکە پارتی ڕاستگۆیە لەگەڵ بەرنامەکانی، منیش ئەو ڕاستگۆییەم پێویستە".



جەماوەری سوێدییە دیموکراتەکان 10% لەنێو ژنان و 15% لەنێو پیاوانی بیانی زیادی کردووە

هومایۆن محەممەدی ئامادەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگ بە سوێدییە دیموکراتەکان بدات. لەبارەی ئەوەش کە ئەو پارتە ڕاستەوخۆ دژ بە بیانی و کۆچبەر بووە، گوتی: "ئێمە و سوێدییەکان لە موجامەلەی بێ مانا بێزار بووین، ئەو پارتەش بێگومان لە هەندێک شت هەڵە بووە و گۆڕانکاری دەکات". کوردی دیکەش هەن کە وەکوو هومایۆن بیردەکەنەوە.

کارزان قادر، قوتابیی زانکۆ و دانیشتووی ستۆکهۆڵم کە خۆی بەشداریی ئەو ڕاپرسییەی (SCB)ی کردووە، دەڵێت: "ئەورووپا لەژێر هەڕەشەی کەسانی توندڕەو و ڕێکخراوە جیهادییەکاندایە، بەداخەوە هەموو ئەمانە بەهۆی کۆچبەرانەوە بووە. تێکچوونی ئەورووپا لە بەرژەوەندیی کەس نییە، ئەوەی من لە سوێد دەیبینم تەنیا ئەم پارتەیە بەرنامەیەکی ڕاستگۆی بۆ ئەورووپییەکان هەیە".

کارزان کە خەڵکی باشووری کوردستانە و خۆی بە کەسێکی چەپ دەزانێ، دەنگ بە پارتێکی ڕاستی نەژادپەرست دەدات، ئەو دەڵێت: "ئێمە تەنیا لە ڕێگەی ئەم پارتەوە دەتوانین ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان نیشان بدەین و بۆیان بسەلمێنین کە بەڕاستی دژی تیرۆر و توندڕەویین".

کارزان ڕەتیکردەوە کە سوێدییە دیموکراتەکان دژی کۆچبەران بن و گوتی "ئەوەی بە بارهەڵگرێک چەند سوێدییەکی شێلا کۆچبەر بوو، ئەوەی لە سوێدەوە بۆ کاری تیرۆر چووە پاریس کۆچبەر بوو، جەماوەری پارتی (SD) دژ بەو کۆچبەرانەن، نەک کەسێکی وەک من، منیش وەک ئەوانم".

نزیکبوونەوەی بیانی و تاراوگەنشینان لە پارتە ڕاسترەوەکان بووەتە دیاردە. ئەمە لە هەڵبژاردنی هەفتەی ڕابردووی بەریتانیاشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە فینلاندیش گەیشتە ئەو ئاستەی بەربژێری کورد لەنێو ئەو پارتانەدا هەبن. لە هەڵبژاردنی داهاتووی سوێدیش کارێکی چاوەڕوانکراوە.

سەرهەد ساجید، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بەشداری لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی پەرلەمانی بەریتانیادا کرد و دەنگی بە پارتێکی ڕاسترەو دا. ئەو دەڵێت: "بۆ نەهێشتنی کەسانی توندئاژۆ دەنگم بە ڕاستەکان دا. بەبڕوای من پارتە چەپەکان و ئەوانەی بانگەشەی مرۆڤدۆستی و کرێکاریی دەکەن، بازرگانی بە دەنگی کەسانی هەژارەوە دەکەن و ئامانجەکەشی تێکدانی ڕەوشی ناوخۆی وڵاتەکەیە کە لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە".

سەرهەد کە خەڵکی باشووری کوردستانە، چارەکە سەدەیەکە لە بەریتانیا دەژی، ئەو دەڵێت: "بۆ ئێمەی کورد کە قوربانیی دەستی تیرۆر و توندوتیژین، زۆر گرنگە پشتگیری لە پارتە ڕاست و پارێزگارەکان بکەین، چونکە وێڕای شەڕی دژی داعش کە کورد ئەو هەموو قوربانییەی داوە، کەچی پارتە چەپەکان ئێستاش هەر بایەخیان بۆ فەلەستین زیاترە".

بەڵام پشتیوان ئەحمەدی کە گەنجێکی چالاکڤانە، ڕەخنە لەو تاراوگەنشینانە دەگرێت کە پشتگیریی ڕاسترەوەکان دەکەن و دەڵێت: "دەنگدان بە پارتێکی وەک سوێدییە دیموکراتەکان، بە پاساوی ئەوەی سۆسیال دیموکراتەکانیان قبوڵ نییە یان دژ بە پارتی حوکمڕانی ئێستان، وەک ئەوە وایە دژ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی داعش بکەی".

ئەحمەدی کە خۆی بە لایەنگری سۆسیال دیموکراتەکان دەناسێنێ، دەڵێت :"ئەوەی لە فینلاند ڕوویدا بەرژەوەندی و بێ ئاگایی بوو. چ ڕەوایە کوردێک کە قوربانیی دەستی بۆرژوازییە ببێتە بەربژێری ئەو پارتەی کە بانگەشە بۆ بۆرژوازی و نەژادپەرستی دەکات".

عەنتەر یاشا کوردی دانیشتووی هێلسینکی، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی فینلاند کە مانگی نیسانی ئەمساڵ بەڕێوەچوو، لەسەر لیستی پارتێکی ڕاسترەو خۆی کاندید کردبوو، بەڵام دەرنەچوو. ئەو پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو بەرنامەکانی ئەو پارتەی قبوڵە و تەنیا ئەو پارتەیە کە دژایەتی ئیسلامی جیهادی و بەرنامە و ئەجێندای سیاسیی وڵاتانی کەنداو لە ئەورووپا دەکات.

## ڕەمەزان مارکێت و چێشتخانە کوردییەکانی سوێد دەبووژێنێتەوە

# لە سوێد برنجی کوردی و سەروپێ بەرناکەوێ



شێفێکی کورد: سوێدی لە کورد زیاتر حەزیان لە خواردنی کوردییە و لە ڕەمەزاندا ڕوومان تێدەکەن (فۆتۆ: ڕووداو)

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

لەنێو ئەو کەشە کپ و بێدەنگ و چۆڵەی شەوانی سوێد، چێشتخانە و مارکێتە کوردی و ڕۆژهەڵاتییەکان جمەیان دێت و شاریان قەرەباڵغ کردووە، بەجۆرێک کە لەوێ هەست ناکەیت لە وڵاتێکی باکووری ئەورووپایت.

چاوەڕوانیی بانگ و خواردنی قورس، هەروەها نانخواردن لە کاژێر 12ی شەو، بەلای سوێدییەکانەوە شتێکی ناوازەیە بۆیە ئەوانیش لە ڕەمەزاندا تاقیی دەکەنەوە. چێشتخانە کوردییەکانی ستۆکهۆڵم لەم مانگەدا بووژاونەتەوە.

تینا پیرشوون لەگەڵ هاوڕێکانی هاتووە بۆ چێشتخانە کوردییەکەی ستۆکهۆڵم و دەڵێت: "حەز دەکەم ئەو کەشە ببینم". تینا موسوڵمان نییە و بە ڕۆژووش نییە، بەڵام دەڵێت "حەز دەکەم هەموو کەشەکان تاقی بکەمەوە، ئەوەی لەم چێشتخانانە هەیە زۆر خۆشە و تایبەتە".

ئەو کچە سوێدییە لەگەڵ سیما و سەنای هاوڕێی پێکەوە چاوەڕوانی بانگ بوون، تا ماستاو بخۆنەوە و دەست بە خواردنی کەبابەکەیان بکەن.

هەندێک لە چێشتخانە کوردی و ڕۆژهەڵاتییەکان، لە مانگی ڕەمەزاندا کەشێکی تەواو ڕۆژهەڵاتییانە بۆ تاراوگەنشینان دەڕەخسێنن، ئەوەش سەرنجی ئەورووپییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و زۆرجار بەشداریی خوانی بیانییەکان دەکەن.

لە چێشتخانەکەی هەژار هەولێری لە ستۆکهۆڵم، بڵندگۆیەک دانراوە، گۆرانی ئاینی بە زمانی کوردی و عەرەبی لێدەدرێ، وەک ئەوە وایە نوێژی نیوەڕۆ بێ. چێشتخانەکەی هەژار، لە ڕۆژانی ئاساییدا هەرگیز تا ئەو درەنگی شەوە کراوە نییە.

هەژار ڕەشید، تەمەن 37 ساڵ، خاوەنی چێشتخانەی بنارە لە ناوچەرگەی ستۆکهۆڵم. ئەو دەڵێت: "بەو شێوەیە وامان کردووە سەرنجی خەڵکێکی زۆر بەلای خۆمان ڕاکێشین". هەژار ئەوەندە نییە چێشتخانەکەی کردووەتەوە، بۆیە دەڵێت "مەبەستمانە سوود لەم بۆنانە وەربگرین کە دەبێتە جێی سەرنج و خۆشحاڵیی خەڵک، ڕەمەزان بۆ ئێمە دەرفەتێکی باش بوو. یەکەمینجارە چێشتخانەیەکی وا گەورە تا 12ی شەو هەبێت، ئەمە سوێدییەکانیشی زۆر خۆشحاڵ کردووە".

وەستا فایەق شێفێکی ناسراوی خواردنە ڕۆژهەڵاتییەکانە لە سوێد. هاوشێوەی هەژار تاوەکوو درەنگی شەو خواردن دەبەخشن و چێشتخانەکەی جمەی دێت. وەستا فایەق بە (ڕووداو)ی گوت :"سوێدی و نەتەوەکانی دیکە لە کورد زیاتر حەز بە خواردنە کوردییەکان دەکەن و لە ڕەمەزاندا زۆر ڕوومان تێدەکەن".

ئەو شێفە کوردە کە ئێستا بۆ ماوەیەکی کاتی و تەنیا بۆ ڕەمەزان چێشتخانەیەکی هێندی بەکرێ گرتووە و تایبەتی کردووە بەو مانگە، دەڵێت "بەهۆی ڕەمەزانەوە، هیچ یەکێک لە چێشتخانەکانی دیکە بازاڕیان نامێنێ و هەموو ڕوو لە ئێمە دەکەن".

بۆ سوێدییەکان هەندێک نامۆیە لە ئێوارە خواردنی قورس بخورێت، بەڵام وەک هەژار و شێف فایەقیش گوتیان سوێدییەکان خۆشحاڵن کە کەشی لەم شێوەیە تاقی دەکەنەوە.

ستیفان مۆرگان لەگەڵ هەر پێنج ئەندامەکەی خێزانەکەی هاتوون و کاژێر 11ی شەوە و نان دەخۆن. ئەوان دەڵێن: "ئەگەرچی لەڕووی تەندروستی باش نییە، بەڵام هەم تامی خواردنەکان، هەم خواردن لەم شەوە، کەشێکی تایبەتە".

### مارکێتەکانیش بەرناکەون

برنجی کوردی و سەروپێ لەو جۆرە خواردنانەن کە لە مانگی ڕەمەزاندا کڕیاریان زۆرە. کەم کەس هەیە لە سوێد کڕیاری برنجی (کوردە) و گۆشتی (جەلیل و دلێر) نەبێت. بەڵام شتێکی نوێیە کە فرۆشتنی ئەمانە لەگەڵ سڵق و پاقلە و سەروپێی ئامادە، لە مانگی ڕەمەزاندا چوار هێندە فرۆشی زیاد بکات.

هێمن هادی کە مارکێتی ڕۆژهەڵاتی هەیە و زۆربەی خۆراکە کوردییەکانی لایە، دەڵێت: "شتەکانی ئێمە لە ڕەمەزاندا چوار هێندەی جاران فرۆشی بەرز دەبێتەوە".

هێمن هادی دەڵێت لەکاتی ئاسایی ڕۆژانە 10 بۆ 15 کیلۆ گۆشت و کەمتر لە 5 کیلۆ برنج دەڕوات، بەڵام لە ڕەمەزاندا ڕۆژانە زیاتر لە 100 کیلۆ گۆشت و 200 کیلۆ برنج دەفرۆشن. هەروەها دەڵێت "فرۆشی سەوزەی وەک پاقلە و سڵق، لە ڕەمەزان ئەوندە زۆر دەبێ بە زەحمەت دەستمان دەکەوێت".

کوردی سوێد هەر لە ئێستاوە خۆیان بۆ جەژنی ڕەمەزان ئامادە کردووە و داوای شیرینی و قەیسی و کشمیش دەکەن.

هێمن هادی دەڵێت "لە کوردستان و ئێرانەوە شیرینی و قەیسی هاوردە دەکەین. هەفتانە زیاتر لە 20 بۆ 30 کیلۆ گەزۆی سلێمانی دەفرۆشم و نزیکەی 500 کیلۆ قەیسی کوردستانم هاوردە کردووە تەنیا بۆ جەژنی ڕەمەزان".

### سەروپێ نۆرەی بۆ گیراوە

ڕەمەزانی سوێد قورسترین خواردنی تێدا دەخورێ کە سەروپێیە. هێمن هادی کە خاوەنی مارکێتە لە سوێد دەڵێت :"زۆر لە خێزانەکان حەز بە سەروپێ دەکەن لە ڕەمەزاندا، بەتایبەت لە ڕۆژانی جەژن، بۆیە لە ئێستاوە خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین. تاوەکوو ئێستا کڕیاری زیاتر لە 150 وەجبە سەروپێم هەیە، دەبێت تاوەکوو ڕۆژانی کۆتایی ڕەمەزان بۆیان ئامادە بکەین".

ڕووداو
ژنان
ژمارە (461) - دووشەممە 2017/6/12



## کچێک خۆی دەسووتێنێ

ڕووداو – ڕانیە

ڕۆژی 2017/2/8 کچێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی (هەوار.ج.ق) دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی قەزای ڕانیە لە نێو ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕیوەبەری بەشی کارگێری لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت کچە خویندکاریکی سوتاویان هینا بۆ نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، چارەسەری سەرەتاییمان بۆ کرد، نزیکەی 50%ی جەستەی سووتابوو، بەڕێمان کرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە. فەرمان ئەحمەد گوتی "لەئەنجامی چارەسەرکردنەکەی بۆمان دەرکەوت کە خۆی سووتاندوە، هۆکارەکەشی کۆمەلایەتی بووە".

# ژنێک بە چەکی هاوژینەکەی دەکوژرێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

پرسەی (ت) زۆر قەرەباڵغ بوو، ئەوانەی دەهاتن، خێرا فاتیحایەکیان دەخوێند و دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی شوێنی خەڵکی دیکەش ببێ. دەنگی گریان لەوسەری کۆڵان دەهات، هەموو خەڵک دڵگران بوون بەوەی بەم ڕەمەزانە خوێنی (ت) ڕژاوە.

کاژێر 5:30ی ئێوارەی ڕۆژی 2017/6/10، (ت.ع) لە ماڵەکەی خۆیدا بەدەستی مێردەکەی سێ گوللەی لێدەدرێت، بەڵام بەگوتەی مێردەکەی کە بۆ پۆلیس قسەی کردووە، بە ئەنقەست ژنەکەی خۆی نەکوشتووە، بەڵکو گوللەی لەدەست دەرچووە. پۆلیسی سلێمانیش خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوەکە.

(ت.ع)ی تەمەن 28 ساڵان خاوەنی دوو منداڵ بوو، 10 ساڵ لەمەوبەر شووی بە (ع) کرد کە خاڵۆزای خۆیەتی.

### ئاوی گەرمی پێدا کردووە

ژنان دەوری دایکی (ت)یان دابوو کە سەرتاپای لە ڕەش نابوو بۆ کچە گەنجەکەی، دایکی بەدەم گریانەوە لە پرسەکەیدا بۆ خەڵکەکانی دەوروبەری باسی مەرگی کچەکەی و ناڕەحەتیی ژیانی دەکرد: "لەوەتای شووی کردووە خێری لە خۆی نەدیوە، (ع) زۆر بۆی خراپ بوو، چەندینجار لێیداوە، تەنانەت جارێک ئاوی گەرم و جارێکیش هێلکە و ڕۆنی بە گەرمی پێدا کردووە. کچەکەم چەندین جار تۆراوە، بەڵام لەبەر منداڵەکانی دانی بەخۆیدا گرتبوو".

دایکی (ت) بەدەم لاواندنەوەی کچەکەیەوە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "ئێمە دوو کۆڵان لە ماڵی کچەکەمەوە دوورین. ئاگام لە هەموو شتێکی بوو، هاوژینەکەی هەموو کات بۆی خراپ بوو، چەندین جار لێیداوە، تەنانەت جارێک من و کچێکم بەزۆر لەژێر دەستی دەرمانهێنا".

دایکی (ت) هێندە داخ لەدڵە بەرامبەر زاواکەی، تەنانەت ڕازی نەبووە ناوی زاواکەیان لەسەر لافیتە ڕەشەکەی مەرگی کچەکەی بنووسرێ: "نەمهێشت ناوی ئەو تاوانبارە لەسەر لافیتەکە بنووسرێت، بەخوا دەبێت 25 ساڵ لە زیندان بێت و لێی خۆش نابم".

> **پیاوەکە:** گوللەم لەدەست دەرچوو
>
> **دایکی ژنەکە:** مێردەکەی بەردەوام لێیدەدا

دەشڵێت "ئەو تاوانبارە سێ گوللەی لە کچەکەم دابوو، گوللەیەک لە پشتی و گوللەیەک لە کەلەکەی و گوللەیەکیشی لە دڵی دابوو، تاوەکوو گەیەندرایە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانییەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکە نەدرایەوە. ڕاگەیەندراوێکی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو ڕووداوە کە هەمان ڕۆژ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: "لەگەڕەکی قالاوەی شاری سلێمانی، ژنێک بەناوی (ت.ع.س) لەدایکبووی 1988 و خاوەنی دوو منداڵ، لە ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە". هەروەها هاتووە: "بەپێی گوتەی مێردی ژنەکە، کوشتنەکە بەئەنقەست نەبووە، بەڵکو بەهۆی لەدەست دەرچوونی فیشەکەوە بووە، پاش بەرکەوتنی دوو فیشەک هاوژینەکەی بەسەختی بریندار بووە و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. پاش گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەستیانپێکردووە و دۆسیەکە ڕەوانەی بنکەی پۆلیس کراوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر".



بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، جگە لە مێردەکەی، ژن و پیاوێکیش کە پوورزای پیاوەکەن و ئەو ئێوارەیە لە ماڵیان بوون، ئەوانیش دەستگیر کراون.

ئەو ژن و پیاوە گوتوویانە کە ئەو شەوە خۆیان ئامادە کردبوو بچن بۆ چاڤی لاند.

# پۆلیس بەگژ بەشوودانی کچانی منداڵکاردا دەچێتەوە

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

بەشوودانی پێشوەختەی کچان لە کەمپی ئاوارەکاندا کە تا دەهات زیادی دەکرد، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانی هێنایە سەر خەت کە لە هەڵمەتێکدا ئەو دیاردەیەی کەمکردەوە. لەنێو ئەوانەی بەهۆی هەژاری یان وەکو نەریت بەوجۆرە بەشوودراون، منداڵی تەمەن 10 ساڵان هەبووە کە دراونەتە کەسانێک لە تەمەنی باوکیاندا بوونە.

(ج.ن) ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە کەمپی کەورگۆسک نیشتەجێیە. ئەو باوکی 6 منداڵە کە چواریان کچن. یەکێکە لەوانەی پێشوەختە کچەکەی بەشوودواوە. (ج) بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لە ساڵی 2014 هاتین بۆ کەمپی کەورگۆسک، ئەوکات کچە گەورەکەم (غ) تەمەنی 13 ساڵان بوو، بچووکەکەشم (ت) تەمەنی 10 ساڵ و حەوت مانگ بوو، خەڵکێکی زۆر لێرە بەیەکدا چووبوون، چاک و خراپ تێکەڵ ببوو، خێمەکان چەند مەترێک لەیەکتر دووربوون، ئەمەش ترسی لەلا دروستکردم، بۆیە ناچاربووم هەردوو کچەکەم بەشوو بدەم".



(ج) ڕەتیکردەوە کچەکانی بۆ پارە بەشوودابن و گوتی "سوێند دەخۆم یەک فلسم وەرنەگرتووە، هەریەکەیان تەنیا ئەڵقەیەکیان بۆ کڕدرا، کچە 13 ساڵانەکەم سەر بە هەوێ بەشوودا، دامە برازایەکی خۆم. بچووکەکەشم دا بە کوڕی دراوسێیەکمان کە 19 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، بەڵام دوای 8 ڕۆژ لە مارەکردنی، دایکی گوتی ئەگەر ئەویان بدەی بە شوو خۆم دەسووتێنم، بۆیە پەشیمان بوومەوە".

(ج) پەشیمانە لەو کارە و دەڵێت: "کچە 13 ساڵانەکەم لەگەڵ هاوژینەکەی ناگونجێ، جارجار دەتۆرێ".

لەبارەی بەشوودانی پێشوەختە، نەقیبی مافپەروەر لانە لوقمان، بەرپرسی هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە کەمپی کەورگۆسک بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارەکان، سەرەتا زۆر زەحمەت بوو ڕێگری لە بەشوودانی پێشوەخت بکرێت، چونکە تەنیا هەژاریی کێشە نەبوو لەلایان، بەڵکو لە نەریتی خۆشیان ڕێگەپێدراو بوو. هاوسەرگیرییەکان ئەوەندە بێ بنەما بوو کە کچ هەبووە ئەمڕۆ مارە کراوە و سبەی تەڵاق دراوە، کچ هەبوو تەمەنی 10 ساڵان بوو، درابوو بە کەسێک کە هاوتەمەنی باوکی بوو".

بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشوودانی کچی منداڵکار لە کەمپەکان کەمبکاتەوە. نەقیب لانە دەڵێت "توانیمان ئەو دیاردەیە بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمبکەینەوە و ئێستا ڕوو لە نەمانە، نەک تەنیا لە کەمپی کەورگۆسک، بەڵکو لە کەمپەکانی بالیسان و قوشتەپە و دارەشەکرانیش".

نەقیب لانە دەشڵێت: "ئەو خەڵکە هۆشیارییان لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی بەشوودانی پێشوەختەی کچەکانیان نەبوو، دایکەکانیان پێیانوابوو کچەکانیان لەکۆڵ دەبێتەوە و کێشەی ئابڕوویان بۆ دروست نابێت، بەڵام نەیاندەزانی بە سێ چوار منداڵەوە تەڵاق دەدرێن و دوو ئەوەندە باری سەرشانیان زیاد دەکات".

بەگوتەی نەقیب لانە، لە کەمپی کەورگۆسک دیاردەکە زۆرتر بووە "هەر کەسێک کۆلیژی شەریعەی تەواوکردبایە، خۆی دەکردە مەلا و شێخ، بەڵام ئێمە تەنیا مامۆستایەکی ئاینیمان لە کەمپەکە هێشتەوە، ئەویش بەو مەرجەی ئیمام و خەتیب بێ و هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ کچان ئەنجام نەدات و دوای مارەبڕین لە دادگا، ئینجا لەیەکتریان مارە بکات، چونکە هەر کچ و کوڕێک بەبێ پڕکردنەوەی فۆرم لای ئێمە و زانینی تەمەنیان، ناهێڵین مارە بکرێت".

> ### کچی 10 ساڵان دراوە بە پیاوێک 19 ساڵ لەخۆی گەورەتر

> ### لەسەر مارەکردنی کچان دەگیرێ
>
> نەقیب لانە ئاشکرای کرد دوو مامۆستای ئاینی بە پارە کچی خوار تەمەنی 18 ساڵیان مارە کردووە "دوو مەلا بەدزییەوە بۆ 5 هەزار تا 25 هەزار دینار، کچی تەمەن 10 ساڵ و بەرەوژووریان مارە دەکرد. بۆیە ڕێکاری یاساییمان بەرامبەریان گرتە بەر و یەکێکیان وازی هێنا. بەڵام یەکێکی دیکەیان بەردەوام بوو تا لەڕێگەی دادگای لێکۆڵینەوەی قەزای خەباتەوە توانیمان ڕەوانەی گرتووخانەی بکەین".

# ژمارە تەلەفۆنەکەی ژیانی لێ کردە دۆزەخ



دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

مریەم بەهۆی چاککردنی گڵۆپێکی دوکانەکەیەوە تووشی گێچەڵی سێکسی بوو، بەڵام زوو فریای خۆی کەوت و توانی لەڕێگەی سکاڵاوە ئەو گەنجەی گێچەڵی پێکردبوو بخاتە زیندانەوە.

مریەم تەمەنی 32 ساڵە، سێ ساڵە هاوژینەکەی مردووە، ئەو لەگەڵ سێ کچەکەی لە ماڵی باوکی دەژیت. مریەم لە ئاریشگایەک لە هەولێر کاردەکات، دەڵێت "ماڵی باوکم بژێوییان باش نەبوو، بۆیە دوکانێکی بچووکم بەکرێ گرت و کردم بە ئارایشگا، بۆ ئەوەی بژێویی خۆمان و ماڵی باوکم دابین بکەم".

بەڵام سووتانی گڵۆپێکی ئارایشگاکەی تووشی گرفتێکی گەورەی دەکات. مریەم چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕۆژێک چووم بۆ سەر کار، کارەبای دوکانەکەم شۆرتی کردبوو، گڵۆپەکان سووتابوون، منیش یەکێک لە شاگردەکانم نارد بۆ ئەوەی کارەباچییەک بهێنێت و کارەباکە چاک بکاتەوە".

شاگردەکەی مریەم کارەباچییەک لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام پاش گۆڕینی گڵۆپەکە، وەک مریەم دەڵێت کارەباچییەکە ژمارە مۆبایلەکەی ئەوی نووسیبوو کە لەنێو ئاریشگاکە بۆ موشتەرییەکانی خۆی هەڵیواسیبوو.

مریەم گوتی "شەو تەلەفۆنی بۆ کردم، وامزانی یەکێکە لەوانەی دێتە دوکانەکەم، وەڵامم دایەوە، ئەو دەیزانی بێوەژنم، چونکە دوکانەکەی هەر لە دەوروبەری ئێمە بوو، ڕاستەوخۆ گوتی خۆشمدەوێی، ئەگەر ڕازی بیت، دەمەوێت بەیەکەوە بین. هەر ئەو شەوە داوای لێکردم لەگەڵی بخەوم، منیش قسەم پێگوت و مۆبایلەکەم داخستەوە".

ئەوەی مریەمی تووشی گرفت کرد مۆبایلەکەی بوو. مریەم دەڵێت: "نازانم چۆن لەڕێگەی مۆبایلەکەمەوە توانیبووی بچێتە نێو فەیسبووکەکەم و هەموو وێنە و ڤیدیۆکانمی بردبوو، دواتر فەیسبووکێکی دانابوو نووسیبووی من لەشفرۆشم، ئەمە ژمارە مۆبایلەکەمە، بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانم، لەڕێگەی ڤایبەرەوە وێنەی فەیسبووکەکەی بۆ ناردم، کە بینیم خەریک بوو ڕۆحم دەربچێ لە ترسان، نەمدەزانی لەبەر ترس و ئابڕووی خۆم چی بکەم".

### هەوڵی خۆکوشتن دەدات

ئەو کاتەی فەیسبووکەکە دەبینێت، مریەم بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە: "ویستم خۆم بکوژم، بەڵام لەبەر منداڵەکانم نەمتوانی، بۆیە تەلەفۆنم بۆ ئەو کەسە کرد و گوتم بەس ئەم فەیسبووکە بڵاومەکەوە، چی دەڵێی ئامادەم بۆت بکەم، جگە لە کاری بێ ڕەوشتی، من کەسێکی بەڕەوشتم، بۆیە ئەو داوای پارەی لێکردم، من ئەوکاتە تەنیا 200 دۆلارم شک دەبرد، بۆ ڕۆژی دواتر چووم تاوەکوو پارەکەی بدەمێ، بەڵام کە بینی پارەکە کەمە، ڕازی نەبوو، گوتی مادام پارەت نییە، دەبێت لەگەڵم بخەوی، بەڵام من ڕەتمکردەوە".

مریەم بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەڵێت: "نیو کاژێر دوای ئەوەی بەجێمهێشت، هەرچی خزم و کەس و ناسیاو و نەناس هەیە پەیوەندییان پێوەکردم، ئەوانەی نەمدەناسین تەلەفۆنیان دەکرد یان مەسجیان دەنارد و مامەڵەی خەوتنیان لەگەڵ دەکردم، هەموو وێنەکانم بڵاوبوونەوە، ئیدی نەمزانی دنیا ڕۆژە یان شەوە، بەرەو ماڵ بەڕێکەوتم".

لەگەڵ گەیشتنەوەی بە ماڵەوە، بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە باوک و براکەی لێی دەدەن "بە قژ ڕایانکێشام و کەوتنە لێدانم، ئێستاش شوێنی ئەشکەنجەم پێوە ماوە، منداڵەکانیشم لەترسان خەریکبوو دەمردن".

کەس بڕوا بە مریەم ناکات، بۆیە ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون، مریەم گوتی "زانیم جێگایەک هەیە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ژمارەیانم پەیدا کرد و هەر ئەوەندەی پەیوەندیم پێوەکردن، ڕاستەوخۆ هاوکارییان کردم و بەهانامەوە هاتن، سوپاس بۆ خوا ئەوان توانییان گیانم بپارێزن و بانگی ماڵەوەیان کرد، ڕاستیی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوونکردنەوە، هەر ئەوانیش توانییان تاوانبارەکە دەستگیر بکەن و بیدەنە دادگا، ئێستاش لە زیندانە".

### عادل دوای 28 کاژێر دەستگیر کرا

لەبارەی کەیسی مەریەم، نەقیبی مافپەروەر لانە لوقمان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "پاش ئەوەی مریەم پەیوەندیی پێوەکردین و سکاڵای دژی کەسێک تۆمار کرد بەتۆمەتی هەڕەشە و پارەلێسەندن، دوای 28 کاژێر توانیمان تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی دووی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەستگیر بکەین و ئێستاش لە زیندانە".

## هاووڵاتییەک لەسەر کێشەی ئاو دەکوژرێت



روداو- هەولێر

لە گەڕەکێکی ناحیەی کەسنەزانی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر، لەسەر کێشەی ئاو کەسێک کوژرا و بکوژەکەش هەڵاتووە. شەهیان تەحسین، پێشکەشکاری بەرنامەی "تاکسی رەمەزان"ی رووداو لە شوێنی رووداوەکە بوو، گوتی :"لە گەڕەکی 11ی ئازاری ناحیەی کەسنەزان "بەهۆی کێشەی کەمئاوی و نۆرەبڕییەوە" شەڕەتەقە لەنێوان هاونیشتمانیان روویداوە. بەوهۆیەوە کەسێک کوژراوە و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. کەسێک بەناوی (س) تەقەی لە هاووڵاتییەک بەناوی "مەحموود قەڵادزەیی" کردووە و بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە. کوژراوەکە کارمەندی ئاسایشە، بەڵام لە ئەرکدا نەبووە..

# گەنجێک لەسەر پەیوەندییەکی ئەڤینداری دەکوژرێ

باوکی مەتین:

## پێشتر چەند جارێک هەڕەشە لە کوڕەکەم کرابوو

روداو- سۆران

هاوڕێیەکی لەسەر واڵەکەی مەتین لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، پۆستێکی تاگ کردووە و نووسیویەتی "کوشتن بە تاوانی خۆشەویستی.. ئەمڕۆ بە روونی بۆم دەرکەوت کە هێشتا خەڵکانێک هەن تاوەکوو ئێستا خۆشەویستی بە تاوان دەزانن". مەتین لە نێو جەرگەی شارۆچکەی سۆران لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کوژرا. کەسوکارەکەی دەڵێن تاوەکو تۆڵەی کوڕەکەیان نەکەنەوە، پرسەی بۆ دانانێن.

رۆژی 2017/6/3 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی مەتین بەدەل مستەفا، دانیشتووی گەڕەکی ئازادی لە قەزای سۆران، بە گوللەیەکی دەمانچە کوژرا. دوای رووداوەکە، پۆلیس کەسێکی بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیر کرد.

بەرەو هەر لایەکی ماڵەکەی هەنگاو دەنێت، وێنەی مەتینی دێتە بەرچاو، بیرەوەرییەکانی دێنەوە خەیاڵ، چونکە مەتین نەیدەهێشت خەندە لە ماڵی بەدەل بتۆرێ.

باوکی مەتین، زوو زوو ئاخێک بۆ مەرگی کوڕەکەی هەڵدەکێشێ و دەڵێت "مەتین ماڵەکەمی پڕکردبوو لە پێکەنین، زۆر سوعبەتچی بوو، زوو زوو بە دایکی دەگوت باوکم لێت بێمنەتە، هەر تووڕە بیت ژنێکی دیکە دەهێنێ، حەزی دەکرد دایکی لە من تووڕە ببێ و ئەویش بەدیارمانەوە پێبکەنێ".

باوکی مەتین چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبن و دەڵێت "تازە دوای نەمانی مەتین، خۆشی و شادیی نێو ماڵەکەشمان نەما. تەنیا پێکەنین و یادگارییەکانی ئەو لە ماڵەکەمدا ماون. سەر بە هەر شوێنێکی ماڵەکە دەکەم وێنەی مەتین دێتە پێش چاوم، ماڵیان وێرانکردم خوا ماڵی سەبەبکارەکەی وێران بکات".

بەوپێیەی گوزەرانی ئەو خێزانە زۆر باش نەبووە، وەک باوکی دەڵێت، مەتین لە پێناوی خۆشکردنی گوزەرانی خێزانەکەی وازی لە خوێندن هێناوە و سەرقاڵی کارکردن بووە.

بەدەل باسی رۆژی کوشتنی کوڕەکەی دەکات و دەڵێ: "ئەو رۆژە کارتۆنێک شیرنەمەنی هێنایەوە و گوتی ئەوەم لە شوێنێکی تایبەت بۆ هاتووە، منیش پێشکەشی ئێوەی دەکەم. لە هەموو رۆژەکانی دیکە دڵخۆشتر بوو، دوو سێ جار پێیگوتم چ دەکەی لە ماڵەوە؟ وەرە بە ئۆتۆمبێل پیاسەیەک بکەین، منیش دڵم نەشکاند و لەگەڵی چوومە دەرەوە".

مەتین دوای بەربانگ، وەک عادەتی هەمیشەیی، بڕیار دەدات بچێتە لای هاوڕێکانی. بە گوتەی باوکی، مەتین مەوعیدی لەگەڵ هاوڕێیەکی هەبووە و وایان بڕیار داوە لە کافتریایەکی گەڕەکی حەریق یەکدی ببینن، بەڵام بەر لەوەی بگاتە لای هاوڕێکەی، تەقەی لێکراوە و کوژراوە.

باوکی مەتین هۆکاری کوشتنی کوڕەکەی بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە لەسەر خۆشویستنی کچێک کوژراوە، بەدەل گوتی "مەتین کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو. کچێکی خۆشدەویست، بەڵام بنەماڵەی کچەکە بەو پەیوەندییە رازی نەبوون، بۆیە بیرم بۆ ئەوە دەچێ کە ئەوە هۆکاری کوشتنی مەتین بووبێت".



مەتین بەدەل لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دەستڕێژی گوللەی لێکرا

ئەوەی گومانی بەدەلی زیاتر کردووە، ئەوەیە کە پێشتر ئەو خێزانە هەڕەشەیان لە مەتین کردووە. باوکی مەتین گوتی "بنەماڵەی کچەکە چەند جارێک لەرێی تەلەفۆنەوە هەڕەشەیان لێ کردبوو، دووجاریش هاتن بۆ لای من و گوتیان بە کوڕەکەت بڵێی واز لە کچەمان بهێنێ، ئەگەر واز نەهێنێ کارەساتێکی گەورە روودەدات، جا ئەگەر کوڕی تۆمان کوشت دواتر گلەیی نەکەیت". بەدەل هەروەها گوتی "بەردەوام بە مەتینم دەگوت دەستبەرداری ئەو کچە ببێت، کەچی هەموو جارێک دەیگوت مەگەر بمرم، ئەگینا قەت واز لەو کچە ناهێنم".

باوکی مەتین پرسەی بۆ کوڕەکەی دانانەوە و دەڵێ چاویان لەدەستی یاسایە مافیان وەربگرێتەوە. بەدەل گوتی "لەبەر ئەوەی غەدرێکی زۆر گەورە لە مەتین و ئێمەش کراوە، بۆیە پرسەمان دانەناوە. چاوەڕێی ئەو بەڵێنانە دەکەین کە لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانەوە بەئێمە دراوە، هەر کاتێ بەڵێنەکانی ئەوان بەجێگەیەندران، ئەو کات ئێمەش پرسە دادەنێین".

بەدەل مستەفا سوپاسگوزاری دەزگا ئەمنییەکانی سۆرانە و دەڵێ: "دەزگا ئەمنییەکان بەگشتی و ئاسایشی سۆران بە تایبەتی بەردەوام سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەوەی هۆکاری کوشتنی کوڕەکەم ئاشکرا بکەن".

هەرچەندە دوای رووداوەکە گەنجێک بە تۆمەتی کوشتنی مەتین دەستگیر کرا، بەڵام پۆلیسی سۆران بە بیانووی ئەوەی کەیسەکە هێشتا لە قۆناغی سەرەتای لێکۆڵینەوەدایە، ئامادە نەبوون قسەی لەبارەوە بکەن.



موقەدەمی مافپەروەر

ژیلەمۆ عەبدولقادر

## بڕیارێکی بەپەلە و هەڵەی دا

باوکێک سکاڵای لەسەر کوڕەکەی تۆمار کردبوو، داوای دەکرد کوڕەکەی دەست لە هاوژینەکەی هەڵبگرێ، چونکە بۆی دەرکەوتووە، بووکەکەی ناپاکیی بەرامبەر کوڕەکەی کردووە.

هێشتا کچە و کوڕەکەمان نەبینیوە بۆ ئەوەی بزانین کێشەکەیان چییە، بەڵام باوکی کوڕەکە دەیگوت هەرگیز رازی نابم کوڕەکەم ژنەکەی بهێنێتەوە. بە گەڕانەوەی ئەو ژنە ئابڕوومان دەچێ، لە نێو خزم و کەس سەرم شۆڕ دەبێ. ئێمە عەشایەرین، چۆن دەبێت ژنێک کە تەڵاقدراوە دووبارە بیهێنێتەوە لای خۆت، جا لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە ژنەکە لەسەر ناپاکی تەڵاقدرابێ. ئینجا بێ بە پرسی من دووبارە بیهێنێتەوە، من هەرگیز ئەوە لە کوڕەکەم قبوڵ ناکەم.

ئەو لە دادگا داوای دەکرد ئەگەر کوڕەکەی، ژنەکەی بهێنێتەوە، ئەوە حاشای لێدەکات و هیچ پەیوەندییەکی پێوە نامێنێ، بەڵام دادگا گوێی بە قسەی ئەو پیاوە نەدا و رەتیکردەوە ئەو بڕیاری کۆتایی لەبارەی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی ئافرەتەکە بدات. چونکە گەڕانەوەی ژن و مێرد بۆ لای یەکدی لە دەسەڵاتی کەسوکاریاندا نییە و تەنیا پێویستی بە رەزامەندیی ژن و پیاوەکەیە.

هەر باوکەکە سکاڵای نەبوو، کوڕەکە و کچەکەش سکاڵایان هەبوو، بەڵام سکاڵای ئەوان جیاواز بوو، ئەوان داوایان دەکرد ژیانیان پارێزراو بێ، چونکە کەسوکارەکەیان هەڕەشەیان لێدەکەن. دوای ئەوەی کچەکە و کوڕەکە بانگ کران بۆ ئەوەی راستیی رووداوەکە دەربکەوێ. کوڕەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی بەهۆی پەلەکردن لە بڕیاردان وای بەسەر هاتووە.

ئەو کوڕە گوتی لەگەڵ هاوژینەکەی هیچ کێشەیان نەبوو، لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوژینییەوە بێ کەموکوڕی بوون. تا رۆژێکیان کەسێک تەلەفۆن بۆ هاوژینەکەی دەکات. هەرچەندە هاوژینەکەی دەڵێت ئەو خاوەنی ژمارەکە ناناسێ و رەنگە بە هەڵە تەلەفۆنی کردبێ، بەڵام پیاوەکە باوەڕی پێناکات و تەڵاقی دەدات.

دوای ماوەیەک کوڕەکە ئەو کەسە دەدۆزێتەوە کە تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کردبوو، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، دوای بەدواداچوون دەردەکەوێ کە ئەو ئافرەتە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو کەسە نییە کە تەلەفۆنی بۆ کردووە و هەر نایناسێ. ئینجا کوڕەکە بۆی دەردەکەوێ هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە هاوژینەکەی خۆی تەڵاقداوە.

کاتێک کوڕەکە لەلای کەسوکارەکەی دەڵێت دەیەوێ هاوژینەکەی بهێنێتەوە، هەموویان دژی دەوەستنەوە و پێیدەڵێن عەیبە تازە تۆ ژنەکەت تەڵاقداوە و لەنێو خزمانیش بڵاوبووەتەوە کە تۆ ژنەکەت لەسەر چی تەڵاقداوە، بۆیە نابێت بیگەڕێنیتەوە لای خۆت.

بەڵام کوڕەکە گوێ بە قسەی کەسوکارەکەی نادات، دوای ئەوەی بۆچوونی هاوژینەکەی وەردەگرێ، هەروەها بۆی دەردەکەوێ کە هیچ رێگرییەکی شەرعی و یاسایی نییە، ژنەکەی هێنایەوە لای خۆی. ئەو کوڕە دەیگوت هەرچەندە بۆ من شەرمەزارییەکی گەورە بوو بەرامبەر بە ماڵە خەزوورانم، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵم لەو ژنە هەبوو، دواتریش بۆم دەرکەوت کە ئەو ژنە خیانەتی لێنەکردووم، ئەو بڕیارەم دا.

گەڕانەوەی ئەو ژنە لەرووی یاسایی و شەرعییەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، بۆیە بانگی باوکی کوڕەکە و کچەکە کرا، بەڵێننامەیان پێ پڕکرایەوە کە ژیانی ئەو کوڕ و کچە پارێزراو بێ و بە هیچ جۆرێک دژایەتیان نەکەن.

لە کێشەی ئەو ژن و پیاوە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیاری بە پەلە و بەبێ بەدواداچوون، چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر خێزانەکانیش ناحاڵی بن، کارەساتەکە هێندەی دیکە گەورە دەبێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لە ئەوروپا گەڕایەوە و خۆی سووتاند

## مامێکی خدر: برازاکەم لە بەریتانیا ئاڵوودەی مادەی هۆشبەر بوو

عومەر چاوشین

روداو – راپەڕین

خدر وەکو هەزاران گەنجی کورد سەری خۆی هەڵگرت و رووی لە هەندەران کرد، بەو ئومێدەی ئایندەی خۆی و خێزانەکەی زامن بکات، بەڵام نیوەی ئەو تەمەنەی لە هەندەران بەسەری برد، لە زینداندا بوو، کاتێکیش لە زیندان دەرچوو، زۆری نەبرد بە دەروونێکی نەخۆشەوە دیپۆرتی کوردستان کرایەوە. خدر ماوەیەکی زۆر بوو بەدەست نەخۆشییەوە دەینالاند تاوەکوو دواجار ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

رۆژی 2017/6/4 گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی راپەڕینی ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە، بەناوی خدر ئەحمەد خدر، تەمەن 30 ساڵ، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. خدر دوای پێنج رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. کەسوکارەکەی دەڵێن تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، بۆیە خۆی سووتاند.

رزگار ئەحمەد، برای خدر دەڵێت براکەی هیچ کێشەی نەبوو تا ئەو کاتەی بڕیاری دا بچێتە ئەوروپا، ئەوانیش سەرەڕای ئەوەی باری داراییان باش نەبووە، بەڵام دڵیان نەشکاندووە، پارەیان بۆ پەیدا کردووە و ناردوویانە بۆ دەرەوە.

رزگار گوتی "خدر لەگەڵ قاچاخچییەک رێککەوت بیگەیەنێتە بەریتانیا. حەوت ساڵ لەو وڵاتە مایەوە، بەڵام سێ ساڵ هیچ هەواڵمان نەدەزانی. دواتر بۆمان دەرکەوت لە زیندانە".

خدر دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد دەکرێ، بەگوتەی براکەی، بە فڕۆکەیەکی سەربازی دیپۆرتی کوردستان دەکرێتەوە.

رزگار دەڵێت کە براکەی گەڕایەوە، هەستیان پێکردبوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بۆیە ماوەی پێنج ساڵ هاتوچۆی پزیشکیان پێکردووە، تەنیا ئەو کاتانەش دەروونی باش بووە کە دەرمانی بەکارهێناوە.

خدر دوای دیپۆرتکردنەوەی مل لەبەر کار و کاسبی دەنێت و لەنێو بازاڕی حاجیاوە خۆی بە پێڵاو بۆیاخکردنەوە سەرقاڵ دەکات. رزگار دەڵێت "خدر هیچ پاشەکەوتی نەبوو، ئەو پارەیەی دەستی دەکەوت، دەیخوارد یان دەیدا بە منداڵی هەژار و کەمدەرامەت".

رزگار باسی نەخۆشیی براکەی دەکات و دەڵێت "زۆرجار کە دەرمانی بەکارنەدەهێنا تووشی شڵەژانی دەروونی دەبوو، لە بازاڕ دەستی لە کەس نەدەپاراست، خەڵکی ئازار دەدا، بە راستی ئێمەش زۆر لە رووومان نەدەهات پاکانەی بۆ بکەین".

سەبارەت بەو رۆژەش کە خدر خۆی سووتاند، رزگار گوتی "ئەو رۆژە تەنیا خدر و برایەکم لەماڵ بوون، براکەم نووستبوو. خدر لە حەوشە نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، یەکسەر رایکردووە بۆ کۆڵان، براکەم لەگەڵ هاواری ئەو بەئاگا هاتبوو، باوکیشم لەو کاتەدا گەڕابووەوە ماڵەوە. بە پەلە گەیاندبوویانە نەخۆشخانەی رانیە، پاشان بەڕێیان کرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام تەنیا پێنج رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و گیانی دەرچوو".

رزگار کە لە نەخۆشخانە لەلای خدر بووە، دەڵێت خدر دەیگوت زۆر پەشیمانە لەوەی خۆی سووتاندووە. سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنەکەشی رزگار دەڵێت: "لە نەخۆشخانە لێمپرسی بۆچی ئاگرت لە خۆت بەردا؟ خدر گوتی زۆر بێزار بووم لە ژیان، گوتم با ئاگر لە خۆم بەربدەم، نەمدەزانی وام بەسەردێت، زۆر پەشیمانم". خدر بەردەوام داوای لە کەسوکارەکەی کردووە دوعای چاکبوونەوەی بۆ بکەن.

مامێکی خدر، هۆکاری تووشبوونی برازاکەی بە نەخۆشیی دەروونی باس دەکات و دەڵێت بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە بووە.

ئەو مامەی خدر کە ناوی ئازادە، بەر لە خدر چووەتە دەرەوە. ئەو دەڵێت ساڵی 2002 خدر تەمەنی 15 ساڵ بوو کە هاتە بەریتانیا، حەوت ساڵ لەوێ مایەوە. خدر سێ ساڵ لە زیندان بوو، ئەوان هیچیان لەبارەیەوە نەدەزانی و لەو باوەڕەدابوون شتێکی بەسەرهاتبێ و لە ژیاندا نەمابێ.

ئازاد دەڵێت "دواتر بۆمان دەرکەوت خدر شەڕی کردووە و دەستگیرکراوە، سێ ساڵ لە زیندان بوو، کە هاتە دەرەوە زۆر خراپ تێکچووبوو، پەیوەندی پێوەکردم و هاتە لام، گوتی پێویستم بە پارە و مەشرووبە دەبێ بۆم پەیدا بکەی، گوتم پارە بەسەرچاو، بەڵام من مەشرووب ناخۆمەوە. خدر هەڕەشەی لێکردم و ترسام، گوتم هەرچی بڵێیت بۆت دابین دەکەم".

بە گوتەی ئازاد برازاکەی لە بەریتانیا فێری بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بووبوو، کە گەڕایەوە کوردستان ماددەی هۆشبەری دەستنەدەکەوت، بۆیە رەوشی دەروونیی تێکچووبوو. ئازاد گوتی "خدر لەرزۆک بووبوو، هۆش و بیر و قسەکردنی لە کەسێکی 80 ساڵان دەچوو. هەرچەند سەردانی پزیشکی دەروونی کرد، بەڵام سوودی نەبوو".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە دەڵێت لە نەخۆشخانەکەیان چارەسەری سەرەتاییان بۆ سووتاوەکە کردووە و پاشان بەڕێیان کردووە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. بەڵام دوای پێنج رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی کە 85% بووە، گیانی دەرچووە".

### 22 پیاو خۆیان کوشتووە

ئەمساڵ چەندین پیاو بە رێگەی جیاجیا خۆیان لەنێو بردووە. بورهان عەلی فەرەج، سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "ئەمساڵ لە کوردستان 22 پیاو بە هۆکاری جیاجیا و لەڕووداوی جیاوازدا کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە".

سەبارەت بە هۆکارەکانیش بورهان عەلی گوتی "هۆکاری زۆربەی رووداوەکان ئابوورییە. زۆر لەوانەی باری ئابوورییان خراپە، تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، بەداخەوە زۆر لەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی دەبن، شەرم دەکەن سەردانی پزیشک بکەن. کاتێکیش نەخۆشییەکەیان قورس دەبێ، پەنا بۆ خۆکوشتن یان خۆسووتاندن، یان خۆخنکاندن دەبەن"



خدر لە نەخۆشخانە دەیگوت ئەگەر چاک بوومەوە ژنم بۆ بێنن

## ئیرلندۆر هارالدسۆن، رۆژنامەنووسی ئایسلاندی بۆ (رووداو):

# ئیستۆنیا پێش ئایسلاند دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێت

نیو سەدە لەمەوبەر بەڕێگەی قاچاخ هاتبووە کوردستان. بەڵام لە چەند رۆژی رابردوودا، بە پاسپۆرتی خۆیەوە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دابەزی. پرۆفیسۆری رۆژنامەنووس ئیرلندۆر هارالدسۆن، خەڵکی ئایسلاندایە و یەکێکە لەوانەی رۆڵێکی زۆری هەبووە لە گواستنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی کورد بە جیهانی دەرەوە. لە رۆژنامە دیارەکانی دونیادا، وتار و راپۆرت و لێدوانی ئەو سەبارەت بە دۆزی کورد بڵاودەبوونەوە. بەشێک لەو وێنە دانسقانە یان ئەو ڤیدیۆیانەی سەبارەت بە شۆڕشی کورد تۆمار کراون، بە کامێرای هارالدسۆن گیراون. پەرتووکێکیشی هەیە بەناوی "لەگەڵ چەکدارانی کوردستان". هارالدسۆن لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) چیرۆکی ئاشنابوونی بە دۆزی کورد و هاتنی بۆ کوردستان باس دەکات.

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
رووداو- هەولێر



**رووداو: پەیوەندی و نزیکبوونەوەی ئێوە لە شۆڕشی کورد چۆن بوو؟ چۆن سەرکردەکان و پێشمەرگەکانی کوردستانتان لە چیاکان ناسی، لە کاتێکدا ئێوە لە ئایسلاند بوون؟**

**هارالدسۆن:** لە ئایسلاند کوردم نەدەناسی، ئەوکاتەی لە بەرلین دەمخوێند، ساڵی 1961 چەند خوێندکارێکی کوردم ناسی. هەر ئەوکاتە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون و بوومە هاوڕێیان. ئەوان باسی شۆڕشی کوردیان بۆ کردم لە عێراق. دواتر کە بڕیارم دا سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەم، بڕیارم دا بە خێرایی سەردانی ئەو شۆڕشگێڕانەش بکەم.

**رووداو: جاری یەکەم کەی بوو کە هاتیتە کوردستان؟**

**هارالدسۆن:** ساڵی 1962 بوو، چوومە قەسری شیرین، لەوێوە بە نهێنی بەرەو سنووری عێراق رۆیشتین و چووینە ناوچە کوردنشینەکان. چەند شەوێک بەڕێوەبووین، تاوەکو گەیشتینە ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی پێشمەرگە بوون.

**رووداو: ئەو شوێنە کوێ بوو؟**

**هارالدسۆن:** پێموایە شوێنێک بوو لە باکووری هەڵەبجە، ناوەکەیم بە تەواوی لەبیر نەماوە، بەڵام لە باشووری سلێمانی بوو، ئەوێ بەدەست پێشمەرگەوە بوو.

**رووداو: کەی مستەفا بارزانیت بینی؟**

**هارالدسۆن:** لە سێپتەمبەری 1964 سەردانی کوردستانم کردەوە. لەو کاتەدا ئاگربەست راگەیەندرا، شەڕ وەستابوو. چوومە سەر سنووری ئێران و پێشمەرگە منیان بە ئۆتۆمبێل بردە سلێمانی، لەوێشەوە بۆ رانیە. لەوێ چاوم بە مەلا مستەفا کەوت.

## بارزانی گەشبین نەبوو بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا

**رووداو: بابەتی گفتوگۆی ئێوە لەگەڵ بارزانی چی بوو؟**

**هارالدسۆن:** من سووربووم لەسەر زانینی بۆچوونی بارزانی لەبارەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا. ئەو چاوەڕوانیی گەورەی لە بەغدا نەبوو. دەیگوت بەغدا ئامادە نییە شتێکی ئەوتۆ بۆ کورد بکات، لەو کاتەدا، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لە قەڵادزێ رێکخست. وێنەیەکی ئەو کۆبوونەوەیەم گرتووە. لەوێ کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقی کۆکردنەوە. ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئامادەبوون. پێموایە چەند سەت کەسێک دەبوون. لەهەمانکاتدا نوێنەرانی پێشمەرگە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە هاتبوون.

## بە نهێنی و بەپێ لە قەسری شیرینەوە هاتمە کوردستان

**رووداو: کەسایەتی بارزانیت چۆن بینی؟**

**هارالدسۆن:** سەرکردەیەکی خاوەن کاریزما بوو. کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. من زۆر بەدڵم بوو. پێموایە زۆر رێزی لە هەمووان دەگرت. ئەوەم تێبینی کرد کە پێشمەرگەکان زۆر رێزی لێدەگرن. لە هەمانکاتدا کەسێکی زیرەک بوو. ئەو کۆبوونەوەیەی کە رێکیخست جۆرە گشتپرسییەکی بچووک بوو. بۆ زانینی رەوشی کوردستان بوو.

**رووداو: بۆچوونی بارزانی لەبارەی داهاتووی کوردستان چی بوو؟**

**هارالدسۆن:** لەو کاتەدا داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکرد. من ئاگادار نیم کە لەو کاتەدا داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کردبێت، رەنگە وەک پرۆژەیەک بۆ داهاتوو بیری لێکردبێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەوکات داوای دەکرد، ئۆتۆنۆمی بوو.

**رووداو: روانگەی ئەو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا چی بوو؟**

**هارالدسۆن:** بارزانی دەیویست بەردەوام بێت لە شەڕ تاوەکو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، بەڵام زۆر گەشبین نەبوو لەبارەی گەیشتنە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا. جارجار دانوستاندن دەکرا، بەڵام نەدەگەیشتنە هیچ خاڵێک.

رووداو: جۆری کامێراکەت چی بوو، بارزانی رای لێبوو؟

**هارالدسۆن:** بارزانی؟ لێی پرسیم حەزناکەی کامێرای ڤیدیۆت پێبێت؟ منیش گوتم بەڵێ بێگومان. کەسێکی ناردە بەغدا، لەوێوە کامێرایەکی شەست میلیمی بۆ هێنام. منیش بەکارمهێنا بۆ گرتنی چەند ڤیدیۆیەک. یەکێک لە ڤیدیۆکان زۆر ناوبانگی دەرکرد، تێیدا بارزانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لە شوێنی حەوانەوەی دێتە خوارەوە بەرەو رانیە.

**رووداو: لە کوردستان ئەو وێنانەی تۆ گرتووتن ئێستا لە زۆر شوێن هەڵواسراون، لە ئایسلاند ئاگاداربووی کە وێنەکانت بەو بەرفراوانییە بڵاوکراونەتەوە؟**

**هارالدسۆن:** نەخێر ئاگاداری ئەوە نەبووم.

**رووداو: کوردستان بەنیازی گشتپرسییە، پێتوایە کاتەکە گونجاوبێ بۆ گشتپرسی؟**

**هارالدسۆن:** گشتپرسی بڕیارێکی زیرەکانەیە. لەبەرئەوەی ئەگەر کورد بەڕێژەیەکی زۆر بە بەڵێ دەنگ بدەن، ئەوکات ئیرادەی خەڵک روون دەبێت. تێدەگەم کە زۆربەی دانیشتووان بە بەڵێ دەنگ دەدەن. ئەوەش باشترین ئارگومێنتە لەلای جیهانی رۆژئاوا بۆ سەربەخۆیی کورد. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دواتر چی روودەدات؟ من ئەو پرسیارەم ئاراستەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد، گوتی رەنگە دوای ئەوە پرۆسەیەکی درێژی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بەڕێوەبچێت.

**رووداو: وڵاتانی دەوروبەر حەز بە گشتپرسی ناکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە بکات؟**

**هارالدسۆن:** بێگومان ئەوە کێشەیە، چونکە کورد لە سووریا، تورکیا و ئێرانیش دەژین. بەڵام پێویستە ئێوە بەڕێی خۆتاندا برۆن. پێشموایە پێویستە کوردستان بەدوای ئەوەوە بێت ببێتە کۆمارێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری. پێشبینی دەکەم دەستبەجێ ژمارەیەک وڵاتی رۆژئاوایی دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن. بۆ نموونە ئایسلاند، یەکەم وڵات بوو کە دانی بە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیادا نا. پێش ئێمە، لە ترسی رووسیا کەس نەیدەوێرا دانیان پێدابنێت. بەڵام دوای ئێمە، سوید و فینلاند و نەرویجیش دانیان پێدانان. لە هەولێر چاوم بە نوێنەری ئیستۆنیا کەوت، ئەو بیری خستمەوە کە ئایسلاند یەکەم وڵات بوو دانی بەو وڵاتانەدا نا. هەروەها گوتی ئەمجارە ئێمە پێش ئێوە دەکەوین و یەکەم وڵات دەبین دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێین.

## پێشبینی دەکەم چەند وڵاتێکی رۆژئاوایی دەستبەجێ دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن

## بارزانی کامێرایەکی 60 ملليمی بۆ کڕیم

## دەربازبوویەکی راپەڕینەکەی وارشۆ چیرۆکەکەی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە

# سوپای سۆڤیەت دەسخەڕۆی کردین

نەوزاد مەحموود
رووداو- وارشۆ

بڕیار بوو لە مۆزەخانەی وارشۆ یەکدی ببینین، زۆری نەبرد بە دارشەقێکەوە وەژوورکەوت. ستانیسلاف برزۆسکۆ، تەمەنی لە سەدەیەک نزیک دەبێتەوە، باسی ئەو رۆژانەم بۆ دەکات کە لەگەڵ هاوڕێکانی لە پۆڵەندا، گرووپی بچووکیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی لە دژی داگیرکاریی ئەڵمانیای نازی راپەڕن.

ستانیسلاف برزۆسکۆ، یەکێک بووە لە فەرماندەکانی راپەڕینی وارشۆ لە دژی نازییەکان. ئەو باسی ئامادەکارییەکان بۆ ئەو راپەڕینە دەکات و دەڵێت "لە ماوەی چوار ساڵدا سوپایەکی 40 هەزار کەسیمان دروستکرد، بە نهێنی راهێنانمان بەو خەڵکە دەکرد کە زۆربەیان سەربازییان نەکردبوو، ئەزموونی شەڕکردنیان نەبوو".

پێش راپەڕینەکە، ستانیسلاف برزۆسکۆ، کرایە فەرماندەی فەسیلێک لەو خەڵکانەی ئامادەکرابوون بۆ راپەڕین و نزیکەی 70 کەسی لەبەردەست بوو. ئامانجێکیشی بۆ دیاری کرا، کە بریتی بوو لە گرتنی باڵەخانەیەک لەوانەی ئەڵمانەکانی تێدابوون. ئەو دەڵێت "دەبوو وەک فەرماندەیەک پلانێک دابنێم بۆ ئەوەی چۆن باڵەخانەکە بگرمەوە؟ لەبەرئەوەی رێگا نەبوو، دەبوو بزانم لە کوێ تەقینەوە دەکەم، بەڵام سەرئێشەی هەرە گەورە پەیداکردن و گواستنەوەی چەک بوو".

ستانیسلاف برزۆسکۆ چەکەکان پەیدا دەکات، بەڵام کێشەیان بۆ دروست دەبێ کە چۆن چەکەکان بگوازنەوە نزیک باڵەخانەکە، دواتر بیرۆکەیەکیان بۆ دێت، چەکەکانیان بردە نێو میوانخانەیەک و دواتر لەوێ خستیانە نێو فەرشەکانی میوانخانەکە، بەبیانووی شۆردنی فەرشەکان چەکەکانیان گواستەوە.

هەفتەی یەکەمی مانگی ئابی 1944 نزیکەی 50 هەزار دانیشتووی شاری وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا، ئەوان ئومێدی مەزنیان لەسەر پشتیوانیی رووسیا هەڵچنیبوو. رووسەکان پێشتر لەگەڵ سەرکردایەتیی راپەڕیوەکان بەڵێنی ناردنی چەک و بەدەمەوەهاتنی دابوو. بەڵام 63 رۆژ شەڕی خوێناوی تێپەڕی و شەقامەکان تەرمڕێژ بوون و سوپای رووس هەر نەگەیشت. ستانیسلاف برزۆسکۆ دەڵێت "من دوای 60 ساڵ لەو راپەڕینە لە وارشۆم، کەچی هێشتا هەست بە ئازاری ئەو چاوەڕوانییە دەکەم لەسەر دڵی نەوەی نوێی شارەکە".

هەموو شتێک ئامادەبوو، کاژێری سفری شۆڕش دانرابوو. ستانیسلاف دەڵێت "هەموو شتێک نهێنی بوو، بەڵام ئەو ئێوارەیە قەدەغەی هاتوچۆ لەلایەن ئەڵمانەکانەوە راگەیێندرا. ئەوەش کاژێری سفری تێکدا. هەواڵمان بۆ هات شوێنەکانمان جێبهێڵین و بگەڕێینەوە ماڵەوە، ئێمە لەنزیک بانکێک بووین و خەڵکێک کە هاتبوون بۆ بانکەکە ئێمەیان بینی، داوامان لێکردن هیچ نەدرکێنن، خەڵکەکەش هیچیان نەدرکاند، پۆڵەندییەکان زۆر یەکگرتوو بوون".

دوو رۆژ دواتر هۆشدارییەکی دیکە هات و ئەمجارەیان کاژێر چوار و نیوی بەیانی دانرا، هەمووان چەکەکانیان پێیە و ئامادەن "پێش کاژێر پێنج تەقە دەستپێکرد، ئەو بینایەمان گرت کە پلانمان بۆ دانابوو".

نازییەکان بە ئاگر بەربوونە گیانی وارشۆ، تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاند، سەتان کەس کوژران. نزیکەی 85%ی خانوو و باڵەخانەکانی وارشۆ خاپوور بوون. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ماوەی دوو مانگدا 200 هەزار کەس لە وارشۆ کوژران.

## لەو 200 کەسەی لەگەڵ من بوون تەنیا 10 کەسیان دەرباز بوون

ستانیسلاف برزۆسکۆ دەڵێ ئێوارەی هەمان رۆژ فەرماندەی کەتیبەکەم پەیوەندی پێوەکردم و پێیگوتم فەسیلەکەم ببەم و هەوڵ بدەم هێرش بکەمە سەر ئۆفیسی پۆستە و گەیاندنی سەرەکیی پلاستۆپساین کە ئێستا بانکی نیشتیمانییە "ماوەی دوو رۆژ بۆ گرتنی ئۆفیسی پۆستەی سەرەکی شەڕمان کرد. دوای دوو رۆژ توانیمان بیگرین و 150 چەکداریش بە دیل بگرین".

شەش رۆژی یەکەم، شەڕ تەواو گەرم بوو. پۆڵۆنییەکان وا تێدەگەیشتن کە رووسەکانیش لای خۆیانەوە دەستیان بەشەڕکردبێ لەگەڵ نازییەکان، بەڵام هێشتا ئەوان تەماشاکەر بوون "زانیمان کەس نایەت یارمەتیمان بدات، دوای شەش رۆژ بە فەرماندەکەم گوت با جلی سەربازی لەبەر بکەین بۆ ئەوەی ئاسانتر یەکدی بناسینەوە. چونکە لە جلی مەدەنیدا ناتوانین خۆمان دەربخەین".

راپەڕیوانی وارشۆ، هەر بەئومێدی جوڵەی سوپای سوورەوە بەردەوام بوون لە شەڕ. دواتر هێزەکەی ستانیسلاف برزۆسکۆ، داوای لێکرا باڵەخانەی تەلەفۆنی وارشۆ بگرێ بۆ ئەوەی ئەڵمانەکان بۆ پەیوەندیکردن بەکاری نەهێنن "سێ هەفتە هەوڵماندا بیگرین. بەڵام نەماندەزانی چۆن؟ چەند بۆڕییەکی ئاوی ئاگرکوژێنەوەمان پەیدا کرد و ویستمان بەو بۆڕییانە نەوت هەڵبدەینە نێو باڵەخانەکە و بیسووتێنین. ئەوە دوا رێگەچارەمان بوو".

لەوەدا سەرکەوتوو بوون و لە 20ی ئابدا توانییان دەست بەسەر بیناکەدا بگرن، نزیکەی 150 چەکداریشیان بەدیل گرت. برزۆسکۆ دەڵێت "ئەوە دوایین شەڕ بوو سەرکەوتوو بین".

برزۆسکۆ باسی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەیان دەکات و دەڵێت "لە هەمووی خراپتر فڕۆکەکان بوون کە نزم دەفڕین، لە بەرزیی 200 مەترەوە بۆمبیان فڕێدەدایە خوارەوە. بەو هۆیەوە وارشۆ بەتەواوی خاپوور کرا و راپەڕینەکە سەرکەوتوو نەبوو. لەبەرئەوەی ئەڵمانەکان ناوچەکانی دیکەیان گرتبووەوە کە گیرابوون، بەڵام ناوچەی ناوەند تاوەکوو کۆتایی بەرگریی کرد و هیچ داهاتوویەکی روونیش نەبوو. بۆ من وا دەردەکەوت شەڕی تاوەکوو کۆتایی بێ".

کۆتایی شۆڕشەکە بەدڵی ئەو نەبوو، ستانیسلاف برزۆسکۆ دەڵێت "لە هەندێک ناوچە تەواوی چەکدارەکانمان لەدەستچوو".

سەرەتای ساڵی 1945 کاتێک سوپای سووری رووسی لە رووباری ڤیستوڵا پەڕییەوە و بەرەو وارشۆ لە پێشڕەویدا بوو، تەنیا نزیکەی هەزار کەسێک لە بەشداربووانی راپەڕینەکە لە ژیاندا مابوون، ئەوانی دیکە ببوونە قوربانی. ئەو بەدەمەوە هاتنە لەوکاتەدا نەیدەتوانی لەنێو شەقامە خوێناوییەکان و باڵاخانە رووخاوەکاندا، دڵی خەڵک خۆش بکات.

ستانیسلاف برزۆسکۆ، دواساتە تاڵەکانی راپەڕینەکەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێ "ناخۆشترین شت ئەوە بوو کە فەرماندەکەمان رێککەوتننامەی تەسلیمبوونی لەگەڵ ئەڵمانەکان واژۆ کرد. پێموایە ناتوانیت لەو دۆخەدا گلەیی لەوە بکەیت، ماوەی دوو مانگ بەبێ نان و ئاو کارەساتە. ئەوە شتێکە کە ئێستا باسی دەکرێت، لەبەرئەوەی وەک دیلی ئاسایی جەنگ حیسابمان بۆ دەکرا، بەدڵنیاییەوە خۆشگوزەرانی نەبوو، بەڵام دەتتوانی بژی. من خۆم لە نەخۆشخانە بووم، دواتر بردرام بۆ کەمپێکی دیلەکان".

ستانیسلاف برزۆسکۆ سەرکردەی نزیکەی 200 شەڕڤان بوو، بەڵام لە ئەیلولی 1945دا کاتێک سەربازەکانی ژمارد "تەنیا 10 کەسیان بە سەلامەتی مابوون".



### کارێکی شێتانە

رۆژنامەنووسی گەنجی پۆڵۆنیایی پیوتەر زیچۆڤیچ، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (کاری شێتانەی 1944) راپەڕینی وارشۆ بە "قوربانیدانێکی گەورەی بێسوود" وەسف دەکات. سەرکردایەتی راپەڕینەکەش بەوە تاوانبار دەکات کە دۆخەکەی بە هەڵە لێکداوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس. هەندێک مێژووناسی ئەو وڵاتە پێیانوایە ناکرێت لەڕوانگەی ئەمڕۆوە سەیری رووداوەکانی ئەوکاتە بکرێ، چونکە لەو سەردەمەدا راپەڕیوەکان خاوەن زانیاریی تەواو نەبوون و ئاسۆی بەردەمیان روون نەبووە. کەسانێکی زۆر لەوانەی هەڵوەدای زانینی وەڵامی ئەو پرسیارەن، سەر لە مۆزەخانەی راپەڕینی وارشۆ دەدەن کە لە ماوەی 10 ساڵی تەمەنی خۆیدا پێشوازی لە چوار ملیۆن میوان کردووە.

# کۆمەڵەی تالاسیمیا
# لە مزگەوتەکانی هەولێر خوێن کۆدەکاتەوە


کۆمەڵەی تالاسیمیا شەوانە 20-30 بوتڵ خوێن لە نوێژخوێنانی هەولێر وەردەگرێ

**بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی:**
**تۆمارکردنی حاڵەتی نوێی تالاسیمیا لە سلێمانی نزیکە لە سفر**

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

لقی هەولێری کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، قەرەباڵغیی مزگەوتەکانیان لە شەوانی ڕەمەزاندا بە دەرفەت زانیوە، شەوانە ڕوودەکەنە مزگەوتەکانی هەولێر و دەوروبەری بە مەبەستی کۆکردنەوەی خوێن بۆ تووشبووانی ئەو نەخۆشییە.

تالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆماوەییە. بەشێک لە خڕۆکە سوورەکانی خوێنی نەخۆش ناتوانن کاری ئاسایی خۆیان بکەن کە گواستنەوەی ئۆکسجینە بۆ شانەکانی جەستە و تەمەنیشیان کورتە و خۆبەخۆ شی دەبنەوە و لەنێودەچن، ئەمەش کەمخوێنی لێدەکەوێتەوە. هەندێک لە تووشبووان بەرگەی ئەو کەمخوێنییە ناگرن و دەبێ زوو زوو خوێنیان تێبکرێ.

## کوردستان..نیشتیمانی تالاسیمیا

تالاسیمیا زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەری دەریای نێوەڕاست و نزیکەکانیان هەیە. ناوەکەشی یۆنانییە (تالاسا: دەریا، ئیمیا: خوێن.. واتە کەمخوێنیی ناوچەکانی نزیک دەریای نێوەڕاست). لە نموونەی ئەو ناوچانەی نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوە: کوردستان، تورکیا، فەلەستین، یۆنان و باشووری ئیتاڵیا، بەڵام لە وڵاتانی دیکەش هەیە.

تاکە توێژینەوەی زانستی دەربارەی بەربڵاویی ئەم نەخۆشییە لە کوردستان، توێژینەوەیەکە کە لەسەر 1000 کەسی نیشتەجێی پارێزگای هەولێر کراوە و دەریدەخات 7.7%ی دانیشتووانی کوردستان هەڵگری ئەم نەخۆشییەن.

بەپێی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، ژمارەی تووشبووانی تالاسیمیا گەیشتووەتە 2917 کەس (دهۆک 1104 کەس، هەولێر 825 کەس و سلێمانی 1104 کەس). هەروەها 679 ئاوارەش کە لە کوردستانن، تووشبووی تالاسیمیان.

## لە مزگەوتەکان خوێن کۆدەکەنەوە

شەوانە دڵزار عەبدولڕەحمان بەرزنجی و هاوڕێکانی لە لقی هەولێری کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، ڕوودەکەنە مزگەوتەکان و داوای خوێن لە نوێژخوێنان دەکەن. دڵزار دەڵێت: "بە تێکڕا شەوانە 20-30 بوتڵ خوێن لە نوێژخوێنان وەردەگرین". بەڵام تووشبووانی تالاسیمیا لە پارێزگای هەولێر ڕۆژانە پێویستیان بە 50 بوتڵ خوێن هەیە.

دڵزار، کە بەرپرسی لقی هەولێری کۆمەڵەکەیە، ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی بینیوە لە گەشتە شەوانەکانی بۆ مزگەوتەکان. "پێشبینیم دەکرد لە مزگەوتێکی گەورەی وەک جەلیل خەیات بڕێکی ئێجگار زۆر خوێنمان دەستبکەوێ، کەچی یەک بوتڵیشیان پێنەداین، بەڵام لە مزگەوتێکی ناحیەی کەسنەزان 62 بوتڵ خوێنمان کۆکردەوە. دەیانویست زۆرتریش بدەن، ئێمە هەر بەشی ئەوەندە کەرەستەی وەرگرتن و هەڵگرتنی خوێنمان هەبوو".

سەبارەت بەوەی بۆچی تەنیا دەچنە مزگەوتەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە ناچن، دڵزار بە (ڕووداو)ی گوت "خەڵکی هەولێر زۆر پابەندی ڕەمەزانن. لەم مانگەدا بەهۆی ئەوەی بەڕۆژوون، بە ڕۆژ کەمترین خوێن دەبەخشن، جگە لەوەش پاڵنەری ئاینی ڕۆڵی هەیە لە خوێنبەخشین".

دڵزار و هاوڕێکانی جگە لە وەرگرتنی خوێن، ڕێنمایی دەدەنە نوێژخوێنان سەبارەت بە چۆنێتی پاراستنی نەوەکانی داهاتوویان لە تووشبوون بە نەخۆشییەکە.

## چاندنی مۆخی ئێسک لە کوردستان

چارەسەری بنەڕەتی و یەکجاریی تالاسیمیا بریتییە لە چاندنی مۆخی ئێسک. لەم پرۆسەیەدا خانە نەخۆشەکانی خوێن بە یەکجاری بە خانەی تەندروست جێگەیان دەگیرێتەوە و ئەوەش نەخۆشەکان ڕزگار دەکات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا.

ساڵانی پێشوو وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان 211 تووشبووی ئەو نەخۆشییەی ناردە دەرەوە بۆ چاندنی مۆخی ئێسک، بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە سەنتەرێکی تایبەت بە چاندنی مۆخی ئێسک لە سلێمانی کراوەتەوە و چیدی پێویست ناکات بۆ ئەو مەبەستە نەخۆش بنێردرێتە دەرەوەی وڵات.

د.داستان عوسمان حەسەن، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن لە سەنتەری چاندنی مۆخی ئێسک لە سلێمانی دەڵێت لەدوای دەستبەکاربوونی سەنتەرەکەی ئەوان، لەکۆی 35 کەس کە چاندنی مۆخیان بۆ کراوە، شەشیان تووشبووی تالاسیمیان.

بە گوتەی بەرپرسان، پرۆسەی چاندنی مۆخ لە کوردستان بڕێکی بەرچاو پارە بۆ کوردستان دەگێڕێتەوە.

د.میران محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ناردنە دەرەوەی هەر تووشبوویەکی تالاسیمیا و چاندنی مۆخی ئێسک بۆی،-50 60 هەزار دۆلارمان دەویست، بەڵام ئێستا کە لە سلێمانی ئەنجامی دەدەین، بۆ هەر حاڵەتێک 17-18 هەزار دۆلاری پێویستە".

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی لە سلێمانی دەڵێ ژمارەی حاڵەتە نوێیەکانی تالاسیمیا لە سلێمانی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە کەمبوونن و بەرەو سفر دەڕۆن "ساڵانی پێشوو لە سنووری پارێزگای سلێمانی 60- 70 حاڵەتی نوێی تالاسیمیا تۆمار دەکران، بەڵام ئێستا دابەزیوە بۆ تەنیا پێنج حاڵەت لە ساڵێکدا. کار بۆ ئەوە دەکەین لە داهاتوودا بیکەینە سفر".

د.میران ئاماژە بۆ ئەو ڕێوشوێنانە دەکات کە بەهۆیانەوە توانیویانە ژمارەی حاڵەتە نوێیەکانی تالاسیمیا کەمبکەنەوە "پەرەمان بە ڕێوشوێنەکانی پشکنینی پێشوەختە و چارەسەری بنەڕەتی دا، هەر لە پشکنینی هاوسەرگیری، تاوەکوو پشکنینی کۆرپە لەنێو سکی دایک و پاشان تەکنیکی چاندنی مۆخ".

## هۆکارەکانی تالاسیمیا

تاوەکوو ئێستا نەزانراوە هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانەی لە جینەکانی تالاسیمیا ڕوودەدەن چییە. تووشبووی تالاسیمیا چەندین گرفتی هەیە بەهۆی کەمخوێنی و کۆبوونەوەی ماددەی ئاسن لە جەستەدا، بەڵام کەسێکی هەڵگری نەخۆشیی تالاسیمیا گرفتی نییە و هەست ناکات ئەو نەخۆشییە لە جینەکانیدا هەیە تەنیا بە پشکنین نەبێ. کاتێک ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکی دیکەی هەڵگری نەخۆشییەکە سێکس بکات و منداڵیان ببێت، ئەوە 25% ئەگەری هەیە منداڵەکەیان تووشبووی نەخۆشیی تالاسیمیا بێت، بۆیە گرنگە ئەوانەی خێزان پێکدەهێنن، سەرەتا پشکنین بکەن و بزانن ئایا هەڵگری ئەو نەخۆشییە نین؟

## نیشانەکانی تالاسیمیا

بەپێی پلەی تالاسیمیاکە دەگۆڕێ، هەندێک منداڵ ماوەیەک دوای لەدایکبوون نیشانەکانی تووشبوون بە تالاسیمیایان تێدا دیارە، بەڵام هەندێکیان لەدوای ساڵانی یەکەم و دووەمی تەمەنیان نیشانەکانیان دەردەکەون.

بێهێزی، لاوازیی گەشە، ڕەنگزەردی، هەڵاوسانی سپڵ و بەشێک لە ئەندامانی جەستە، شێواویی پێکهاتەی ئێسکەکان بەتایبەت لە سەر و ڕوخسار، نەخۆشییەکانی دڵ و زیادبوونی نیشتنی ماددەی ئاسن لە جەستەدا، لە باوترین نیشانەکانی نەخۆشییەکەن.

## چارەسەری تالاسیمیا

ئەویش بەپێی پلەکەی دەگۆڕێ، ئەوانەی تالاسیمیای گەورەیان نییە، تەنیا چاودێرییان دەوێ، چونکە ماوە ماوە تووشی کەمخوێنی دەبن، بەڵام ئەوانەی تالاسیمیای گەورەیان هەیە، چارەسەری بنەڕەتی و یەکجاریی تالاسیمیا بریتییە لە چاندنی مۆخی ئێسک. لەم پرۆسەیەدا خانە نەخۆشەکانی خوێن بە یەکجاری بە خانەی تەندروست جێگەیان دەگیرێتەوە و ئەوەش نەخۆشەکان ڕزگار دەکات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا. ئەگەر چاندنی مۆخ نەکرێ، ئەوە کەسەکە بە درێژایی ژیانی پێویستی بەوە دەبێ خوێنی تێبکرێ و دەرمانی کردنە دەرەوەی ئاسنی زیادەی پێبدرێ.

# میزبەخۆداکردنی منداڵ

د. پشدەر عەبدوڵڵا ئیسماعیل *

تەڕبوون واتە چەندبارەبوونەوەی میزبەخۆداکردن بەلایەنی کەمەوە هەفتەی دووجار، بۆ زیاتر لە سێ هەفتە بەدوای یەکدا بۆ منداڵێک کە تەمەنی پێنج ساڵ یان زیاتر بێت.

خۆتەڕکردنی سەرەتایی واتە پێشتر هەرگیز ماوەی وشکبوونی نەبووە، واتە هەر لەسەرەتاوە خۆی تەڕکردووە بە بەردەوامی. خۆتەڕکردنی دواتر واتە بەلایەنی کەمەوە ماوەی شەش مانگ وشکبوونی هەبووە کە خۆی تەڕ نەکردووە.

## منداڵ کەی خۆی تەڕناکات؟

لە سەرەتای تەمەندا، بەتایبەتی کەمتر لە ساڵێک، لەبەر ئەوەی توانای میزڵدان (قەبارەی میزڵدان) بۆ هەڵگرتنی میز کەمە، منداڵەکە زوو زوو میز دەکات، واتە لە ڕۆژێکدا نزیکەی 15 بۆ 20 جار، بەڵام دواتر کە گەورە بوو، توانای میزڵدانیشی زیاد دەکات. لە تەمەنی 2- 4 ساڵیدا منداڵ فێر دەبێت لە تەوالێت میز بکات.

لە تەمەنی پێنج ساڵیدا 7%ی کوڕان و 3%ی کچان خۆتەڕکردنیان هەیە.

لە تەمەنی 10 ساڵیدا 3%ی کوڕان و 2%ی کچان خۆتەڕکردنیان هەیە.

لە تەمەنی 18 ساڵیدا 1%ی کوڕان و کەمتر لە 1%ی کچان خۆتەڕکردنیان هەیە.

## هۆکارەکانی خۆتەڕکردن چییە؟

لەوانەیە هۆکارەکە بایۆلۆژی بێت، یان هۆکاری عاتفی هەبێت یان فێربوون بێت. 15%ی ئەو منداڵانەی خۆیان تەڕ دەکەن، لە خێزانەکەیاندا، واتە دایک و باوک و خوشک و برا حاڵەتی خۆتەڕکردن نەبووە، بەڵام 77%ی ئەو منداڵانەی خۆیان تەڕ دەکەن، یەکێک لە دایک یان باوک بە منداڵی حاڵەتی خۆتەڕکردنی هەبووە، 44%ی ئەو منداڵانەی خۆیان تەڕدەکەن لەوانەیە دایک و باوکیان بە منداڵی ئەو حاڵەتەیان هەبووبێت.

- خۆتەڕکردنی سەرەتایی شەوانە: لەوانەیە یەکێک لەو هۆکارانە بێت:

1- درەنگ پێگەیشتنی مێشک.

2 - کێشەی خەو بۆ نموونە خەوی قووڵ بێت، واتە خەبەری نەبێتەوە لەکاتێکدا میزڵدانی پڕ دەبێت.

3- کەم دەردانی هۆرمۆنی دژە میز

4- هۆکاری بۆ ماوەیی

5- زۆر چالاکیی میزڵدان واتە پێش ئەوەی پڕ بێت خاڵی ببێتەوە.

**خۆتەڕکردنی دواتری شەوانە: لەوانەیە بەهۆی یەکێک لەوانەوە بێت:**

1- حاڵەتی دەروونیی منداڵەکە باش نەبێت بەهۆی لەدایکبوونی منداڵێکی دیکە لەو خێزانەدا، یان گۆڕینی خانوو، یان تازە بۆ قوتابخانە نێردرابێ، یان کێشەی خێزانی، یان خراپ بەکارهێنانی منداڵ.

2- لەوانەیە نەخۆشییەکی هەبێت، بۆ نموونە هەوکردنی جۆگەی میز، گورچیلەی لەکارکەوتبێت، قەبزی، نەخۆشیی شەکرەی هەبێت، لەکاتی خەودا هەناسەی باش بۆ نەدرێت، بەکارهێنانی هەندێک جۆری دەرمان.

## چارەسەر:

1- نابێت بەهیچ شێوەیەک منداڵ سزا بدرێت، دەبێت ئەم حاڵەتە وەک نهێنییەک بێت لەنێوان خۆت و منداڵەکەت، نابێ لای هاوڕێکانی و کەسانی دیکە باسی بکەیت، بۆ ئەوەی منداڵەکەت کەسایەتی پێی نەڕووشێ.

2- ئەگەر نەخۆشییەکی هەبوو دەبێ چارەسەر بکرێت.

3- سێ کاژێر پێش نووستن دەبێ ئاو و شەربەت و شلەمەنی زۆر کەم بکرێتەوە یان هەر مەیدەرێ.

4- پێش خەوتن بینێرە تەوالێت.

5- هەر شەوێک خۆی تەڕ نەکرد خەڵاتی بکە.

6- دوو بۆ چوار کاژێر دوای خەوتن خەبەری بکەوە و بینێرە تەوالێت.

7- ئەگەر وەڵامی بۆ ئەوانە نەبوو لە ماوەی 3- 6 مانگدا، پێویستە سەردانی پزیشک بکەیت بۆ ئەوەی پزیشک بڕیار بدات لەسەر بەکارهێنانی ئەلارم، واتە ئاگادارکەرەوە یان بەکارهێنانی دەرمان.

* پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان





# ڕۆژانە هێلکەیەک بدە منداڵەکەت

ڕووداو- BBC

بەپێی توێژینەوەیەک، ئەگەر ڕۆژانە یەک هێلکە بە منداڵ بدرێ، ئەوە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی باڵایەکی ڕێک و زراڤی هەبێ.

توێژەرەکان دەڵێن دەکرێ پێدانی هێلکە بە منداڵ، ببێتە چارەسەرێکی ئاسان و هەرزان بۆ ئەو منداڵانەی بەهۆی بەدخۆراکییەوە باڵایان کورت دەبێ.

یەکەم دوو ساڵی تەمەنی منداڵ زۆر یەکلاکەرەوەیە بۆ گەشە و گەورەبوونی منداڵ و ئەگەر کورتەباڵایی پەیوەست بە خۆراک لەو دوو ساڵە کۆنترۆڵ نەکرێ، ئیدی ئەستەم دەبێ دواتر پێشی پێ بگیرێ.

## کورتەباڵایی لەچاو تەمەن

بەدخۆراکی هۆکارێکی سەرەکیی کورتەباڵایی منداڵانە، هۆکارە دیارەکانی دیکەش بریتین لە نەخۆشییە هۆرمۆنییەکان و هەوکردنەکان و چەندینی دیکە.

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، 155 ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵان باڵایان کورتە لەچاو تەمەنیان.

زۆربەی منداڵە کورتەباڵاکان لە وڵاتانی هەژار و مامناوەند دەژین و پسپۆڕان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە ئەو ڕێوشوێنانە گەنگەشە دەکەن کە دەکرێ لە ڕێگەیانەوە پێش بگیرێ بە کورتەباڵایی منداڵان.

یەکێک لە ڕێوشوێنە ئاسان و هەرزانەکان لەلایەن تیمێکی توێژەری ئیکوادۆرەوە تاقیکرایەوە، تێیدا هێلکە دەدرایە منداڵە گوندییەکانی ئەو وڵاتە کە تەمەنیان 6-9 مانگ بوو، تاوەکوو بیخۆن و لە کاریگەرییەکەی بکۆڵدرێتەوە لەسەر بەرزیی باڵایان.

## ژەمی هێلکە

160 منداڵی ئیکوادۆری وەرگیران کە نیوەیان ڕۆژانە بۆ ماوەی شەش مانگ هێلکەیان پێدەدرا. توێژەرەکان چاودێریی هەردوو گرووپەکەیان کرد.

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای توێژینەوەکەدا ڕێژەی کورتەباڵایی لە گرووپی هێلکەخۆرەکاندا بڵاوتر بوو، دوای شەش مانگ لە ژەمی هێلکە، ڕێژەی کورتە باڵایی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد لەنێو ئەوانەی ڕۆژانە هێلکەیەکیان دەخوارد، بەجۆرێک لە هێکەخۆرەکاندا ڕێژەی قەڵەوی بە ڕاددەی 47% کەمتر بوو لەوانەی ژەمی هێلکەیان نەدەخوارد.

لۆرا لانۆتی، سەرۆکی تیمی توێژینەوەکە دەڵێ "سەرمان سوڕما لەوەی ئەم دەستێوەردانە سادە و هەرزانە هێندە کاریگەر بوو".

## ژەمی فرەجۆر

پرۆفیسۆر ماری فیوترێڵ، پسپۆڕی خۆراک لە کۆلێژی شاهانەی بەریتانی بۆ پزیشکانی منداڵان و تەندروستیی منداڵ، دەڵێ "هێلکە بە چەندین ڕەگەزی خۆراکیی دەوڵەمەندە و دەکرێ ببێتە بژارەیەکی دایکان کاتێک دەیانەوێ جگە لە شیر خۆراکی جۆراوجۆر بدەنە منداڵەکانیان، بەڵام هەرگیز نابێ پێش تەمەنی چوار مانگی جگە لە شیر هیچ خۆراکێک بدرێتە منداڵ".

بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دایکان دەبێ لە شەش مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵەکانیان تەنیا شیری خۆیانیان پێبدەن بۆ ئەوەی باشترین گەشەیان هەبێ. دوای ئەو شەش مانگەش دەبێ هاوکات لەگەڵ خۆراکە جێگرەوەکاندا، تاوەکوو تەمەنی دوو ساڵی شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن.

دامەزراوەی خۆراکی بەریتانی ڕێنمایی داوە کە هەرچەندە هێلکە بە ڕەگەزە خۆراکییەکان دەوڵەمەندە و گرنگە بخرێتە لیستی ئەو خۆراکانەی بە منداڵان دەدرێ لە سەرەتای تەمەندا، زۆر گرنگە منداڵانی بچووک ژەمەخۆراکی فرەجۆریان هەبێ، نەک تەنیا چاو بخرێتە سەر هێلکە، بۆ ئەوەی هەم لە هەموو کانزا و ڤیتامینەکان بەهرەمەند بن، هەم ئاشنا ببن بە خواردنە جیاوازەکان و لە داهاتووشدا ژەمی فرەجۆریان هەبێ".

دامەزراوەکە دەڵێ "دەبێ خواردنی دەوڵەمەند بە پرۆتین بۆ منداڵانی بچووک دابین بکرێ کە یەکێکیان هێلکەیە، بەڵام سەرچاوەی دیکەی دەوڵەمەندیش هەن، وەکوو پاقلەمەنییەکان، ماسی، گۆشت و بەرهەمەکانی شیر".

# قازانجی ئێران لە قەیرانەکەی قەتەردا

ڕووداو- هەولێر

هەفتەی پێشوو پەنجا ساڵ بەسەر داخستنی گەرووی تیران لەلایەن میسر و دابڕاندنی ئیسرائیل لە دەریای سوور تێپەڕی، ئەو هەنگاوەی حکومەتی میسر یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بوو. هەر لە هەفتەی ڕابردوودا سعودیە، ئیمارات و بەحرەین بڕیاریاندا ڕێگای ئاسمانی، وشکانی و دەریایی خۆیان لەسەر قەتەر دابخەن.

لە 20 ساڵی ڕابردوودا ئەوە سێیەمجارە کێشەی گەورە لە نێوان قەتەر و ئیمارات و سعودیە سەرهەڵبدات. ساڵی 1995 باوکی ئەمیری ئێستای قەتەر، باوکی خۆی لەسەر دەسەڵات لادا. ئەوکات سعودیە و ئیمارات بەنیاز بوون بە هاوکاریی سەدان سەرکردە و ئەندامی هۆزەکانی قەتەر باوکی ئەمیرەکەی ئێستا و دوو مامی بکوژن، بۆ ئەوەی ئەمیرە لەسەر کارلادراوەکە بگەڕێننەوە سەر دەسەڵات، بەڵام پلانەکەی سعودیە و ئیمارات سەری نەگرت، لەبەر ئەوەی سەرکردەی یەکێک لە هۆزەکان لە دوایین ساتەکاندا پەشیمان بووەوە و پلانەکەی ئاشکرا کرد.

ساڵی 2014ش ئیمارات و سعودیە بۆ ماوەی هەشت مانگ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ قەتەر ڕاگرت، هۆکارەکەش پشتگیریی قەتەر بوو لە ئیخوان موسلیمینی میسر.

## بۆچی قەتەر ناتوانێ بێ منەت بێ؟

قەتەر لەڕووی داهاتی ساڵانەی تاکەوە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانە (69 هەزار دۆلار)، پاش ڕووسیا و ئێران خاوەنی سێیەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتییە (24 ترلیۆن و 799 ملیار مەتر سێجا)، بەو داهاتە زۆرەش پێداویستییەکانی دوو ملیۆن و 675 هەزار دانیشتوو دابین دەکات کە تەنیا 220 هەزاریان هاووڵاتی قەتەرین، ئەوانی دیکە بیانین.

زۆربەی پێداویستییە خۆراکی و تەندروستییەکانی قەتەر لە سعودیەوە هاوردە دەکرێ، بۆیە داخستنی سنووری نێوان سعودیە و قەتەر کێشەی خۆراک لە قەتەر دروست دەکات. کێشەی گەورەش بۆ کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی خۆراک دروست دەکات. جیا لەمە کۆمپانیای قەتەر ئەیرەویز کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بواری گەشتی ئاسمانی، هەتا کاتی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان ناتوانێ ئاسمانی سعودیە، ئیمارات، میسر و بەحرەین بەکاربهێنێ، ئەوەش بەمانای درێژبوونەوەی ڕێگا ئاسمانییەکان و بەرزبوونەوەی خەرجیی سووتەمەنی لەسەر کۆمپانیاکەیە.



لە 20 ساڵی ڕابردوودا ئەوە سێیەمجارە کێشەی گەورە لە نێوان قەتەر و ئیمارات و سعودیە سەرهەڵبدات
(فۆتۆ: AFP)

### قەتەر لەنێوان سعودیە و ئێراندا ناچارە دوژمنێک هەڵبژێرێ

## وڵاتانی کەنداو داوای چی دەکەن؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، سعودیە و ئیمارات ژمارەیەک داواکارییان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی دەست بە پەیوەندیی دیپلۆماتی و ئابووری لەگەڵ قەتەر بکەنەوە، یەکێک لەوانە کۆنترۆڵکردنی کەناڵی ئەلجەزیرەیە، هەروەها ڕاگرتنی پشتگیرییەکانی قەتەر بۆ ئیخوان موسلیمینی میسر و گرووپە توندڕەوەکانی سەر بە قاعیدە لە سووریا و لیبیا.

میشعەل بن حەمەد ئالسانی، باڵیۆزی قەتەر لە ئەمریکا، ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە ئاراستەی وڵاتەکەی کراون و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادەیە هەنگاوی جددی بنێ بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە.

دیپلۆماتێکی باڵای وڵاتێکی عەرەبی کە بەشداری گفتوگۆکانە بە (وۆڵ ستریت)ی ڕاگەیاندووە کە کێشەی کەناڵی ئەلجەزیرە لەنێو داواکارییەکانی وڵاتانی کەنداودا دەبێ. بەگوتەی ئەو بەرپرسە ماوەی چەندین ساڵە سعودیە، ئیمارات و میسر ئەو کەناڵە بە هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە دەزانن.

بەڵام لەسەرووی هەموو داواکارییەکانەوە وڵاتانی کەنداو داوا دەکەن قەتەر لە ئێران دووربکەوێتەوە و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەگەڵ سیاسەتی گشتیی وڵاتانی کەنداو لە بەرامبەر ئێراندا ڕێکبخاتەوە.

## ترەمپ و هەڵوێستە جیاوازەکانی

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە تویتێکدا نووسی "لە گەشتەکەم بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گوتم ناکرێ چیدی پشتگیری لە ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵ بکرێ. سەرکردەکان ئاماژەیان بۆ قەتەر کرد - سەیر بکەن".

بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گۆڕاوە. ترەمپ بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ پاشای سعودیە، ئەمیری قەتەر و وەلیعەهدی ئەبوزەبی کردووە. بە گوتەی بەرپرسانی کۆشکی سپی، ترەمپ داوای یەکڕیزیی وڵاتانی کەنداوی کردووە، بەڵام گوتوویەتی ئەم یەکڕیزییە نابێ بە مانای سازش لەسەر هاریکاریکردنی ڕێکخراوە توندئاژۆکان و شەڕی دژی تیرۆر بێ.

بەرپرسانی ئاگادار لە گفتوگۆکانی ترەمپ و سەرکردەکانی کەنداو ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە کە ئەمریکا داوای کردووە وڵاتانی کەنداو لیستی داواکارییەکانی خۆیان ئامادە بکەن، بەڵام مەرج نییە ئەمریکا پشتگیری لە هەموو داواکارییەکانیان بکات. بە گوتەی ئەو بەرپرسانە، ترەمپ پێشنیاری کردووە کە میوانداری وڵاتانی کەنداو بکات بۆ ئەوەی کێشەکانیان لە ئەمریکا چارەسەر بکەن.

ئەمریکا بەو ئاسانییە ناتوانێ دەست لە قەتەر هەڵبگرێ، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە میوانداریێتی بنکەی ئاسمانیی ئەمریکیی ئەلعودەید دەکات کە لە جەنگی ئەفغانستان، عێراق و شەڕی دژی داعشدا ناوەندی سەرەکیی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بووە، جگە لەوەش ناوەندی سەرەکیی چاودێری ئەمریکایە بەسەر کەنداو و هەموو ناوچەکەدا.

سعودیە بەهۆی وەهابییەکانی وڵاتەکەیەوە ناتوانێ بنکەی ئاسمانیی ئەمریکا بهێنێتە نێو وڵاتەکەی. ئەبوزەبی هەر ئێستا بنکەیەکی تانکەری سووتەمەنیی فڕۆکە سیخوڕییەکانی ئەمریکای لێیە، بەڵام دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی و فەرماندەیییەکی ناوەندیی نوێ لە ئیمارات کارێکی ئاسان نییە.

## ئێران

لەنێو هەموو هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندییەکانی قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، پەیوەندییەکانی ئێران و قەتەر هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکەیە. بەڵام قەیرانەکە ئاکامی پێچەوانەی بۆ وڵاتانی کەنداو و پەیوەندییەکانی ئێران و قەتەر هەبووە.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی قەتەر بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە بۆ چارەسەری کێشەی خۆراک و ئاو لەگەڵ ئێران و تورکیا دانوستاندن دەکەن. ڕۆژی پێنجشەممەش یەکەم کەشتیی بارەخۆراکی ئێران گەیشتە قەتەر.

لەو گێژاوەی کەنداودا ئێران براوەی یەکەمە، چونکە دوای قەیرانە دیپلۆماسییەکەی کەنداو، قەتەر هەموو ڕێگاکانی لێگیراوە و تاکە ڕێگەیەکی بازرگانی و گەشتیاری بۆی مابێتەوە ئێرانە. نزیکبوونەوەی دەوحە و تاران لە لایەکەوە یارمەتی تاران دەدات ڕێگە لە دروستبوونی کۆدەنگییەکی عەرەبی کەنداو بەرامبەر ئێران بگرێ و لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەریی بەرچاو لەسەر قەیرانی سووریا، کێشەی حەماس و ئیسرائیل و قەیرانی یەمەن دادەنێ.

سیمۆن هێندرسن، شارەزای کاروباری کەنداو لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "ئێران زۆر باش دەزانێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی دەرەوەی قەتەر بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیەش پێشبینیکردنی هەنگاوەکانی داهاتووی ئەو وڵاتە کارێکی ئاسان نییە". هێندرسن جەخت لەوەش دەکاتەوە هەڵوێستی ئەمدواییەی قەتەر بەرامبەر بە ئێران (کە هۆکارێکی دروستبوونی کێشەکانە) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوحە دەیەوێ خۆی لە دوژمنایەتی ئێران بپارێزێ.

## تورکیا

ئەنقەرە و دەوحە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک هەڵوێستی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی هاوبەشیان هەبووە: هەر دوو وڵات خوازیاری دامەزراندنی حکومەتی زۆرینەی سوننە بوون لە سووریا، هەردوولا پشتگیرییان لە دەسەڵاتی محەممەد مورسی، سەرۆکی لەسەرکار لادراوی میسر و ئیخوان موسلمین دەکرد. بۆیە تورکیا ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕیوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئاو و خۆراکی قەتەر دابین بکات.

بەڵام گەورەترین هەنگاوی تورکیا لە هەفتەی ڕابردوودا بوو، کاتێک پەرلەمانی ئەو وڵاتە ناردنی هێزی بۆ بنکەیەکی سەربازیی لە قەتەر پەسەند کرد. قەتەر و تورکیا لە 2014ەوە لەسەر دانانی بنکەیەکی سەربازی لە قەتەر ڕێککەوتوون و بڕیارە 3000 سەربازی تورکیای لێ جێگیر بکرێ. ئێستا 150 سەربازی تورکیا بۆ مەشقی سەربازیی هاوبەش لە قەتەرن، بەڵام حکومەتی تورکیا دەیەوێ هەم بنکەکە گەورە بکات و هەمیش ژمارەی سەربازەکانی زیاد بکات.

## پشتی پەردەی گرژییە دیپلۆماسییەکانی کەنداو

# قەتەر یەک ملیار دۆلاری داوەتە میلیشیا شیعی و سوننییەکان

ڕووداو- هەولێر

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیمارات لەگەڵ قەتەر گەیشتە ئەوپەڕی گرژی. سەرەتا، هۆکاری گرژییەکە بۆ بڵاوکردنەوەی لێدوانێکی ئەمیری قەتەر لەبارەی ئێران، ئەمریکا، حەماس و ئیخوان دەگێڕدرایەوە، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکان، هۆکاری ئەو گرژییە ڕێککەوتنێکی نهێنیی قەتەرە لەگەڵ ئێران، میلیشیا شیعەکانی عێراق و گرووپە توندڕەوە سوننەکانی سووریا.

## 23 جانتا و نیو ملیار دۆلاری حەشاردراو

سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ بەرپرسانی فڕۆکەخانەی بەغدا ئاگادارکرانەوە کە ژمارەیەک جانتا لە فڕۆکەیەکی قەتەری داگیراون و ئامێرەکانی پشکنین ناتوانن ناواخنەکەی ئاشکرا بکەن، بەڵام پاش کردنەوەی جانتاکان، دەرکەوت 500 ملیۆن دۆلار لەناو کۆمەڵێک ماتریاڵی تایبەتی دژە پشکنیندا شاردرابوونەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی، ئەو پارەیە بەشێک بووە لە پارەیەی حکومەتی قەتەر و بەنیاز بووە بۆ ئازادکردنی 24 ئەندامی خانەوادەی شاهانەی قەتەری و دوو کەسی سعودی بیدەن. ئەو 26 کەسە لە کانوونی یەکەمی 2015 بۆ ڕاوکردن چووبوونە پارێزگای موسەننای عێراق و لەوێ لەلایەن میلیشیاکانی حیزبوڵڵای عێراقەوە دەستگیرکرابوون.

هەفتەیەک پاش ڕووداوەکە، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە نامەیەکدا بۆ ئەندامانی باڵای حیزبی دەعوە، باسی ڕووداوەکە و کاردانەوەی حکومەتی کردبوو. نامەکەی عەبادی کە دەست ڕۆژنامە بەریتانییەکە کەوتووە، دەڵێت حکومەتی قەتەر داوای لە عێراق کردبوو ڕێگە بە نیشتنەوەی فڕۆکە قەتەرییەکە بدرێ بۆ ئەوەی بارمتەکان لەگەڵ خۆیان بەرن، بەڵام خاڵی سەیر ئەوە بوو کە لە فڕۆکەکەدا 23 جانتای گەورە هەبوون، بەبێ ئەوەی پێشتر ئاگادار بکرێینەوە یان داوای مۆڵەت لە حکومەتی عێراق بکەن".




لەو پارەیەی قەتەر بۆ ئازادکردنی بارمتەکانی دا 400 ملیۆن دۆلاری بۆ ئێران بووە
(فۆتۆ: AFP)

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئیندیپێندنت)، باڵیۆزی قەتەر لە عێراق و نوێنەری تایبەتی ئەمیری قەتەریش لە فڕۆکەکەدا بوون، بەڵام هیچکامیان بەرپرسانی حکومەتی عێراقیان لەو 23 جانتا پارەیە ئاگادار نەکردبووەوە، لەبەر ئەوەی وایان زانیبوو بەرپرسانی میلیشیا شیعەکە خۆیان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن. لە نامەکەی عەبادیدا باس لەوە کراوە کە قەتەر پێیوابووە ئەو لایەنەی پاڵپشتی لە کەتائیبی حیزبوڵڵا دەکات کۆنترۆڵی تەواوی فڕۆکەخانە و هێزە ئەمنییەکانیشی بەدەستە.

کەتائیبی حیزبوڵڵا گرووپێکی میلیشیایی شیعەی نێو حەشدی شەعبیی عێراقە کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی هەیە و لەلایەن سوپای قودس و حیزبوڵڵای لوبنانەوە چەک و مەشقی سەربازیی پێشکەش دەکرێ و بۆ پشتگیری لە ڕژێمی سووریا چەکداری ڕەوانەی سووریا کردووە.

عەبادی مامەڵەیەکی دوو لایەنەی لەگەڵ ئەو میلیشیا شیعە عێراقییانەدا کردووە کە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ تاران هەیە. ئەم میلیشیایانە لەلایەکەوە شەڕی داعشیان کردووە و بەغدایان پاراستووە، لەلایەکی دیکەشەوە دارێکن بەدەستی مالیکی و ئێرانەوە، بۆیە لە نامەکەی عەبادی بۆ دەعوەدا هاتووە: "سەدان ملیۆن دۆلار بۆ گرووپە چەکدارەکان؟ ئایا ئەمە قبوڵ دەکرێ؟". نامەکەی عەبادی ئاماژە بۆ تێوەگلانی "لایەنی سێیەم"یش دەکات کە هەندێکیان پلەبەرزن.

ئەو پارەیەی لە فڕۆکەخانەی بەغدا ئاشکرا بوو تەنیا نیوەی ئەو پارەیەیە کە قەتەر لە کۆی پرۆسەکەدا داویەتی و دانوستاندنەکانیش تەنیا لەسەر بارمتەکان و تەنیا لە نێوان قەتەر، ئێران و کەتائیبی حیزبوڵڵای عێراقدا نەبووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی، قەتەر یەک ملیار دۆلاری بە ئێران، کەتائیبی حیزبوڵڵا و هەیئەی تەحریری شام داوە.

ڕۆژنامە بەریتانییەکە لە زاری ژمارەیەک کەسی بەشدار یان ئاگادار لە دانوستاندنەکانەوە دەڵێت قەتەر 700 ملیۆن دۆلاری بە ئێران و میلیشیا شیعەکان داوە، نزیکەی 300 ملیۆن دۆلاریشی بە گرووپە سوننە توندئاژۆکانی سووریا داوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە هەیئەی تەحریری شام کە بە لقی قاعیدە لەسووریا لەقەڵەم دەدرێ و سەرەتا ناوی بەرەی نوسرە بوو.

بەرپرسێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لە دانوستاندنەکاندا بەشدار بووە، بە (فاینەنشڵ تایمز)ی ڕاگەیاندووە "ئەگەر دەتەوێ بزانیت قەتەر چۆن یارمەتی گرووپە جیهادییەکان دەدات، ئەوە سەیری ڕێککەوتنی بارمتەکان (لە نێوان ئێران و قەتەر) بکە. ئەمەش جاری یەکەم نییە قەتەر وا دەکات، بەڵکو ئەو ڕێککەوتنە بەشێکە لە زنجیرەی هەوڵەکانی قەتەر لە سەرەتای شەڕەوە".

دیپلۆماتێکی وڵاتێکی کەنداویش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قەتەر دانوستاندنەکەی بۆ هاوکاریکردنی هەیئەی تەحریری شام بەکارهێناوە.

کەسانی نزیک لە دانوستاندنەکان ئاشکرایان کردووە کە بەپێی ڕێککەوتنەکە، هەیئەی تەحریری شامیش 50 چەکداری هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریایان ئازاد کردووە. دوو دیپلۆماتی ناوچەکەش دەڵێن هۆکاری بە بارمتەگرتنی 26 کەسە قەتەری و سعودییەکە ئەوە بووە کە ئێران دواتر بتوانێ لە ئاڵوگۆڕی بارمتەکاندا سوودیان لێ وەربگرێ.

لەلایەکی دیکەوە، بە گوتەی ژمارەیەک دیپلۆماتی عەرەبی و چەکداری گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، بەشێکی دیکە لە ڕێککەوتنەکە پەیوەندی بە چارەنووسی دوو شارۆچکەی شیعەنشینی فوعە و کفریا و دوو شارۆچکەی سوننەنشینی مەزایا و زەبەدانییەوە هەبووە لە ڕۆژئاوای دیمەشق. فوعە و کفریا لەلایەن گرووپە سوننەکانەوە گەمارۆدرابوون و مەزایا و زەبەدانیش لە ژێر هێرش و گەمارۆی بەردەوامی حیزبوڵڵا و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریادا بوون. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، دەبوایە گەمارۆ لەسەر هەر چوار شارەکە هەڵبگیرێ.

دیپلۆماتێکی باڵای ڕۆژئاوایی بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "ئێران و قەتەر ماوەیەکی زۆر بوو بەدوای شتێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی بارمتە قەتەرییەکانی پێ بشارنەوە". بەگوێرەی ئەو دیپلۆماتکارە، کەیسی ئەو چوار شارە بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی بارمتەکانی پێ پەردەپۆش بکەن.

سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە قەتەر بە تەحریری شام و ئەحراری شامی داوە بۆچوونی جیاواز هەیە، کەسایەتییەکی نزیک لە گرووپە ئیسلامییەکان باس لە پێدانی 120 بۆ 140 ملیۆن دۆلار بە هەیئەی تەحریر و 80 ملیۆن بە ئەحراری شام دەکات، بەڵام بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە وڵاتانی عەرەبی ئاماژە بۆ 300 ملیۆن دۆلار دەکات.

ژمارەیەک فەرماندەی میلیشیا شیعەکانی عێراقیش ئاشکرایان کردووە کە ئێران دوای دەرکردنی هەموو خەرجییەکان، 400 ملیۆن دۆلاری بۆ خۆی بردووە و ئەوەی ماوەتەوە بە گرووپە شیعەکەی داوە. بەگوتەی خۆیان هۆکاری ئاشکراکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە ڕێککەوتنەکەش هەر ئەوەیە کە "ئێران پشکی شێری پارەکەی بەرکەوت، ئەمە بێزاری کردین، چونکە ئێمە وەها ڕێکنەکەوتبووین".

# کاتالۆنیا و باشووری کوردستان لەسەر هەمان ڕێچکە

رووداو- هەولێر

ڕۆژی هەینیی رابردوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا رایگەیاند کە هەرێمەکەیان لە ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ گشتپرسی بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا بەڕێوەدەبات، حکومەتی ئیسپانیاش وێڕای رەخنە لە بڕیارەکە، دەڵێت ڕێگە نادەن گشتپرسییەکە بکرێ.

کارلیس پۆجیمۆنت، سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا، لە کاتی راگەیاندنی بڕیارەکەدا گوتی، دەنگدەران لە ڕۆژی گشتپرسییەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە: دەتەوێ کاتالۆنیا لە شێوەی کۆمارێکدا وڵاتێکی سەربەخۆ بێت؟. پۆجیمۆنت رەخنەی لە حکومەتی ئیسپانیا گرت کە هیچ بژارەیەکی دیکەی جگە لە گشتپرسی بۆ کاتالۆنییەکان نەهێشتووەتەوە. ئەو گوتی "کاتێک ئەوان (حکومەتی ئیسپانیا) پرسیارمان لێدەکەن ئێمەی کاتالۆنی چیمان دەوێت، ئێمە هەموو پێشنیازەکانیان دەخەینە بەردەست، بەڵام هەموویان رەتدەکەنەوە".

سۆرەیاساینز دی سانتاماریا، جێگری وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا، لەبارەی بڕیاری کاتالۆنییەکان گوتی "با چەندەی پێیان خۆشە گشتپرسی رابگەیەنن و چەندەی پێیانخۆشە لێی پاشگەز ببنەوە، یان بۆنەی تایبەتی بۆ ڕێکبخەن، بەڵام گشتپرسییەکە روونادات".

سێ ساڵ لەمەوبەر حکومەتی کاتالۆنیا گشتپرسییەکی سیمبۆلیکی ڕێکخست کە تێیدا 80%ی بەشداربووان دەنگیان بە جودابوونەوە لە ئیسپانیا دا. ئەوکات 4.5 ملیۆن کاتالۆنی مافی دەنگدانی هەبوو، بەڵام 3.2 ملیۆن کەس دەنگیان دا. ئەوکاتیش حکومەتی ئیسپانیا هەنگاوەکەی بە نایاسایی وەسف کرد، بەڵام ئارتور ماس، سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کاتالۆنیا، بە هاوکاریی 40 هەزار خۆبەخش گشتپرسییەکەیان بەڕێوەبرد.

حکومەتی کاتالۆنیا رایگەیاندووە گشپرسییەکەی ئەمجارەیان فەرمی دەبێ و ئەنجامەکەشی هەرچی بێ، ئەوان پێوەی پابەند دەبن. پۆجیمۆنت رایگەیاندووە بەڕێوەبردنی گشتپرسیی جێبەجێکردنی "ئیرادەی پەرلەمانی" کاتالۆنیایە.

ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو، ڕێپێوانێک بۆ پشتگیری لە گشتپرسی لە بارسێلۆنا بەڕێوەچوو، لەو ڕێپێوانەدا پێپ گواردیۆلا، راهێنەری پێشووی یانەی بارسێلۆنا و ئێستای مانچستەر ستیی ئینگلیزی، مانیفێستۆیەکی بۆ پشتگیری لە گشتپرسییەکە خوێندەوە.



پیپ گواردیۆلا، راهێنەری پێشووی یانەی بارسێلۆنا مانیفێستۆیەک بۆ پشتگیری لە گشتپرسییەکەی کاتالۆنیا دەخوێنێتەوە (فۆتۆ: AFP)

## دەنگەکان لە یەک نزیک دەبن

هەرچەندە بەرەی جوداخوازەکان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پێگەیەکی بەهێزیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەپێی راپرسییەکان چاوەڕێ دەکرێ ژمارەی دەنگەکانی جیابوونەوە و مانەوە نزیک بن. کۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ ناوەندی لێکۆڵینەوە لە رای گشتی کە سەر بە حکومەتی کاتالۆنیایە، راپرسییەکی ئەنجامدا. لەو راپرسییەدا 48.5%ی بەشداربووان لەگەڵ مانەوە و 44.3%یش لەگەڵ جیابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا بوون، بەشداربووەکانی دیکەی راپرسییەکە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە. پرسیاری راپرسییەکە ئەوە بووە کە "دەتەوێ کاتالۆنیا ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟".

هەمان ناوەند سێ مانگ پێشتر راپرسییەکی دیکەی لە کاتالۆنیا کردبوو، تێیدا 46.8%ی بەشداربووان دەنگیان بۆ مانەوە دابوو، 45.3%یش دەنگیان لەگەڵ جیابوونەوە بوو. بەوپێیەش جیاوازیی دەنگی لایەنگرانی مانەوە و لایەنگرانی جیابوونەوە لە 1.5% بۆ 4.2% بەرز بووەوە.

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی خودی گشتپرسییەکەش راپرسی کراوە، لە دوایین راپرسی لەو جۆرەشدا 50.3%ی بەشداربووان پێیانوابووە دەبێ گشتپرسییەکە بکرێ و گوێ بە هەڵوێستی حکومەتی ئیسپانیا نەدرێ، 23.3%ی بەشداربووان پێیانوابووە "دەبێ گشتپرسییەکە بکرێ، بەو مەرجەی حکومەتی ئیسپانیا رازی بێت لەسەری". 22.7%یش دژی هەر چەشنە گشتپرسییەک بوون.

## هەڵوێستی پارتەکانی ئیسپانیا:

هەموو پارتە سەرەکییەکانی ئیسپانیا دژی بیرۆکەی جیابوونەوەی کاتالۆنیان. بەڵام سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کاتالۆنیا و تەنانەت گشتپرسیش بۆچوونی پارتەکان جیاوازە. پارتی دەسەڵاتداری گەل، بە سەرۆکایەتی ماریانۆ راخۆی (سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا)، بە هەموو شێوەیەک دژی بیرۆکەی گشتپرسییە و بە پێشێلکردنی دەستووری دەزانێ.

ژمارەیەک لە پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن، وەکوو پارتی سۆسیالیست و پارتی هاووڵاتیان، دژی گشتپرسین، بەڵام کۆمەڵێک هەمواری دەستوورییان پێشنیاز کردووە بۆ ئەوەی ئیسپانیا ببێ بە دەوڵەتێکی فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمە فیدراڵەکان فراوان بکرێت. پارتی چەپڕەوی پۆدیمۆس دژی جیابوونەوەیە، بەڵام تاکە پارتی ئیسپانیشە کە پێیوایە کاتالۆنەکان مافی ئەوەیان هەیە گشتپرسییەکی یاسایی بەڕێوەبەرن.

## بەرەی جوداخوازی کاتالۆنیا چی دەڵێن؟

بەرەی جوداخوازی کاتالۆنیا بەرەیەکی یەکڕیز نییە و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هەنگاوەکانی گشتپرسییەکە هەیە. ئێستا پارتەکەی پۆجیمۆنت، واتە دیموکراتی ئەورووپیی کاتالۆنیا، دەسەڵاتی ئیداریی هەرێمی کاتالۆنیای لەدەستە. ئەو پارتە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی هەرێمی کاتالۆنیادا بە پاکێجی بەڕێوەبردنی گشتپرسیی سەربەخۆیی کاتالۆنیا هاتە سەر دەسەڵات. بەڵام لەنێو ئەو پارتەدا بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی گشتپرسییەکە هەیە. ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو پارتە پێیانوایە دەبێ گشپرسییەکە بە رەزامەندی حکومەتی ناوەندی بەڕێوەبچێت، ژمارەیەکیشیان پێداگری دەکەن کە کاتالۆنیا دەتوانێ تاکلایەنە گشتپرسییەکە بەڕێوەبەرێ.

پارتی چەپی کۆماری و پارتی یەکێتیی گەل پێیانوایە ئەگەر حکومەتی ئیسپانیا ڕێگەی بە گشتپرسییەکە نەدا، ئەوە حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا پێویستە خۆی هەنگاوی پێویست بنێ، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو دوو پارتە پێیانوایە ئەگەر مەدرید بەردەوام بوو لە ڕێگریکردن لە گشتپرسییەکە، ئەوە حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا دەبێ تاکلایەنە سەربەخۆیی رابگەیەنێ.

بەو پێیەش، کاتالۆنەکان چوار بژارەیان لەبەردەستە کە بریتین لە دواخستنی گشتپرسییەکە، بەڕێوەبردنی گشتپرسییەکی دیکەی نافەرمی، بەڕێوەبردنی گشتپرسییەک کە کاتالۆنەکان خۆیان بە فەرمی دەزانن و راگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کاتالۆنیا.

## چەکەکانی بەردەستی مەدرید

حکومەتی ئیسپانیاش کۆمەڵێک بژارەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی ڕێگە لە گشتپرسییەکە بگرێ. یەکێک لە ڕێگەکان پشتبەستن بە دادگای دەستووریی ئیسپانیایە کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رەزامەندی لەسەر گشتپرسییەکە نەدات و بەم شێوەیەش شەرعیەتی ئەنجامی گشتپرسییەکە نەهێڵێت.

حکومەتی ئیسپانیا دەتوانێ پشت بە مادەی 155ی دەستووری ئیسپانیاش ببەستێ کە ڕێگە بە حکومەتی ناوەندی دەدات ئۆتۆنۆمی لە هەرێمەکە بسەنێتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە ڕێگە لەوە بگرێ قوتابخانەکان وەکوو بنکەی دەنگدان بەکاربهێنرێن و تەنانەت ڕێگە بە حکومەت دەدا دەست بەسەر بنکەکانی پۆلیسی کاتالۆنیاشدا بگرێت. وەکوو لە لێدوانی بەرپرسانی حکومەتی ئیسپانیادا دەردەکەوێ، ئیسپانییەکان دەیانەوێ خۆ لەوە بەدوور بگرن، چونکە ئەم هەنگاوە دەشێ هەستی دژە-ئیسپانیا لە نێوخۆی کاتالۆنیا بەهێزتر بکات.

حکومەتی ئیسپانیا پێشتر هەڕەشەی کردووە کە هەر بەرپرسێکی کاتالۆنی هەنگاو بۆ سەربەخۆیی بنێت رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە و دەشێ لە پۆستەکەی لابدرێ، دەستگیر بکرێ یان ناچار بکرێ سزای دارایی بدات.

جیا لەمە حکومەتی ئیسپانیا لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاشەوە پشتگیریی دەکرێ، لەبەر ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا رایگەیاندووە ئەگەر کاتالۆنیا لە ئیسپانیا جیا ببێتەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نابێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، ئەمەش بۆ ئابووریی کاتالۆنیا گرنگە، چونکە زۆربەی هەناردەی کاتالۆنیا بۆ ئیسپانیا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپایە، جیابوونەوە لە ئیسپانیاش وادەکات کاتالۆنیا لەو دوو بازاڕە بێبەش ببێت.

# داعش لە تاران بەدوای چییەوەیە؟

رووداو- هەولێر

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو، چەکدارەکانی داعش بۆ یەکەمجار پەرلەمان و مەزارگەی ئیمام خومەینییان لە تارانی پایتەختی ئێران کردە ئامانج. لەو رووداوەدا 17 کەس کوژران و 46ی دیکەش بریندار بوون.

لە هێرشەکەی سەر باڵەخانەی پەرلەماندا سێ چەکداری داعش بە تەقەکردن خۆیان کردبوو بەژووردا. دواتر یەکێک لە چەکدارەکان لە نێو باڵەخانەکەدا خۆی تەقاندەوە. لەو کاتەدا پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەدا بوون.

ماوەیەکی کەم پاش هێرشەکەی سەر پەرلەمان، دوو چەکدار لە دیوی ڕۆژئاواوە چووبوونە ئەو ناوچەیەی کە گۆڕی ئیمام خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدایە. بەگوێرەی ئاژانسە میدیاییەکانی ئێران، یەکێک لە هێرشبەرەکان خۆی تەقاندبووەوە و لەبارەی هۆکاری کوژرانی هێرشبەرەکەی دووەمیش دەنگۆی جیاواز هەیە، ژمارەیەک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بە دەرمان خۆی کوشتووە و هەشە دەڵێن بە گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کوژراوە.

**پسپۆڕێکی پەیمانگەی بروکینگز:**
**ڕەنگە ئامانجێکی داعش لە هێرشەکەی تاران خۆشکردنی ئاگری شەڕی تایفی بێت لە ئێران**

**چاوەڕێ دەکرێ ڕێوشوێنە ئەمنییەکان لە ناوچە کوردییەکان توندتر بکرێ**

## هێرشبەرەکان کێ بوون؟

بەگوێرەی راگەیەندراوی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، چەکدارەکانی داعش لە پێنج کەسی "ئێرانی" پێکهاتبوون کە پێشتر لە "گرووپە وەهابی و تەکفیرییەکان"دا بوون و "دواتر چوونەتە ناو گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە".

داعش هەتا ئێستا دوو ڤیدیۆی لەو رووداوە بڵاوکردووەتەوە، ڤیدیۆی یەکەمیان چەند کاژێرێک دوای هێرشەکان بڵاوکرایەوە کە تێیدا چەکدارێکی داعش بە زمانی عەرەبی دەڵێت "ئێمە لێرە ناڕۆین و بە خواستی خوا لێرە دەمێنینەوە". وەکوو ئاشکرایە ڤیدیۆی یەکەم تەنیا بۆ ئەوە بووە داعش بە خێرایی بەرپرسیارێتی خۆی لەو دوو هێرشە رابگەیەنێ.

لە ڤیدیۆی دووەمدا پێنج کەس دەبینرێن، کە سێ کەسیان دەموچاویان داپۆشراوە و دوو کەسیشیان پشتیان لە کامێرایە. یەکێک لەوانەی دەموچاوی داپۆشراوە بە زمانی کوردی دەڵێت ئەوە یەکەم کەتیبەی داعشە لە ئێران، ئەوەش پێچەوانەی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی ئیتلاعاتە کە رایگەیاندبوو ئەم گرووپە بەشێک بوون لە تیمێکی گەورەتری داعش کە هاوینی ساڵی رابردوو بە سەرپەرشتی ئەبو عایشە هاتبوونە نێو ئێران بۆ ئەوەی "لە شارە پیرۆزەکان کاری تیرۆریستی بکەن".

چوار کەس لەوانەی هێرشەکەی ڕۆژی چوارشەممەیان کردووە، یەکلایی بووەتەوە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. ئەوانیش قەیوم فاتمی، خەڵکی گوندی کێمنە، سەر بە شارۆچکەی نەوسوودی نزیک پاوە. رامین ئەحمەدی، خەڵکی گوندی هەجیجی سەر بە پاوە. سەریاس سادقی، خەڵکی گوندی دزاوەری سەر بە پاوە. هەروەها فەرەیدوون، خەڵکی سەلاسی باوەجانی.

پێنجەم کەسیش ناوی ئەبوجیهادە و هەتا ئێستا نازانرێ خەڵکی کوێیە، بەڵام ژمارەیەک سەرچاوە دەڵێن ئەویش خەڵکی پاوەیە.

## ئەوەی قاعیدە نەیکرد، داعش کردی

دوو ساڵ لەمەوبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لە ماڵپەڕەکەی خۆیەوە ناوی حەوت کەسی ئاشکرا کرد کە یەکێکیان سەریاس سادقی بوو. بەپێی راپۆرتەکەی (حدک) سەریاس و شەش کەسەکەی دیکە لە ناوچەی پاوە بانگەشە بۆ داعش دەکەن و دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتیش چاوپۆشییان لێ دەکات. بەگوێرەی راپۆرتێکی (بی بی سی)ی بەریتانی، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا 500 گەنجی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە روویان لە داعش کردووە.

قاعیدە و تالیبان مێژوویەکی کۆنی پەیوەندی تەکتیکییان لەگەڵ ئێران و ڕێکخراوە شیعەکاندا هەیە. ساڵی 2007 ئوسامە بنلادن، سەرکردەی کوژراوی قاعیدە، لە نامەیەکدا بۆ سەرکردەکانی قاعیدە لە عێراق دەڵێت "ئێران شادەماری هاوکارییە داراییەکان، ستاف، پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی بارمتەکانە...پێویست ناکات لەگەڵ ئێراندا شەڕ بکەن، مەگەر ئەوەی ناچار بکرێن وابکەن".

ئەم تێڕوانینە پراگماتیستییەی بنلادن خاڵی دووبەرەکی نێوخۆیی قاعیدە بووە لەبارەی ستراتیژی قاعیدە بەرامبەر شیعەکان. بەر لەوەش جیاوازیی گەورە لە نێوان باڵی ناوەندیی قاعیدە و باڵی عێراقی ڕێکخراوەکەدا هەبووە کە دواتر دەوڵەتی ئیسلامی عێراق (داع) و دوای ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)یان راگەیاند. زەرقاوی کە دانەری بیرۆکەی داعشە، پێیوابووە شیعەکان دوژمنی هەنووکەیی سوننەکان و قاعیدەن، نەک ڕۆژئاواییەکان. وەکوو لە نامەکەی بنلادنەوە دەردەکەوێ، قاعیدەی عێراق هەڕەشەی هێرش بۆ سەر ئێران دەکات و باڵی ناوەندیی قاعیدە بە توندی دژی بیرۆکەکەن.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی دژە تیرۆری ئەمریکا (CTC)، ئێران و قاعیدە لە پێش و پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە پەیوەندییەکی تەکتیکیی بەردەوامیان هەبووە. مەرجی ئێرانیش بۆ ئەو هاوکارییانە ئەوە بووە کە "قاعیدە لە نێوخۆی ئێراندا هەڕەشەی ئەمنی بۆ سەر ئێران دروست نەکات". قاعیدە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا خاکی ئێرانی بۆ گواستنەوەی چەکدار، دانانی پلان، کۆکردنەوەی چەکدار بۆ شەڕی ئەفغانستان، سووریا و عێراق بەکارهێناوە.

ئەو ئازادییەی ئێران بە قاعیدەی داوە، لەلایەکەوە ڕێگە بە ئێران دەدات وەکوو ئامرازێک ڕێکخراوەکە بەکاربهێنێ و دوو بەرەکی لەو ناوچانەدا دروست بکات کە بزووتنەوەی سێکولاری دژی حکومەتی ئێرانی تێدایە، بەڵام ئەم سیاسەتە لەلایەکی دیکەوە کاری دەزگا ئەمنییەکانی ئێران قورس دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێگە بۆ ئەو ڕێکخراوەش خۆش دەکات تۆڕ لە ناوچە سوننەنشینەکانی ئێران دروستبکات. پێگەی قاعیدە و ئەنسارولئیسلام لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەتی بۆ ئەوە دەدەن.

پێشتر داعش لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا سوودی لەو تۆڕ و شانانە بینیبوو کە قاعیدە دروستیکردبوون، دوور نییە ئێستا لە ئێرانیش هەمان کار بکات، واتە لەلایەکەوە ئەو شانە کۆنانە بەکاربهێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە بە بەکارهێنانی ئەو شانانە بۆ هێرش سەرنجی خەڵکانی زیاتر رابکێشن. بۆیەش واڵ مەککەنتس، شارەزای ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە پەیمانگای بروکینگز، بەدووری نازانێ ئامانجی هێرشەکەی ڕۆژی هەشتی حوزەیران راکێشانی سەرنجی لایەنگرانی قاعیدە لە ئێران بێ، واتە "درێژکراوەی ئەو ململانێیە بێت کە داعش بۆ راکێشانی دڵ و بیری جیهادییەکان لە هەموو جیهاندا دەیکات".

مەککەنتس بەدووریشی نازانێ ئامانجێکی دیکەی داعش لە دوو هێرشەکەی ئێران خۆشکردنی ئاگری شەڕی تایفی بێت لە ئێران. بەبۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، داعش دەزانێ دوای ئەو هێرشە ڕەنگە ئێران گوشار بخاتە سەر کۆمەڵگەی سوننەی ئێران، ئەوەش وا دەکات دژایەتیی دەسەڵاتی شیعە زیاتر بێ و بۆ پاراستنی خۆیان پەنا بۆ داعش بهێنن، وەکوو چۆن لە عێراق لە پاش دەستپێکردنی شەڕی تایفی و توندتربوونی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە دژی سوننەکان، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە عەرەبە سوننەکان پشتگیرییان لە قاعیدە و دواتر داعش کرد.

## کاردانەوەی ئێران چی دەبێ؟

هێرشەکانی تاران لە کاتێکدا روویاندا کە ناوچەکە خۆی بە دۆخێکی ئاڵۆزدا دەڕوات، بە تایبەتیش لە دوای گەشتەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. پەیوەندی نێوان سعودیە و ئیمارات لەگەڵ قەتەر تێکچووە. ژمارەیەک بەرپرسی ئێرانی (بە راستەوخۆ و بە ناڕاستەوخۆ)، لەوانەش وەزیری دەرەوەی ئێران و سوپای پاسداران سعودیەیان بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت هێرشەکانەوە بووە.

عەلی واعیز، لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەدووری دەزانێ هیچ شەڕێکی راستەوخۆ و دەمودەست لە نێوان ئێران و سعودیە رووبدات، بەڵام چاوەڕێ دەکات ململانێی نێوان ریاز و تاران لەسەر ئاستی ناوچەکە سەختتر ببێت. بە بۆچوونی واعیز "ئەوە بەنزین بە شەڕە تایفییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات و براوەی یەکەمیش لەو شەڕانە قاعیدە و داعشن".

هێرشە تیرۆریستییەکان کاری حکومەتەکان بۆ راگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئازادییە تاکەکەسییەکان و پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان قورس دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە هێرشانە حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان ناچار دەکەن ڕێوشوێنی قورستری ئەمنی و چاودێریی توندوتۆڵتر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جموجۆڵەکانی هاووڵاتییان دابنێن. ئێران مێژوویەکی درێژی لەگەڵ ڕێوشوێنی توند لە دژی هاووڵاتیان و مافە تاکەکەسییەکان هەیە کە ژمارەیەکی زۆریان دژی یاسا نێودەوڵەتییەکانیشن. بۆیە چاوەڕێ دەکرێ سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران ئەو هێرشە بکەنە هەلێک بۆ سنووردارترکردنی پانتایی مافە تاکە کەسییەکان، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە سوننەکان تێیاندا زۆرینەن. بەو پێیەش هەموو هێرشبەرەکان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، چاوەڕێ دەکرێ ڕێوشوێنە ئەمنییەکان لە ناوچە کوردییەکان توندتر بکرێ.



(فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئەرکە گرنگەکانی بەردەم گشتپرسی

بڕیاردان لە دیاریکردنی ڕۆژی گشتپرسی لە کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە عێراق، بەتایبەت کە بڕیارە کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش بگرێتەوە، بڕیارێکی ئازایانە و گرنگ بوو، بۆ هەموو حیزبە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی بڕیارەکەی تێدا دەرکرا. هەرچەندە بایەخی زۆر زیاتر دەبوو ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامییش تێیدا بەشداربوونایە. لەوەش بایەخدارتر دەبوو ئەگەر بە بەشداریی هەموو ئەو هێزە بەشداربووانە و لە پەرلەمانی کوردستان بووایە. بەڵام ئەمە تەنیا خۆزگەیە و باپیرانیشمان گوتوویانە (خۆزگەیان چاند و سەوز نەبوو). تازە زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ ڕێگری لەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە، بەڵام ناشکرێ ئەو ڕوداوانەی پێشتر بکرێت بە پاساوی ئەوەی کە ئیتر کورد هیچ هەنگاوێکی دیکە نەنێت، بەتایبەتی کە ئەمە سەرەتای ڕێگاکەیە و دەکرێ بەسیاسەتی دروست قەرەبووی هەڵەکانیش بکرێتەوە.

پرۆسەیەکی وا گرنگ کە پەیوەندی بە چارەنووسی گەلێکی بێ ناسنامەوە هەیە لەناو چوارچێوەیەکی بە دوژمن دەورەدراو، دڵنیایی سەرکەوتنی پەیوەستە بە پێکەوەیی و ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگاوە. ئێستا تەنها یەک قۆناغی پرۆسەکە دەستی پێکردووە کە ئەویش دیاریکردنی ڕۆژی ریفراندۆمە، هێشتا ئەرکی گرنگ و کاری گران لەدواوەیە، سەرخستنی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و لە هەردوو ئەم قۆناغەش سەختتر بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتیە بۆ دانپێدانان بە دەوڵەتی کوردستان. بۆیە پێویستە لەدوای هەنگاوی یەکەمەوە کە بڕیاردان بوو لە ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی وادەکەی، کار بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکی و ناتەباییە سیاسیە بکرێت کە لە کوردستاندا هەیە. گەرچی نزیک بە 35 حیزبی سیاسی کورد و تورکمان و ئاشووری لە هەرێمی کوردستان و لە کەرکووک لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەکەن، بەڵام بەبێ دۆزینەوەی دەروازەی چارەسەر بۆ هێنانە ناوەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، ئومێدەکان لاواز دەبن لە سەرخستنی پرۆسەکە، تەنانەت ئەگەر قۆناغی یەکەمیش ببڕین، لە هەنگاوەکانی دوای ئەودا تووشی ئاستەنگی تر دەبین.

ئەو ناکۆکی و ناتەباییە سیاسیەی هەیە، هێشتنەوەی کێشەی پەرلەمان بە پەکخراوی و قەیرانی دارایی، سێکوچکەی ئاستەنگی بەردەم پرۆسەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەدای خراپی حیزبی و حوکمڕانیی چارەکە سەدەی ڕابردوو وای کردووە بەشێکی خەڵک لە کوردستان نەک پرۆسەی ریفراندۆم، تەنانەت دەوڵەتی کوردستانیشی پێ گرنگ نەبێت. ڕەنگە ئێمە تاکە میللەت بین لەسەر گۆی ئەم زەمینە لەبەردەم ئەو مەترسیەدا بین کە دوای چەندین سەدە لە ژێردەستەیی، بخرێینە بەردەم ئەو پرسیارەی لە نێوان ژێردەستەیی و سەربەخۆییدا کامیان هەڵدەبژێرین، ترسمان لەوە هەبێت خەڵکانێک دژی سەربەخۆیی بن. بێگومان ئەمە ئەگەر کەم تا زۆریش پەیوەندی بە کولتووری داگیرکاری و ئەو زەمەنە زۆرەی چەوساندنەوەوە هەبێت، زۆر لەوە زیاتر پەیوەندی بە ئەدای دەسەڵاتداریّتی و ئەزموونی حوکمڕانیی 25 ساڵەی کورد خۆیەوە هەیە، کە بەشێک لە خەڵکەکەیان بەو ئەندازەیە تێکشکاندووە.

ناکرێ ئەو ناڕەزایەتیانەی خەڵک نادیدە بگیرێن، ئەو هەڵمەتە میدیاییەی لە دژی ریفراندۆم هەیە و ئەوەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی دەبینرێت، حاڵەتێکی ئاسایی نییە. نیگەرانی و ناڕەزایەتییەکە تەنها ئەو هێزانە نین کە بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکردووە، بەشێک لە بنکەی جەماوەریی ئەو حیزبانەش کە سەرکردەکانیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون، لەو هەڵمەتەدا بەشدارن، چجای خەڵکانێک کە لە دەرەوەی ئیرادەی هێزە سیاسیەکاندان. چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو خەڵکانە دەهێنرێنەوە بەرەی پشتگیری لە ریفراندۆم، ئەوە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. هەرچەندە تا وادەی ئەنجامدانی پرۆسەکە کە زیاتر لە سەت ڕۆژی ماوە، ڕەنگە زۆر شت بە قازانجی کەمکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان ڕووبدەن، بەڵام هەر پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئیجماعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست بکرێت، بەتایبەتی کە بەشێکیان گومانی ئەوەیان هەیە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بێ و لێدوانی چەند بەرپرسێک دەکەن بە پاساوی ئەو قەناعەتەی گوایە تەنیا ئامرازێکە بۆ لەبیربردنەوەی قەیرانەکان.

هەروەک هەندێکیان بەو جۆرە دەریدەبڕن کە ترسیان لە ئایندەی دەوڵەتی کوردستان هەیە و نازانن چ جۆرە دەوڵەتێک دەبێت. بۆیە پێویستە لەگەڵ خەڵکی خۆمان ڕوون و ڕاشکاو بین، ئەگەر ریفراندۆم بۆ ئەوە نییە سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێت، هیچ پێویستمان بە سیناریۆ نییە، ئەگەر بۆ سەربەخۆییە پێویست بەو چەواشەکاریانە ناکات، چونکە دوژمنەکانیشمان هێندە ساویلکە نین پێمان وابێت بەو جۆرە لێدوانانە لەخشتەیان دەبەین.

مەترسیەکە هەر لەوەدا نییە کە ئەمانە دەنگ نەدەن، یاخود لەدژی دەنگ بدەن، مەترسیی گەورە ئەوەیە جگە لە سەختیی خودی پرۆسەکە، ئەم پرۆسەیە نەیاری زۆرە. دەرفەت ئەداتە نەیارەکانی کە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەکە دروست بکەن. لە دەستپێکی کاردانەوە سەرەتاییەکانیشدا هەڵوێستی بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە وەک جۆرێک لە نەیاریی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نییە، هەرچەندە ناشکرێ ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین دەوڵەتان ڕایبگەیەنن کە ئەوان لەگەڵ پارچەپارچەبوونی دەوڵەتی عێراقن. لە حاڵێکی لەم جۆرەدا دۆخی ناوخۆ گرنگترە لە هەڵوێستی وڵاتان. دواجار ئەو وڵاتانە چ ئەوانەی نوێنەرایەتی و قونسوڵخانەیان لە کوردستان هەیە و وڵاتانی تری دونیاش کە چاودێریی ڕەوشی کوردستان دەکەن، دەنگ و ڕەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان دەبیستن، ساردوسڕیی ناوخۆمان و لاوازیی ئیرادەی گەل لە بەرامبەر پرسێکی وا چارەنووسساز، دەبێتە مایەی مەترسیی گەورە بۆ داهاتووی پرۆسەکە و دوور نییە کار بکاتە سەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیش. بۆیە هەڵوێستی ناوخۆ و پێکەوەیی خەڵکی کوردستان بە ئیرادەیەکی یەکگرتووەوە، تا ئەندازەیەکی زۆر دڵنیایی سەرکەوتن و بە ئاکامگەیاندنی هەموو قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەی پێوە بەندە.

ئەگەر هەموو خەڵکی کوردستان پێکەوە و یەک ئیرادە بین، ئەوکات هەڵوێستی وڵاتانیش لەحاڵەتی نەیارییان بۆ ریفراندۆم بایەخێکی ئەوتۆی نابێت و نابێتە مەترسی لە بەردەم پرۆسەکە، وەک چۆن لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ئیرادەی گەل بەسەر هەموو لەمپەرەکاندا زاڵ بوو، کاتێکیش ویستمان هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکەین و دواتر کە حکومەتمان دروستکرد و فیدراڵیمان ڕاگەیاند، نەک هیچ حکومەت و وڵاتێک پشتیوانمان نەبوو، تەنانەت وڵاتانی دراوسێ هەڕەشەیان دەکرد کە پەلاماری کوردستان دەدەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئیرادەی میللەتەکە هەمووی لەپشتی سەرکردایەتیەکەی بوو، گوێ بە کاردانەوە و هەڕەشەی کەس نەدرا، کە لەسەر ئەرزی واقیع کورد خۆی سەلماند، ناچار بوون مامەڵەشی لەگەڵ بکەن.

ئەم ئەزموونە بۆ ئایندەش ڕاستە، ئەگەر ئیرادەی هەموو گەلی کوردستانی لەپشت بێ، بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێت و بەهۆی جۆرێک لە دروستبوونی بەرژەوەندی لەنێوان وڵاتاندا و بوونی سەرچاوەیەکی سروشتیی زۆر لە کوردستان، زۆر زووتر لە چاوەڕوانیەکان، لە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش دان بە دەوڵەتی کوردستاندا دەنرێت.



مامەند ڕۆژە

# جیهادی جێی ناسیۆنالیستەکان دەگرنەوە؟

چالاکییەکەی حەوتی ئەم مانگە لە تاران کە دوو هێمای دەسەڵاتی ئێرانی کردە ئامانج، وێستگەیەکی تازەی لە دۆخی ئاسایشی ئەو وڵاتەدا کردووەتەوە. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داعشی لای بەشێک لە کۆمەڵگەی دینداری سوننە، بەتایبەتی لای وەچەی لاو، وەکوو ئومێدێک بەرجەستە کردووە.

ئۆپۆزیسیۆنی کوردی تا ئێستاش بە تیۆری پیلانگێڕی ڕووداوەکە شیدەکەنەوە و بەشانۆیی ڕژێمی دەزانن! هەندێک هێزیش پێیانوایە کە پێدەچێ کاری موجاهیدین بێت. کەسانێکیش هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گوتیان کاری داعشە. بەڵام پەشۆکاویی بەرپرسانی ئێرانی، هەڕەشەکانی سوپا و هەڵمەتی ڕەشبگیری لە کوردستان، پەردەی لەسەر ڕاستییەکان هەڵماڵی کە سیستەمی ئەمنیی ئێران درزی گەورەی تێکەوتووە و داعش سەرئەنجام ئەم سیستەمەی خەرق کرد.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە گەلۆ جیهادییە کوردەکان دەتوانن لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێی ناسیۆنالیستەکان بگرنەوە؟

لە ڕۆژهەڵات پێشتر سێ ڕەوتی نەتەوەیی (حدکا)، چەپ (کۆمەڵە) و ئیسلامی (مەکتەبی قورئان و ئیخوان) ئامادەگییان هەبووە.

ئەوە چەند ساڵێکە دوو ڕەوتی سەربازیی تازە وەکوو بەدیلی سێ ڕەوتی پێشوو سەریانهەڵداوە: ڕەوتی چەپی نەتەوەیی واتە پەژاک کە ماوەیەکە سڕکراوە و چەند ساڵێکیشە لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، بەشێک لە لاوانی ئیسلامگەرا ڕوویان لەم ڕێکخراوە کردووە. بەپێی هەندێ سەرچاوە نزیکەی 400 گەنجی کورد ڕوویان لە داعش کردووە (سەرچاوەیەکی نزیک لە ئیتلاعات باسی 1500 کەس دەکات!).

مەحموود عەلەوی، وەزیری ئیتلاعات چەند زانیارییەک ئاشکرا دەکات کە لەساڵی 2015وە داعش بەتەمایە ئاسایشی ئێران ببڕێ و لەناو ئێراندا چالاکیی بکات. ئەو گوتی کە ماوەی دوو ساڵە هەوڵی 100 گرووپی سەر بە داعشیان پووچەڵ کردووەتەوە کە بەتەمابوون دزە بکەنە ناو ئێرانەوە. لە ساڵی 2015 ئیتلاعات 25 تیم، لە 2016 دا 45 تیم و لە 2017 شدا 30 تیمی تەفروتونا کردوون! ئەگەر لانیکەمی هەر تیمێک بە 3- 5 کەس مەزەندە بکەین، سەد تیمەکە بەشێوەی گریمانە لە نێوان 300 بۆ 500 کەس دەبن.

عەلەوی گوتی لە یەک چالاکیدا 30 پارچە چەکی کلاشینکۆف، 4 بیکەیسی، 2 ئارپیجی و 60 ڕۆکێت، 15 پاکێت فیشەکی کلاشینکۆف، 4400 فیشەکی بیکەیسی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. پێشتریش گوتبووی لەیەک شوێندا بڕی دوو تۆن تەقەمەنی داعشمان گرتوون.

ئەو دەڵێ جاران مانگی جارێک تیمێکی داعشمان پووچەڵ کردووەتەوە، کەچی ئەمساڵ ڕۆژی جارێک ڕووبەڕووی گروپەکانیان بووینەتەوە! ئەو دەڵێ لەبەر سەلامەتیی دەروونی هاووڵاتیان نەمانویستووە ئەم زانیاریانە ڕابگەیەنین ئەگەرنا پرسەکە گەورەیە.

بەڕاست ئەم زانیاریانە چیمان پێدەڵێن؟ کاتێک ئەم زانیاریانە شیدەکەینەوە، پێش هەموو شتێک ڕووبەڕووی یەک ڕاستی دەبینەوە کەوا: داعش خەریکە دەبێتە سەرئێشەیەکی ئەمنیی گەورە بۆ ئێران. داعش یەکەم هێزە دوای 30 ساڵ ئارامیی تاران بشڵە قێنێ.

عەلی خامنەیی ڕابەری ئێران ئەم چالاکییەی داعشی بە یاریی فیشەکە شێتەی منداڵان وەسفکردووە. بەڵام لەولا فەرمان بە لاوانی لایەنگری سیستەم دەکا: چاوەڕێی فەرمانی دەزگا ئەمنییەکان مەکەن و لە کوێ هەستتان بە هەڕەشە کرد دەست بکەنەوە! کەوابوو مەسەلەکە جددییە. مەحموود عەلەوی وەزیری ئیتلاعات دەڵێ: پێویستە کۆمەڵگەی ئەهلی سوننەت، بەتایبەی لاوان، هوشیار بن و نەکەونە داوی داعشەوە". ئەمە چی دەردەخات؟

دەریدەخا کە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی لەناو کۆمەڵگەی کوردی سوننەدا مەجالی حەیاتی هەیە. ئەوە دوو- سێ ڕۆژیشە هێزە ئەمنییەکان ڕژاونەتە ناو کوردستان و دەیان کەسیان دەستگیر کردووە کە خۆی لە ڕەشبگیرییەکی سیاسی دەچێت. لە هەر سێ پارێزگای ئازەربایجان، کوردستان و کرماشان دەیان کورد دەستگیرکراون. پێدەچێ سەدانی دیکەش دەستگیر بکرێن. فەرمانی ڕابەر دەستی ئەم هێزانەی کردووەتەوە و کۆمەڵگەی کوردیش باشترین مەیدانی ئیختباری هێزە ئەمنی و هەواڵگرییەکانە کە هەموو توانا هەواڵگری و جەنگییەکانی خۆیانی تێدا تاقی بکەنەوە.

ماوەی 30 ساڵیشە بەپێی دەستوور، کوردستان بە قانوونی ئاوارتە بەڕێوە دە چێت.

بەپێی ماددەی 176 ی دەستوور، شووڕای عالی ئەمنیەتی میللی، بەپێی خوێندنەوەی دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان بۆی هەیە جۆرێک لە حاڵەتی ئەمنی بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا بسەپێنێ و سەڵاحیەتی بێسنوور بەو دەزگایانە ببەخشێ کە لە کوردستان جێبەجێی دەکەن. بەپێی ئەمەش هەر لە ساڵی 1979 تائێستا جۆرێک لە حاڵەتی نائاسایی ڕانەگەیەنراو لە کوردستان بەرقەرارە.

هەموو هێزەکان، هەموو دەوڵەتەکان باسیان لەم ڕووداوە کرد، بەڵام کەس ئاوڕی لەو زەمینە کۆمەڵایەتیە نەدایەوە کە ئەنجامدەرەکانی لێوە هاتوون: واتە کۆمەڵگەی کوردستان.

کۆمەڵگەی کوردی سوننە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە تەختەکانی نیشانە لەلایەن جەمسەری سوننە و جەمسەری شیعەی ناوچەکەیە. سوننەگەری لە پارچەکانی کوردستان بەرگی ناسنامەی کوردیی نەبووە، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردبوون و سوننەبوون هاومانا و هاوجیهەت هاتوون. یەکێک لە پاڵنەرەکانی مقاومەی کوردی لە ئێران سوننەبوونە و بەهەڵە لە سەرەتاوە وا هاتووە.

سوننەگەری توانایەکی لەرادەبەدەری بۆ هەرەوەز و بەسیجی هێزی کوردی هەیە. ئێستا ئەگەر ئەو ئامارە ڕاست بێ کە تائێستا 1500 گەنجی کورد چوونەتە ناو داعش، ئەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە هێزی چەکداری تێکڕای گرووپە کوردییەکان پێکەوە ناگاتە 1500 کەس. کەوابوو ڕەوتی سەلەفی جیهادی پۆتانسیەڵ و زەمینەی گەشەکردنی هەیە.

گەشەکردنی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەشێکی بۆ شکستی پرۆژەی نەتەوەیی کوردی (حدکا – حدک) و بەشێکی بۆ شکستی پرۆژەی چەپ (ڕەوتەکانی کۆمەڵە) و بەشێکیشی بۆ شکستی ڕەوتی نەتەوەیی کوردی لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە.

بۆیە ئەگەر داعش بتوانێ خۆی لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات خۆجێیی بکا، ئەگەر بتوانێ خۆی وەکوو هێزی بەرگریکار لە ناسنامەی سوننەکان لەئاست ڕژێم بەرجەستە بکا، ئەوە توانای ئەوەی دەبێ کە خۆی لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیربکات.

داعش ئەگەر ئەمە بکا، لە کەمتر لە 10 ساڵدا دەتوانێ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان نائارام بکات. دەتوانێ خۆراکی خۆی لە سەرچاوەی مرۆییەوە تا سەرچاوەی ماددی لەو کۆمەڵگەیە هەڵبهێنجێ و هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش ڕووبەڕووی تەگەرە دەکاتەوە. کوردستان لەگەڵ هەڕەشەیەکی نادیار ڕووبەڕووە کە دەبێ هەر لە ئێستاوە حسابی بۆ بکرێت.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# هێرشەکەی تاران و گشتپرسیەکەی کوردستان

ئەگەر بمانەوێ لە سووچێکەوە پەیوەندییەک لە نێوان هێرشەکەی داعش لە تاران و مەسەلەی گشتپرسییەکەی کوردستاندا بدۆزینەوە، دەتوانین لەڕێی پاڵنەر و ئەنجامی ڕووداوەکانەوە ئەو کارە بکەین.

ڕۆیشتنی شەپۆلی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە ملی باشوورەوە بۆ ڕۆژهەڵات و ستەمی ئەتنی- مەزهەبی لە ملی تارانەوە، وایانکرد هەتا ڕێکخراوێکی وەک داعش بە جۆرێک جێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە کە بتوانێ لە تاران جموجۆڵ بکات. سا ئەگەر، گۆڕانێک لە دۆخی هەرێمی کوردستان و تاراندا ڕووبدات، ئەوا کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتیش دادەنێت و دەتوانێ شوێنی داعش لەوێ لەق بکات. بۆیە ئەگەر ئێران سیاسەتەکانی بگۆڕێ و پرۆسەی دەوڵەتسازی لە باشوور سەربگرێت و لە جیاتی ئەنارشییەتی ناوخۆیی و بێهیوایی سیاسی کە زەمینەی ڕادیکالیزمی ئیسلامی بەهێزتر دەکات، شەپۆلێکی نەتەوەگەرایی بەرز بێتەوە، ئەوا ئەگەری لۆکالیی وجودی داعش لە ڕۆژهەڵات لاوازتر دەبێت.

دۆخی نادەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان ڕێگای بۆ ئەنارشییەتێکی سیاسیی ناوخۆیی و دەستوەردانی دەرەکی کردووەتەوە کە لە یەکێک لە قۆناغەکانیدا ڕەوتە سەلەفی و جیهادییەکان بە ئەندازەیەک گیانیان گرت، توانییان لە ناوچەی هەورامان ئیمارەتێک پێکەوە بنێن. دوای تێکچوونی ئەو ئیمارەتەش، پاشماوەکانی ئەنسار و سەرکردەکانیان، وەکوو ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی (وریا هەولێری) چوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەوەش ڕادیکالیزمی ئیسلامی سوننی لە ملی باشوورەوە گەیشتە ڕۆژهەڵات.

ویستی تارانیش بۆ بەکارهێنانەوەی ئەم گرووپانە لەدژی هەرێمی کوردستان، وای کرد بەشێکیان لە دەوروبەری پارێزگای سنە جێ بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناوچە کوردییەکانی وەک حەوزێکی مرۆیی خستە بەردەستی ئەو گرووپانە کە دواتر کەتائیبی قاعیدەی کوردستان و گرووپی نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبییان دامەزراند. ئەمەش زەمینێکی گرنگی بۆ تەنزیمی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەراهەم کرد کە لە سەرەتاکاندا چاوپۆشی لە جموجۆڵەکانیان دەکرا. لەڕووی زەینییەوە خەریکە داعش لە ڕۆژهەڵات جێی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر دەستی بە چیاکان بگات و لە ڕووی فیزیکیشەوە دەستی خۆی بەهێز بکات، کارەسات دەقەومێ.

چاڵکەن لەبنی چاڵدایە و ئەوەی لە تاران ڕوویدا، لەلایەک دۆمینۆی داعش بوو لە ئێران و لەلایەکی دیکە ئەنجامی یاریکردنی تاران بە کارتی ئیسلامی ڕادیکاڵی سوننی بوو. گەیشتنی داعش بە ئێران شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەوەیە کە هەندیک لە بکەرەکانی ڕووداوەکان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن! بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە سادە نییە تەنها بە کاردانەوەیەکی عاتیفی کە چۆن دەبێ کورد ببنە داعش، بەسەریدا بڕۆین.

جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا بەر لە هاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران سروشتێکی ئەتنییان هەبووە، بەڵام وەختێ لە تارانەوە جاڕی سیاسەتی مەزهەبی- شیعی لێدرا، بەرە بەرە بەرگێکی مەزهەبیی سوننی پۆشی. بۆیە بەشێک لە ناڕەزایی و داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕوویەکی مەزهەبییان وەرگرت. دواجار، هەوڵەکانی تارانیش بۆ گەمارۆدانی هێزە نەتەوەگەرا کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆشاییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات دروستکرد کە بەشێکی بە پەکەکە و بەشێکی بە ڕەوتی مەزهەبییەکان پڕکرایەوە. بەشە مەزهەبییەکەی لەژێر کاریگەریی شەپۆلی داعش لە ناوچەکەدا، خەریکە ڕادیکاڵیزە دەبێت و ئەمەش چەندە مەترسی بۆ سەر ڕەوتی نەتەوەگەرای کوردی دروست دەکات، ئەوەندەش مەترسیی بۆ سەر تاران دروست دەکات. بۆیە خەریکە نەیارێکی هاوبەش بۆ دوژمنە دێرینەکان چێ دەبێت: داعش لەبەرامبەر ئێران و هێزە نەتەوەگەراکانی کورد!

ڕووداوەکەی تاران شکستی ستراتیژی شەڕی ئەودیو سنووری ئێران بوو. تاران تەقەلای زۆری دا هەتا شەڕەکە لەودیو سنوورەکانی خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام سەرینەگرت. ئەگەر ئێران بیەوێ خۆی لە دۆمینۆی داعش بپارێزێ، دەبێ لە دەرگای جوڵانەوە نەتەوەگەراکانی کورد بدات و تەگەرە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دروست نەکات. ئەمەش یارییەکە کە هەردووسەری براوە دەبن!



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چارەگی دەوێ بۆ دەوڵەت!

1

گۆڕان و کۆمەڵ، گۆڵێکی دیکەی سیاسییان لێ کرا. بە خەیاڵی خۆیان و هەروەک خۆیان دەمێکە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد، بارزانی هیچ جددی نییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و تەنها کارتێکە. بۆیە نەچوونە کۆبوونەوە فراوانەکە و، دوایی کە دیتیان رۆژی ریفراندۆمیش دیاری کراوە، یوسف محەممەدیان راسپارد کە بڵێت دوو هەفتە پێش ئەو رۆژە، گوایە نامەی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان ناردووە کە هەڵبژاردنی گشتی، سەرۆکایەتیی هەرێم و ریفراندۆم لەیەک رۆژدا ئەنجام بدرێت!

بەڵام ناوەڕۆکی ئەو نامەیە و لێدوانەکانی دواتری کاربەدەستانی گۆڕان دەریدەخات کە شەڕێکی بێهوودەیان بە خەڵکی خۆیان کردووە، چونکە بە ئاشکرا دان بە شکستی خۆیاندا دەنێن لەوەی نەیانتوانیوە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم (کە ئەڵبەتە زیاتر مەبەستیان گۆڕین و لادانی سەرۆکی هەرێم بوو تا یاساکەی) بگۆڕن و خۆیان گۆڕاون. ئێستا کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەئارادایە، دەڵێن بە هەمان یاسا کۆنەکە بکرێت و خەڵک راستەوخۆ دەنگ بە سەرۆکی داهاتووی هەرێم بدات. تەنانەت دەڵێن پاڵێوراویشیان دەبێ! لەڕاستیدا، ئەو قسانە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو هەنگاوانەیە کە دواتر گۆڕان بەتەمایە بیانهاوێت و هەر لە ئێستاشەوە هەندێک لە نیشانەکانی دەرکەوتوون. گۆڕان نە دەیەوێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە و نە دەشیەوێ هەڵبژاردن و ریفراندۆم بکرێت. ئەوەی ئێستا کاری لەسەر دەکەن بریتییە لە کەمکردنەوە لە گرنگیی ریفراندۆمەکە و وێناکردنی ئەوەی کە ئەمە ریفراندۆمێکی نیشتمانی نییە و هی تاکە کەسە.

گۆڕان جگە لەوەی کە بە ئاشکرا دەڵێ نەخێر! تەنانەت بەرنامەی بۆ ئەوەش هەیە کە هەر ئەسڵەن ریفراندۆمیش نەکرێت. ئەڵبەتە لەوەیاندا مەبەستیان سلێمانی و ناوچەکانی نفوزی خۆیان و یەکێتییە کە رێگە نەدەن سندوقی دەنگدانیشی لێ دابنرێت! ئەگەر ئەو نەشتەرگەرییەی کە بەتەمان لەسەر یەکێتی بیکەن سەربگرێ، ئەوا کوردستان پێش ریفراندۆم دەچێتە قۆناغێکی سەختی شەڕی ناوخۆییەوە، گۆڕان هیچی نەماوە بیدۆڕێنێت (گرەوێکی گەورەیان لەسەر سامانی ژێر زەوی هەبوو لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا کە ئەویش بە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای رۆزنەفتی رووسی کۆتایی هات) و تەنیا ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە یەکێتی قووتی نەدات و بۆ ئەوەش تا دوا هەناسەشی کار بۆ بەربەرەکانێی بارزانی و پارچەکردنی یەکێتی دەکات. بەڵام ئەمجارەیان دەستبردن بۆ دۆخی ناوخۆی یەکێتی و تێکدانی بەڵانسەکەی وەک جیابوونەوەی خۆیان لە یەکێتی نابێت و خوێناوی دەبێت.

# بە "بەڵێ" یان "نەخێر"، هەر بارزانی براوەیە

2

ئەگەرچی من لە جیاتی پارتی بام، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناردنی نامەی یوسف محەممەد بۆ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەمگوت با هەر ئێستا جەنابی تەشریف بێنێتەوە بۆ هەولێر و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکات. چونکە ئیتر نە کاک مەسعود بە تەمای خۆپاڵاوتنە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نە گۆڕانیش سوور ماوە لەسەر گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتی! کەواتە کاتێک بەرامبەرەکەت دانی بە شکستدا نا، دەبێ تۆش هەنگاوێک بێیە پێشەوە. دەمایەوە ئەوەی کە وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەڵبژاردن لێک جیاکرابایەوە.

کاک مەسعود بە دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، کۆتا ئەرکی مێژوویی لە رابەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا بەجێ هێنا و ئێستا ئەم بڕیارە چارەنووسسازە خراوەتە بەردەم گەلی کوردستان و لە داهاتووشدا ئەنجامەکەی دەردەکەوێ. ئەگەر بەڵێ بوو (کە حەتمەن بەڵێ دەبێ) ئیتر کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە راستی و ئەگەریش نەخێر بوو، ئەوا دیارە میللەت ژێردەستەیی پێ رەوایە و پێویست ناکات کەس خەباتی بۆ بکات!

کەسانێک دانیشتوون گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی نییە! یانیش هەرچی هەیانە دەیخەنە خزمەت فەشەلی ئەو پرۆسەیەوە چونکە لەسەر دەستی ئەوان نەبووە. گریمان وابوو، ئێوە لەگەڵ بن و ئەگەر میللەت بە بەڵێ دەنگی دا و بارزانی ئەوەی وەک کارتێک لە دژی بەغدا و شوێنی دیکە بەکارهێنا، ئەوا ئەوکاتە کارتەکەی لەدەست دەربێنن و بڵێن میللەتی دەستخەڕۆ کردووە. ئێوە ببنە پارێزەری دەنگی میللەت و سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنن، تا هەموو میللەت بتانکاتە تاجی سەر! بەڵام راستییە تاڵەکە ئەوەیە کە ئەوەی بەسەرمان هاتووە، بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆمان بووە نەک خەڵکی دیکە.

## 11ی سێپتەمبەرەکەی ئێران

3

ئەو کردەوە توندوتیژییانەی هەفتەی رابردوو لە تاران روویاندا، پڕن لە گومان. کەس ناتوانێ وا بە ئاسانی قەناعەت بکات کە گەورەترین یاریدەدەر و تەنانەت دروستکەری گرووپە توندڕەوە ئایینی و مەزهەبییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی بوبێتە قوربانی! رێک وەکو ئەو گومانانەی کە لە رووداوەکەی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا دەکرا، هەمان شتیش بۆ کردەوەکانی تاران راستە. کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە بیسەلمێنێ ئێرانیش قوربانیی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە. بەڵام داعشێک کە لەوپەڕی بەهێزیدا پەلاماری دار و بەردی دەدا، بۆ پەلاماری ئێرانی نەدا؟ ئێستا کە گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی و خەریکە لەناودەچێ، بۆ پەلاماری ئێران دەدات؟ بۆ تا ئێستا قەت یەک کردەوەیان لە دژی ئێران نەکردووە کە بە حیسابی خۆیان گەورەترین دوژمنی ئەوانن. بۆ تا ئێستا داعش هیچ بەیاننامەیەکی بە زمانی فارسی بڵاو نەکردبووەوە و خێرا ئەو کارەیان کرد؟

ئەو پەلامارەی بەناوی داعشەوە رێکخرا و پتر لە سیناریۆ دەچێ، چەند ئامانجێکی لەپشتە. یەکەمیان ئەوەیە کە خامنەیی کودەتایەکی نەرم یان توند لەسەر رووحانیی سەرۆک کۆمار دەکات، دیسان کورد وەکو داینەمۆی تیرۆریزم دەناسێنن و سعودیە تۆمەتبار دەکەن و خۆیان دەکەنە قوربانی.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کۆنفیدراڵیی خەیاڵی

میدیای پەکەکە و پەیەدەی سەر بە پەکەکە، بە بایەخەوە لێدوانێکی ئاڵدار خەلیلیان بڵاوکردووەتەوە کە پێشنیازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی لەنێوان رۆژئاوا و باشووری کوردستاندا دەکات. ئاڵدار ئەگەر دەسەڵاتێکی واشی نەبێ و لەم ساڵانەی دواییدا بە فەرمانی ئەو کادیرانەی قەندیل جووڵابێتەوە کە لە رۆژئاوای کوردستانن، بەڵام واجیبەی سیاسیی پەکەکەیە لەو بەشەی کوردستان و قسەکانیشی تەنیا قسەی خۆی نین. بۆیە پاش تاقیکردنەوەی تێزی سەربەخۆیی و خۆسەریی دیموکراتی و دەیان تێزی دیکەی پەکەکە، شتێکی باڵکێشە ئەو حیزبە ئەمجارە بیرۆکەی کۆنفیدراڵیی دوو پارچەی کوردستان بخاتە مەیدانەوە.

لە گۆشەیەکی پێشووتریشمدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە ئەو گەرموگوڕی و جۆش و خرۆشەی لە باشووری کوردستان بۆ گشتپرسی لەپێناوی سەربەخۆییدا دروستبووە، رەنگە لە کۆتاییدا بمانگەیەنێتە ئەوەی لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵییەکی بەزۆرەکی لەگەڵ عێراقی عەرەبی بمێنینەوە. چونکە ئەمە هەم دراوسێکان و هێزە هەرێمییەکان نیگەران ناکات، هەم باشووری کوردستان دەستکراوە دەکات تا وەکو نیمچە دەوڵەت مامەڵە بکات و هەم رێگەش دەدات دەوڵەتانی جیهان بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ هەولێر بکەن. بەڵام ئەگەر هەمان بیرۆکەی کۆنفیدراڵی لەنێوان دوو پارچەی کوردستاندا تەرح بکرێت، شتێکی واوەترە لەو سەربەخۆییەی باشووری کوردستان خەونی پێوە دەبینێت و هێندەی دیکە قورسە لە ناوچەکەدا هەزم بکرێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بە بڕوای من کۆنفیدراڵیی دوو پارچەی کوردستان خەیاڵییە و ئەوەی نێوان باشووری کوردستان و عێراقی عەرەبی بۆ هەمووان میسالییە!

راستییەکەی پێویستە پەکەکە مەستی ئەو پشتیوانییە سەربازی و تاکتیکییە نەبێت کە ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا لە رۆژئاوا لێیدەکات. ئەو سەردەمەش بەسەرچوو کە پێمانوابێ ئەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەماندا ویستی هەر ئەوە روودەدات. هەر لە نموونەی عێراقەوە بگرە تا دەگاتە سووریا و تورکیاش، هەموو شتەکان ئەوە نین کە ئەمریکا دەیەویست. واشنتن نە دەیەویست عێراق بخاتە سەر سینییەک و وەک بەرخی برژاو پێشکەشی ئێران و داعشی بکات، نە دەیەویست ئەسەد هێندە خۆی رابگرێ و بمێنێتەوە و نە دڵیشی بەو دۆستایەتی و هاوپەیمانییە خۆشە کە ئەردۆغانی یاخی لەگەڵی هەیەتی. کەواتە ناردنی چەک بۆ یەپەگە راستە نیشانەی ئەوەیە پەکەکە چیدیکە دوژمن و هەڕەشە نییە بۆ سەر ئەمریکا، بەڵام هەر بە هەمان مێنتاڵیتیی تەکتیکی لەلایەن واشنتنەوە بیری لێدەکرێتەوە کە پەکەکە خۆی بەرامبەر واشنتن بیری لێدەکاتەوە.

رێگەی راست بۆ پەکەکە ئەوەیە کە خۆی بۆ قۆناخی پاش رەققە ئامادە بکات. ئەویش بەوەی کە رێگە بدات ئیدارەیەک لە رۆژئاوای کوردستان دروست بێت، نوێنەری راستەقینەی هەموو لایەنەکانی تێدابێت، بە هوتێلنشینەکانی هەولێریشەوە. دواتر ئەو ئیدارەیە پەیوەندی بە جیهانەوە بکات و وەک قەوارەیەکی ناپەکەکە دنیا و هاوسێکانی قایل بکات کە تەنیا وەک شەڕکەر لەو قەیرانەی سووریادا بەکارنەیەن و وەک گەلێکی خاوەن دۆز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئیدارەیەکی وا دەتوانێ پشتیوانیی هەولێریش بەکاربێنێت بۆ کردنەوەی کەناڵە دیپلۆماسییەکان بەڕووی خۆیدا. رەنگە راستتر بێت ئاڵدار خەریکی تێزێکی وابێت نەک بیرۆکەی کۆنفیدراڵیی خەیاڵی.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# عێراق دابەشناکەین لێی جیادەبینەوە

هەمیشە شانازی بە هەڵسوکەوتمەوە دەکەم لەگەڵ گشتپرسی نافەرمیی سەربەخۆیی کوردستان و گشتپرسی فەرمیی دەستووری عێراق لەساڵی 2005دا، چونکە بە دڵگەرمییەوە چوومە ئەو خێوەتە هەژارانەیەی کە سندووقی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانی تێدا دانرابوو، دەنگمدا بە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، بەڵام دەنگم بۆ دەستووری عێراق نەدا. ئەو گشتپرسییەی دەستووری عێراق هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانیش، کە سەرپەرشتیاری بنکەکە پێیگوتم لەبیرتکرد دەنگەکەت بدەی بۆ دەستووری عێراق، پێمگوت لەبیرم نەکردووە، بەڵکو نامەوێ دەنگی پێبدەم، چونکە باوەڕم بە دەستوورێک نییە عێراق وەک یەک وڵات پێناسە بکات، ئەگەر ئەو دەستوورە تێیدا بنووسرابووایە : عێراق دەوڵەتێکە لە دوو وڵات پێکدێت، ئەوکات دەنگم پێدەدا. ئەوکات لە رۆژنامەی (میدیا) کارم دەکرد ، لەگەڵ هاوکارەکانم لەو رۆژنامەیەدا زۆر کارمان لەسەر ناکردەیی سیستەمی فیدراڵیی لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان، ناگونجاویی دەستووری عێراق بۆ کوردستان و پێویستیی جیابوونەوەی کوردستان دەکرد لە رێگەی گشتپرسییەوە ، بەتایبەتی بە وتارە بایەخدارەکانی مامۆستا جەمال نەبەز کە ناونیشانی یەکێک لە وتارەکانی بەوشێوەیە بوو: "ئەی گەلی رووت و برسی ، لە زۆرداران نەترسی ، بێژە بە خاوەن کورسی، رێ چۆڵکەن بۆ گشتپرسی".

ئەوکات لە دوایین رۆژەکاندا، ئەو حیزبەی خاوەنی رۆژنامەکە بوو بڕیارەکەی خۆی بە دەنگدان بە دەستووری عێراق لە رۆژنامەی (میدیا) دا بڵاوکردەوە، بەڵام وەک سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە، وتارێکم نووسی کە من دەنگ نادەمە دەستووری عێراق .

زۆر کەس لە کوردستان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر دڵگەرم نین بۆ هەڵبژاردن ، لەوەشدا حەقیانە، بەهۆی ناتەواوییەکان و کەموکورتییە نەبڕاوەکانی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن لە کوردستاندا ، بەڵام بەشداریکردن لە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستاندا تەواو ئەرکێکی نیشتمانییە و، هەنگاوێنێکی بنچینەییە بەرەو ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد و گەلی کوردستان بەگشتی، کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. بە بڕوای من ئەو حیزب و کەسایەتییانەی دەڵێن ئێمە گومانمان هەیە لەوەی ئەو گشتپرسییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبێت و دەڵێن لەبەرئەوە خۆیانی لێدووردەگرن و پشتیوانی لێناکەن، دەبێ پێش هەمووان ئەوان پشتیوانی لێبکەن و بەشداری تێدا بکەن، هەموو هێز و گوشاری خۆیان بەکاربێنن بۆئەوەی ئەنجامەکەی تەنیا سەربەخۆیی کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان بێت. هەرچەندە بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چەند جار ئەوەی راگەیاندووە کە گشتپرسی بۆ ئەوەیە گەلی کوردستان بە ویستی خۆی و بە رێگەیەکی ئاشتیانە لە عێراق جیاببێتەوە و سەربەخۆیی بەدەستبێنێت.

عێراق لەکاتی دامەزراندنییەوە تائێستا دەوڵەتی هەموو عێراقییەکان نەبووە، هەمیشە بەشێکی گەلی عێراق زاڵ و سەردەست بووە و ئەوانیدیکەش بندەست. لەسەرەتای دامەزرانییەوە و لەسەردەمی پاشایەتیدا و تاوەکو دەگاتە رووخاندنی رژێمی بەعس، دەوڵەتی سوننە بووە، شیعە و کوردیش بندەست بوونە. لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوەو تائێستاش دەوڵەتی شیعەیە و، سوننە و کورد زۆرلێکراون. عێراق تائێستا نەبووەتە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکانی و لە دوارۆژیشدا نابێتە ئەو دەوڵەتە.

لە عێراقدا کە مافی ملیۆنان کەس لە عەرەب بە خراپترین شێوە پێشێل بکرێت، تەنیا لەبەر جیاوازیی مەزهەبی، کورد و نەتەوە ناعەرەبەکانی دیکە دەبێ چ هیوایەکیان بە ژیان لە دەوڵەتێکی بەوشێوەیەدا هەبێ کە لەوەتەی هەیە بەوشێوەیە بووە؟ بۆیەش مانەوە لە عێراقدا واتە ژیان لەگەڵ کێشە و هێرشە سیاسی و سەربازییە بەردەوام و ئایندەییەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان، ئەوەش هەمیشە رێگر دەبێ لە پێشکەوتنی دیموکراسی لە نێوخۆی باشووری کوردستاندا، بۆیەش لە هیچ رووێکەوە ژیان لەگەڵ عێراقدا لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نییە.

ئێستا کە عێراق بەهۆی ناکۆکییەکانەوە بووەتە بەرهەمهێنەری رێکخراوە تیرۆریستییە مەترسیدارەکان بۆ سەر هەموو جیهان و، دوای بەرەنگاربوونەوەی کورد بۆ ئەو مەترسییە و کۆنترۆڵکردنی لەسەر زەوی . ئەو هاوسۆزییەی دروستبووە لە جیهاندا بۆ گەلی کوردستان وەک گەلێکی بەئاشتی پێکەوەژیاو لە ناوچەیەکی گڕگرتوودا بەهۆی ناکۆکییە مەزهەبییەکانەوە، ئێستا گونجاوترین کاتە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان. بەتایبەتیش کە گشتپرسی ئەمڕۆ لە سکۆتلەندای بەریتانیا، کیوبێکی کەنەدا و کەتەلۆنیای ئیسپانیا و زۆر شوێنی دیکە بەئاسایی دەبینرێن، گەلی کوردستانیش دەیەوێت بەو رێگە ئاساییەدا بڕوات. هەرێمی کوردستان لەماوەی 25 ساڵی رابردوودا زیاتری زۆر وڵاتی ناوچەکە مایەی سەقامگیری بووە بۆ ناوچەکە و جیهان ، ئەوانە دەنگی گەلی کوردستانی لە داواکردنی سەربەخۆیی زۆر زوڵاڵتر کردووە.

هیچ کاتێک هەستی کورد و خاکی کورد عێراقی نەبووە، تاوەکو ئێستا کورد عێراق دابەشبکات، عێراق هەر بە دابەشبوویی دروستکراوە، هیچ کاتێکیش نەتەوەی عێراق دروستنەبوو، چونکە ئەو دەوڵەتە بەشێوەیەکی زۆر ناتەندروستانە دروستکرا و زۆریش بە ناتەندروستانە بەڕێوەبرا و دەبرێت. گەلی کوردستان ئەمڕۆش عێراق دابەشناکات، بەڵکو وڵاتەکەی خۆی و چارەنووسی خۆی لە عێراق جیادەکاتەوە، دوای ئەوەی عێراق لەدروستبوونییەوە تائێستا سەلماندی کە دەوڵەتێکی فاشیلە.

گشتپرسی دەنگی میللەتێک پیشاندەدات. ئەمڕۆ جیهان بەهۆی پێشکەوتنی میدیایی و هۆیەکانی پەیوەندیکردن بووەتە جیهانی دەنگهەڵبڕینی زۆر ئاسانی گەلان و هەر تاکێکیش لەو جیهانەدا. لە سەردەمی شۆڕشەکانی رابردووی کوردستان، کورد تەنیا چەند نوێنەرێکی لە جیهاندا هەبوون، ئەمڕۆ لەرێگەی سۆشیالمیدیا و نیومیدیاوە، کورد تیکەڵاوی هەموو نەتەوەکانی جیهان بووە و، زۆر کورد هەن بە پەیوەندییەکانیان دەتوانن پشتیوانییەکی جیهانی بەرفراوان بۆ گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان دروستبکەن. بۆیەش ئێستا لە هەموو کات گونجاوترە کورد کار بۆ سەربەخۆیی بکات و لە ئەنجامی ئەو گشتپرسییەدا سەربەخۆیی باشووری کوردستان رابگەیێنێت.



عەبدوڵڵا رێشاوی

# هەڵبژاردن بۆ گشتپرسی

مەسەلەی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان جیاوازیی زۆری لە هەڵوێستی هێز و لایەنە سیاسییەکان و لەناو شەقامیشدا دروستکردووە، ئەمە لەکاتێکدا دەبوو ریفراندۆم بۆ سەربەخۆبوون ئەوپەڕی یەکبوون دروستبکات، یان بە ئەوپەڕی یەکبوونەوە ئەنجام بدرێت.

هەرچەندە ریفراندۆم وەک پرەنسیپ دەرئەنجامی بوونی جیاوازییەکە و هەوڵێکە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو جیاوازییە، بەڵام کێشەکە لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، لەوەدایە کە پرسیاری راپرسییەکە خیلافی لەسەر نییە، بەقەدەر ئەوەی راپرسییەکە خۆی خیلافی لەسەرە!

ئەو زەمینە سیاسی و یاسایی و دامودەزگاییانەی بڕیارە ریفراندۆمەکەی 25ی ئەیلولی لەسەر ئەنجام بدرێت، زەمینەیەک و کۆمەڵێک دامودەزگان کە بەتەواوی هیلاکن، ئەو زەمینە و میکانیزمانە خۆیان کۆدەنگییان لەسەر نییە و جێگەی خیلافن، ئیتر چۆن دەتوانن ببنە سەرچاوەی بەخشینی شەرعییەت و رەوایەتی بە شتێکی دیکە لە دەرەوەی خۆیان.

تەماشای سەرۆکایەتی هەرێم دەکەیت، تەماشای پارلەمان دەکەیت ، هەرکام لەم دوو دامەزراوەیە کە دەکرێت سەرچاوەی بەخشینی رەوایەتی بن، خۆیان رەوایەتی و کارامەییان کۆدەنگیی لەسەر نییە، لانیکەم لە لایەنی بەرامبەرەوە.

کەواتە لە حاڵەتێکی ئاوادا ریفراندۆم رەوایەتی لە چ میکانیزم و زەمینەیەکەوە وەربگرێت؟ لە حاڵەتێکی ئاوادا ریفراندۆمیش ئەگەر بکرێت، دەچێتە ریزی هەمان ئەو زەمینە و دامودەزگا ئێکسپایەربووانەی ریفراندۆمەکەی پێ ئەنجام دەدرێت.

سبەی کە ریفراندۆمیش کرا، ئەو کۆمیسیۆنەی ریفراندۆمەکە جێبەجێ دەکات، لەلایەن کامە پارلەمانەوە چاودێریی دەکرێت، ئەو دەرئەنجامەی لە گشتپرسییەکە دەکەوێتەوە لەلایەن کامە پارلەمانەوە دانی پێدادەنرێت؟

دەبێت بپرسین چ پاڵنەرێک هەیە وای کردووە ریفراندۆم بکەوێتە پێش هەڵبژاردن، بۆچی؟ ئەی بۆچی ریفراندۆمەکە نەکەوێتە پاش هەڵبژاردن و بەشێک نەبێت لە دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوو، واتە ئەو لایەنەی دەیەوێت ریفراندۆم بکات، بۆچی ریفراندۆم ناکاتە بەڵێنێکی هەڵبژاردنی خۆی و بە سەرکەوتنی خۆی و لە روانگەی هێزی قانونیی خۆیەوە هەڵبژاردن ناکات؟

هەروەها لایەنی بەرامبەریش دەتوانێت بە بردنەوەی هەڵبژاردن رێگە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بگرێت.

واتە ئەوە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتووە کە بڕیار دەدات ئایا گشتپرسی دەکرێت یان نا؟ لێرەدا هیچکەس ناتوانێت رێگە لە لایەنی براوە بگرێت گشتپرسی بکات یان نەیکات، چونکە هێزی یاسایی خۆی لەپشتە.

رەجەب تەیب ئەردۆغان لە تورکیا لەڕێی زۆرینەی پارلەمانییەوە دەستووری خستەوە بەردەم راپرسی و کەسیش نەیتوانی تانە لە رەوایەتییەکەی بدات و بەناچاری بەشدارییان کرد.

کەواتە دەتوانین هەڵبژاردنێکی گشتی بە چارەسەرێک دابنێین بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو خیلافە گەورەیەی لەبارەی ریفراندۆمەکەی 25ی ئەیلولەوە هەیە کە هێشتا بەشێکی زۆر لە لایەنەکان و شەقام دانیان پێدا نەناوە و هێزە یاساییەکەی بەتەواوی لاواز و شەکەتە. لەوانەیە ئەگەر ئەنجامیش بدرێت، لە هەندێک شوێن ببێتە گاڵتەجاڕ.

ئەم کارەش زۆر ئاسانە، یان وادەکان دوابخرێن، یاخود ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت. واتە لەبری ئەوەی لە مانگی ئەیلول ریفراندۆم بکەین، با لە مانگی ئەیلول هەڵبژاردن بکەین و پاشان لە دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەوە دەردەکەوێت ئایا ریفراندۆم دەکەین یان نا و کێ بڕیار دەدات.

من نازانم ئەو هێزانەی لە پیرمام کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم بابەتە، پشتیان بە چ دیوارێکی یاسایی قایم بەست بۆ دانانی رۆژی 25ی ئەیلول بە رۆژی ریفراندۆم؟

یاخود بۆچی بیریان لەوە نەکردەوە هەڵبژاردنی گشتی بخەنە پێش ریفراندۆم و بڕیاری ریفراندۆم بەپارلەمان یان بە سەرۆکایەتی هەرێمی پاش ئەو هەڵبژاردنە بسپێرن، ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی خاڵیبوونەوەیە لە تێگەیشتنی سیاسی.

ئێستاش نەچووە بچێت، دەکرێت هێزەکان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی رێکبکەون.

ئەمەش خۆبەخۆ بەشێوەیەکی ئاسایی رێ خۆشدەکات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم یان ئەنجامنەدانی، چونکە ئێستا چ ئەوانەی ریفراندۆم دەسەپێنن و چ ئەوانەی رەتیدەکەنەوە، هیچ کامیان ئەو مافەیان نییە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# "بابولحارە ژینگەی شامی وێران کرد"

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net




## ABC ڕەمەزانی ئێوە خۆشدەکات

لەمانگی ڕەمەزاندا بە ئارەزووی خۆت و چەندت پێخۆشە دابنیشە و 660 جۆری خواردنەوەو خواردن لە 11 چێشتخانەی جیاوازدا بخۆ .
هەموو خواردنە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان و ، خواردنی چینی لە ABC بۆ ئێوە ئامادەکراون .
لە ڕەمەزاندا خواردنی تازە و زیاترمان بۆ ئامادەکردوون.
منداڵان لە ABC دڵخۆشدەبن بە خواردن و فراوانترین شوێنی یاری و سەوزایی ABC.
گەنجان لە ABC ئاسوودەن بە خواردنە خۆشەکان و دانیشتنەکانیان لە ABC.
ئارەزووی هەموو خێزانەکان تەنیا لە ABC یە .
بۆ ڕەمەزانێکی پڕ لە خواردنی خۆشتر و بەتامتر و دانیشتن لە فراوانترین و خۆشترین شوێن ، تەنیا ABC هەڵبژێرن .

Good food abc Good feelings

ڕێستورانتی ABC لە هەولێر / ڕێگەی نوێ بەحرکە تەنیشت گوندی لوبنانی

www.abcrestaurants.com/erbil




